دەزگای ئایدیا بۆ فکرو
لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

ئەرسەلان حەسەن    بابان ئەنوەر

# سەرمایەداری خەریکە خۆی وێران دەکات

پاتریك ئارتۆ
ماری پۆڵ ڤیرار

وەرگێڕانی:
ئەیوب حەسەن

2018

# سەرمایەداری خەریکە خۆی وێران دەکات


**بابەت: فکری - ئابوری**

**ناوی نووسەر : پاتریک ئارتۆ - ماری پۆڵ ڤیرار**

**وەرگێڕانی: ئەیوب حەسەن**

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد**

**پێداچوونەوەی زمانەوانی: کارا فاتیح**

**هەڵەچن: نیاز کەمال- کەیوان عومەر- ئاسان عەبدوڵڵا**

**تیراژ:** 500 **دانە**

**ساڵی چاپ:** 2018

**چاپ: چاپخانەی حەمدی**

**نرخ:** 4000 **دینار**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1522 )ی ساڵی2018ی پێدراوە

## سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

**(باتريك ارتو- ماري بول فيرار: الرأسمالية في طريقها لتدمير نفسها،**
**ترجمة: سعد طويل، المركز القومي للترجمة، الطبعة الاولى 2008.)**

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 295 )



**www.ideafoundation.co**
**2018idea@gmail.com**
**www.facebook.com/dezgai.idea**
**07705996990 - 0533220180**
**سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران**



مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە
بۆ دەزگای ئایدیا

# سەرمایەداری خەریکە
# خۆی وێران دەکات

**پاتریک ئارتۆ**

**ماری پۆڵ ڤیرار**

**وەرگێڕانی:**

**ئەیوب حەسەن**

**2018**

## پێشکەشە

* بە خانەوادەکەم: دایک و باوک و خوشک و براکانم.
* بە هاوڕێ خۆشەویستەکانم

---

## سوپاس:

سوپاس و پێزانین ئاڕاستەی ئەو هاوڕێ و دۆستە ئازیزانە دەکەم، کە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا هاوکارم بوون و بۆ تەواوکردنی پاڵپشتییان لێ کردم، بە تایبەتی هەر دوو هاوڕێی خۆشەویستم، مامۆستا جەمیل عەلی و هەڵگورد سەمەد.

# پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ.......................................7

پێشەکی.......................................13

بەشی یەکەم:

جیهانگیری؛ کارگەیەک بۆ دروستکردنی قازانج........23

بەشی دوەم:

لە ناو داوی گەشەی لاوازدا.......................................65

بەشی سێیەم:

بەرزکردنەوەی توانای کڕین، ناچارییە بەڵام بەش ناکات.....105

بەشی چوارەم:

ئەو مەترسییە شاراوانەی کە بە دوای قازانجەوەن....145

بەشی پێنجەم:

ڕاکردنێکی توند بە دوای دەستکەوتدا.......................179

بەشی شەشەم:

یاسا دانراوەکانی کارگێڕیی بازاڕە داراییەکان........237

کۆتایی.......................................271

## پێشەکیی وەرگێڕ:

ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە نایابانەی کە زۆر بەوردی پێشبینیی قەیرانی دارایی ساڵی 2008ی کرد، پاشانیش سیستەمەکەی لە مەترسیی قەیرانێکی توندی دارایی ئاگادار کردوە و ئەو ماسکانەی لابرد، کە سەرمایەداری لە پشتییەوە خۆی حەشار دابوو، دواتریش دەست بۆ گرفتە ڕیشەییەکانی دەبات و بە زمانێکی ڕەخنەیی شرۆڤەی تەواوی ئەو جومگانە دەکات، کە لەو سەردەمەدا وەک خاڵی دەستپێکی قەیران تەماشایان کردوە.

نووسەرەکان وەهای دەبینەوە، ئێستا سەرمایەداری خاوەنی هیچ پڕۆژەیەک نییە، لە کاتێکدا وەبەرهێنان ناکەن لە پڕۆژەیەکی گرینگدا کە دوورمەودا بێت، بەڵکوو خەریکی خەرجکردنی پارەکانیان لە پڕۆژە مەوداکورتەکاندا، چونکە ماوەی گەڕانەوەی پارەکە کاتێکی کەمی دەوێت. لە کاتێکدا ئەمانە ڕوو دەدەن کە ڕێژەی بێکاری بەرزە،

دەیان قەیرانی تریش ڕۆژ بە دوای ڕۆژ بۆ سیستەمەکە زیاد دەبن. لە بەرانبەر ئەم قەیرانە مەترسیدارانەدا هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی نادەن، بەڵکوو تەنها چارەسەرێکی کاتیی سیستەمەکە دەکەن. هەر دوو نووسەرەکە پێیان وایە، سەرمایەداری کار بۆ داهاتوو ناکات.

ئەمە خوێندنەوەیەکی ئابوورییە بۆ قەیرانەکانی سیستەمێک کە تەنها لە پێناو قازانجدا کار دەکات، دەکرێت لە دەیان ڕەهەندی ترەوە ئەم مەترسییانە شرۆڤە بکرێن، بەڵام لەم کتێبەدا زیاتر ڕەهەندە ئابوورییەکانی بەوردی شیکار دەکرێن، دوای سێ ساڵ لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، قەیرانێکی دارایی تووشی ئەو سیستەمە هات کە (پاتریک ئارتۆ و ماری پۆڵ ڤیرار) هەوڵیان دا جیهانی لێ ئاگادار بکەنەوە. تا ئێستایش شوێنەواری ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو قەیرانە هەر ماوە، هەندێک لە شارەزایانی بواری ئابووری ئاگادارمان دەکەنەوە لە قەیرانی تری ئابووری و دارایی! ئەم قەیرانانەیش

بەردەوام دووبارە دەبنەوە و پاش ماوەیەک سەرمایەداری وەک سیستەمێکی جیهانی خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجێنێتەوە، بەڵام بیرمەندانی سیستەمەکە هێشتا چارەسەرێکی یەکجارییان پێ نییە، هەر لەبەر ئەوەیە کە بەشێک لە ئابووریناسان پەیتاپەیتا لە هەرەسی سیستەمی سەرمایەداری بە ئاگامان دەهێننەوە.

زۆر جار وتار و نووسین و کتێبی هاوشێوە دەبینین کە باس لە کۆتاییی سەرمایەداری و دارمانی ئەم سیستەمەدا دەکەن، ئەویش بە هۆی ئەو کردارە مەترسیدارانەی کە لە ناو بۆرسە جیهانییەکان، مامەڵە ئابوورییەکان، گرێبەست و بۆندە شاراوەکاندا هەن. لەم مامەڵانەدا کرێکار دەبێتە زیانمەندی یەکەم، چونکە زۆرینەی جار بە هۆی کێبڕکێوە کرێکاران تووشی پەستانی زۆر دەبنەوە، وەک زیادکردنی ماوەی کارکردن و کەمکردنەوەی کرێ، یان درێژکردنەوەی تەمەنی کارکردن.

جگە لەوەیش لە سەر ئاستی جیهان، ئەم سیستەمە ئێستا حکومڕانی دەکات و ناتوانێت چارەسەری گرفتەکان بکات، بگرە لە ڕۆحیدا ئەوە دەبینرێت کە ئەم سیستەمە جیهانییە پێویستی بە گرفت و کارەسات هەیە بۆ ئەوەی کە زیاتر بژی. لە کارەساتەکانەوە کەمێک زیاتر قازانج بە دەست بهێنێت، پرۆژە مەترسیدارەکانی زیاتر بڵاو بکاتەوە، دەرئەنجام بە هۆی پرۆژەکانیەوە لە بواری پیشەسازی، تەندروستی و سروشت و ژینگە و هەموویان پێکەوە کەوتوونەتە ناو قەیرانەوە، داهاتووی مرۆڤایەتییش پڕە لە قەیران، ڕزگاربوون لە قەیرانێک چوونە ناو قەیرانێکی ترە، هەر بۆیە هەر دوو نووسەری ئەم کتێبە (لیبرالیزمن)، خوازیاری ئەوەن سەرمایەداری پێداچوونەوەیەک بە خۆیدا بکات، خۆی لەو بارودۆخە ناجێگیر و ناتەندروستە ڕزگار بکات. ستایلی ڕەخنەکانیان لە سەر ئاستی گشتی پشتئەستورە بە کۆمەڵێک بەڵگە کە لە هەناوی پرۆسە ئابوورییەکانی سەرمایەدارییەوە

دەریان هێناوە. بە شێوەیەکی زۆر ئەکادیمی و، زانستی شرۆڤەی دونیایی ئەو سیستەمە دەکەن.

کتێبەکە بە زمانی فەڕەنسی لە لایەن هەر دوو نووسەری فەڕەنسی (پاتریک ئارتۆ و ماری پۆڵ ڤیرار) لە ساڵی 2005دا لە دەزگای چاپی (La Decouerte) بڵاو کرایەوە. ناونیشانی کتێبەکە بە زمانی فەڕەنسی (Le capitalisme est en train de s'autoetreuire) لە لایەن وەرگێڕی زمانی عەرەبی (سەعید تەویل) لە ساڵی 2008دا کرا بە زمانی عەرەبی: (الرأسمالية فی طريقها لتدمير نفسها)، ناونیشانی کتێبەکە بە زمانی فەڕەنسی و عەرەبی هەر یەک شتە، بەڵام ناونیشانی کتێبەکەم بۆ ئەم ناونیشانە (سەرمایەداری خەریکە خۆی وێران دەکات) گۆڕی.

دەمەوێت بڵێم وەرگێڕانی کتێبێکی بەم چەشنە کە بە زمانێکی ئەبستراکتی ئابووری نووسراوە کارێکی سانا نییە، چونکە هێشتا زمانی کوردی ئاشنایی ئەو چەمک و زاراوە

زانستییە ئابوورییانە نییە، کە بتوانێت بەسانایی لەگەڵ زمانی کوریدا بیانگونجێنێت، بۆیە وەرگێڕانی کتێبێکی لەم شێوەیە پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە، هەمدیس نووسینی ئابووری بۆ خۆی پڕە لە زاراوە و چەمکی زانستی، ڕەنگە کارێکی تا ڕادەیەک دژوار بێت کە خوێنەر لێی تێ بگات، بۆیە تا ڕادەیەک پەراوێزەکان دەتوانن هاوکار بن لە ئاسانکردنی تێگەییشتن لە دەقەکان.

# پێشەکی

ئایا کاپیتاڵیزم لەسەر ڕێگای خۆویرانکردنە؟ لەوانەیە وا دەربکەوێت ئەم پرسیارە سەرسوڕهێنەر بێت، بگرە پرسیارێکی وروژێنەریشە، لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری کۆمپانیاکانی جیهان -لە پێش هەموویانەوە کۆمپانیا فەڕەنسییەکان- خەریکی ئاشکراکردنی ئەو قازانجە زەبەلاحانەن کە بە دەستی دەهێنن و قازانجێکی پێوانەیی بە سەر خاوەن پشکەکانیاندا دابەش دەکەن، لە کاتێکدا توانایی کڕینی کرێکاران لە کەشوهەوایەکی پڕ لە نیگەرانی و نادڵنیاییدا بەرەو نزمبوونەوە دەچێت، پڕۆسەی گواستنەوەی کارگەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕوو لە زیادبوون دەکەن، بێکاری لە ئاستێکی بەرزدایە، پەراوێزخستن بە هەموو جۆرەکانیەوە بەرەو زۆربوون دەچێت. لە کاتێکدا قازانج بە شێوەیەکی بەهێز و هاوکات ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی ئابووری، ڕوو لە زیادبوون دەکەن، کەواتە

گومانی تێدا نییە وتووێژ دەربارەی شەرعیەتی ئەم «دابەشکردنە» لە سامان زیادی کردوە. لەگەڵ ئەوەیشدا لەم ساتەدا سەرمایەداری خەریکی ڕابواردن و خۆشگوزەرانیی خۆیەتی، بە جۆرێک کە پێشتر نموونەیەکی لەم شێوەیەی بە دەسەڵاتێکی بێ سنورەوە نەبوە، ئا لەم کاتەدا پێمان وایە، سەرمایەداری ڕووبەڕووی مەترسییەک دەبێتەوە کە پێشتر ڕووی نەدا بێت، بێگومان ئێمەیش لەگەڵیدا ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبینەوە.

ئێمە ئەمڕۆ خۆمان لە بەردەم سەرمایەدارییەکی بێ پڕۆژەدا دەبینینەوە، سەرمایەدارییەک کە ملیارەکانی خۆی لە شتی بەسووددا خەرج ناکات، وەبەرهێنان ناکات، هیچ ئامادەکارییەکی پێویستی بۆ داهاتوو نییە. پارە وەک جۆگەلە و ڕووبار بە ئابووریی نێودەوڵەتییدا دێت و دەڕوات، بەڵام بە دەگمەن بە ئاڕاستەیەکی تەندروستدا بە کار دەهێنرێت، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپای کیشوەریدا [ئەو وڵاتانەی هیچ سنوورێکی ئاوییان نییە،

یاخود سنووریکی کەمیان هەیە]، بە جۆرێک کە هاوکار بێت بۆ گونجاندنی ئابووری، لە ڕێگای وەبەرهێنان لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا و دروستکردنی کارگە و ژێرخانی ئابووری، توێژینەوە و پێشخستن، بەڵکوو لە بریی ئەوەی کە بۆ ئەو مەبەستە بە کار بهێنرێت، کراوە بە هۆکارێک بۆ زیاتر چڵێسبوونی وەبەرهێنەران، ئەوانیش لە پێشبڕکێیەکی تونددان بۆ بەدەستهێنانی قازانجی دارایی لە مەودایەکی کورتدا.

ئەوە شیزۆفرینیایەکە کە بڵاو بوەتەوە و هەرگیز نەبووتە هۆکاری قسەکردنی زیاتر دەربارەی گەشەسەندنی بەردەوام، لە کاتێکدا کە بووینەتە دیلی دیدگایەکی کورتمەودا و (خولقاندنی سامان)ی دارایی و هاوکات جیهانگیری، ئەم لادان و خراپڕەوتییە ئاسان دەکات، بە جۆرێک دەیکاتە پاساوێک بۆ چاوبرسێتیی وەبەرهێنەران، بەڵام ئەم لادانانە -لە واقیعدا- مسۆگەریی گەشەی سەرمایە و قازانجی سەرمایە لە مەودای درێژدا

ڕووبەڕووی مەترسی دەکەنەوە، بەمەیش ئابووریی جیهان بەرەو قەیران پاڵ دەنێت.

لێرەدا هەوڵ دەدەین، شرۆڤەی بنەماکانی ئەو میکانیزمانە بکەین و لەوەیش تێ بگەین کە بۆچی بازاڕە داراییەکان بینایی خۆیان بەرانبەر بە قازانجداریی ماوەکورت لە دەست داوە، هەروەها ئەوەیش دەربخەین، بۆچی وەبەرهێنەران لە پڕۆژە ماوەدرێژەکان هەڵدێن، لەگەڵ ئەوەدا ئەو پڕۆژانەی مەترسی و ئەگەری ڕوودانی کارەسات و (قەیرانی)ی نوێیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتوە، لە هەموویشی گرینگتر قوربانیدانە —و پاڵنانی کۆمپانیاکان بە قوربانیدان— بە داهاتوو.

ژینگەی دارایی لە ئابووریی نێودەوڵەتیدا، بوەتە ژینگەیەک کە تێڕوانینێکی ماوەکورتی بۆ وەبەرهێنانی دارایی هەیە، دواتریش داوای قازانجێکی بەرزی سەرمایەی دەکات. جیهانگیریی ڕۆڵی (ئاسانکاری) بۆ ئەم لادانانە دەبینێت. جیهانگیری ڕێگەی داوە بە گواستنەوەی کارگەکان بۆ ئەو وڵاتانەی کە زۆر پێشکەوتوو نین،

لەگەڵ نزمکردنەوەی توانای سەوداگەریی کرێکاران لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، ئەوەیش بە چنگخستنی بەرزترین ئاستی قازانجی سەرمایەیە، بەڵام وەهمە باوەڕ بەوە بکرێت کە ئەم کارە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەردەوام دەبێت.

لە واقیعدا، ئەم پێشکەوتنە دەبێتە هۆی داڕووخانی خودی سەرمایەداری، لە کاتێکدا فەلسەفەی پاشەکەوت -تەنانەت جەوهەری فەلسەفەکەیش- بریتییە لە ئامادەکاری بۆ پێداویستییە دوورمەوداکان، واتە گەرەنتیی پارەدارکردنی مووچە، دابینکردنی توانای بەکاربردن لە کاتی خانەنشینبووندا. لەگەڵ ئەوەیشدا سەرمایەداری بەوە ناسراوە، سیستەمێکە زیاتر لێهاتوە لە دابەشکردنی دەرامەتە دەگمەنەکاندا، لە گرینگترینیان پاشەکەوت، بەڵام پەتای ڕاکردن بە دوای قازانجی ماوەکورتدا، تەواوی سیستەمەکە گەندەڵ دەکات (بەو شێوەیەیش بیانوو دەدات بە دەست دوژمنانی سیستەمەکەوە). کۆمپانیاکان

هیچ هاندەرێکیان نییە بۆ بیرکردنەوە لەو پرۆژانەی کە بە هۆیەوە گەشەکردن و قازانجداری لە ماوەدرێژدا بە دەست دەهێنن، وەبەرهێنەرەکان چاویان خستوەتە سەر بڕیاری کورتمەودا، لە ڕاستیدا هیچ پسپۆڕییەکیان نییە لە بڕیاردانی وەبەرهێنان لە ماوەدرێژدا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە. ئەم لۆژیکە بۆ قازانجداریی ماوەکورت کۆتاییبیەکی نزیکی بۆ سیستەمەکە هەڵگرتوە؛ لەبەر ئەوەی کە قوربانیدانە بە داهاتوو. ئێمە قەرزاربارى سیستەمی سەرمایەداری نین، چونکە زەنگی ئاگاداریمان بۆ هەڵکردوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا، هەستێکی قووڵی دوودڵی باڵی کێشاوە بە سەر ڕای گشتیدا، هەروەها بەرپرسەکان و بگرە هاوڵاتییانیش هەست بەوە دەکەن، دەبێت کارێک ئەنجام بدرێت، کەواتە پێویستە چی بکرێت تا قازانجی کۆمپانیاکان بخرێنە خزمەت خۆشگوزەرانیی گشتی و گەشەکردن و فەراهەمکردنی هەلی کار برەخسێنن؟ لە ژێر پەستانی ئارگۆمێنتێکی

تووڕەدا، کاتێک کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نزیک دەبێتەوە، حکوومەتی فەڕەنسا هەوڵ دەدات چارەسەری نەخۆشییەکە بکات، بە تایبەتی لە ڕێگەی هاندانی دابەشکردنی باشتری سامانە بەرهەمهێنراوەکان و زۆرکردنی توانای کڕینەوە. لە فەڕەنسا –و ویلایەتە یەکگرتوەکان و هەندێک وڵاتی تری جیهاندا– هەندێک ڕێوشوێن دەگرنە بەر بۆ باشترکردنی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی دارایی و بوونی شەفافیەت و خۆلادان لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتە داراییيانەی کە لە کاتی تەقینەوەی باڵۆنەکانی ئەنتەرنێتدا([1]) (یان قەیرانی ئانرۆن، یان وۆرلدکۆم) ڕوویان دا ئەوە زانراوە، کە تەواوی ئەم ڕێوشوێنانە بەسوودن، بەڵام مەوداکانیان دیاری کراون، ئێمە بەم شێوەیە

---

1- قەیرانی باڵۆنەکانی ئەنتەرنێت هەروەها بە (باڵۆنی دۆت–کۆم) و (باڵۆنی تەکنۆلۆژیا)یش ناسراوە، ئەمە قەیرانێک بوو کە لە ساڵی 2001 تووشی بۆرسە جیهانییەکان هات. نرخی پشکی کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری دارما کە بەرهەمەکەی گەییشتبوە 12 هێندەی پێداویستییەکانی بازاڕی ئەمریکی لە ئامێری ئەلیکترۆنیدا.

دەیخەینە ڕوو –کە چارەسەری هۆکاری سەرەکیی نەخۆشییەکە ناکات، شتێک نییە جگە لە بەیەکگەییشتنی ڕوئیای مەوداکورت و، زیادبوونی چلێسیی وەبەرهێنەرە پیشەگەرەکان.

ئەمە هۆکارێک بوو بۆ زەرووریەتی خێراکردن و چاکسازییەکی قووڵ لە سیستەمی بەڕێوەبردنی پاشەکەوت و دانانی یاسای نوێ لە بواری کارگێڕیدا. پێویستە، ئەو یاسایانە بە سەر خاوەنکارەکاندا بسەپێنرێت و ملکەچی ئاستێکی قازانج بن، کە بگونجێت لەگەڵ عەقڵانیەتی ئابووریدا و هەندێک ئامانج بۆ قازانجداری دابنێن، جیاواز بێت لەگەڵ جیاوازیی مەودای وەبەرهێنانندا. هەروەها پێویستە ئەم یاسایانە ڕێگە بدەن بە کۆمپانیاکان کە بگەڕێنەوە بۆ وەبەرهێنانی (ئاسایی) و پرۆژەی گەشەسەندنی ماوەدرێژ. ئەو گریمانەیە دەکرێت –کە لە ناو هەندێک داواکاریی تردا– گۆڕانکارییەکی جەوهەریی لە ئاڕاستەی یاسا نوێیەکانەدا تێدا بکرێت. ئەمە گریمانەی هۆشیاربوونەوەی پاشەکەوتکاران, وەبەرهێنەران,

بەڕێوەبەر و کۆمپانیاکان، سەرپەرشتیارانی بازاڕی داراییە- ئەو مەترسییانەیشی کە پەیوەستن بە خراپڕەوتییەکانی ئێستاوە، پێویستە لە سەر سیستەمی سەرمایەداری، ئەو بەرپرسیارێتییانەیش لە ئەستۆ بگرێت.

تاکە ڕێگا بۆ گەرەنتیکردنی بەردەوامبوونی ئابووریی نێودەوڵەتی، لە سەرەتای ئەم سەدە نوێیەدا بریتییە لە بەشداریکردنی خاوەن پاشەکەوتەکان لە چاودێریکردنی بڕیارە دوورمەوداکانی قەرزداران و کۆمپانیاکان، هەروەها ئەو بەرپرسە داراییانەی کە پشتیوانیی ئەو ئیدارەی پاشەکەوتانە دەکەن کە ئامانجێکی دوورمەودایان هەیە. ئەگەر ئەمە بە دەست نەهات، ئابووریی نێودەوڵەتی یان ڕووبەڕووی قەیرانێکی داراییی نوێ دەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو مەترسییە شاراوانە بە دەست دێن، کە ڕێگە بە قازانجدارییەکی بەرز دەدەن، یان کەمکردنەوەی یەک لە دوای یەکی قازانجی کۆمپانیاکان و گەشەکردنیان لەو کاتەدا، کە وەبەرهێنان لە بەرزکردنەوەی

بەرهەمداری لە داهاتووی دووردا دەوەستێت. گەر سەرمایەداری ڕووبەڕووی مەترسی بووبێتەوە، ئەمە دەرئەنجامەکەی بوو –ئەم کارە بەردەوام دووبارە دەبوەوە– لە خودی خۆی زیاتر زیادەڕەوی کردوە.

# بەشی یەکەم

# جیهانگیری؛ کارگەیەك بۆ دروستکردنی قازانج

فیبرۆنیک بیکار هەرگیز پێشبینیی ئەوەی نەکردبوو کە شەرەفی دەرکەوتنی لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئەمریکیی وەک «ئینتەرناشیۆناڵ هیرالد تریبیون» بە دەست بهێنێت، ڕۆژنامەکە لە 11ی ئەپریڵی ساڵی 2005دا دەرچوو. فەرمانبەری گەنجینەی کۆمپانیای کارفۆر (فیبرۆنیک بیکار) پێشنیاری ڕۆژنامەنووسەکەی بۆ باسکردنی بارودۆخی ژیانی خۆی و کارەکەی قەبووڵ کرد، هەروەها ڕێگەی دا بە ڕۆژنامەنووسەکە کە لە بەردەم فرۆشگاکانی کۆمپانیاکەدا لە (شاتۆی تێری) وێنەی بگرێت، کە بۆ ماوەی نزیکەی دوانزە ساڵ بە بەردەوامی کاری تێدا دەکات، ئەو کچە فەرمانبەرە، کە بزەیەکی شەرمنانەی لە سەر ڕوو بوو، ڕێگەی دا کە بارودۆخی خۆی بۆ خەڵکی باس بکات، ئەمە گوزارشتێکە بۆ هەستی ملیۆنان کرێکاری فەڕەنسی کە کار دەکەن: هەستی نائومێدی و بێبەشبوون لە دادوەری بۆ بەرەنگاربوونەوەی دارمانی بەردەوامی توانایی کڕین.

**فەرمانبەری گەنجینە و**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی/بەڕێوەبەری گشتی**

**یان ئەو سەرمایەدارییەی کە لە سەر سەری خۆی دەڕوات**

ئایا ئەمە دڵۆپێک ئاوە لە دەریادا؟ کارفۆر سەرەمووچەیەکی کەم کە بە ڕێژەی 1.79% دەدا بەو کرێکارانەی کە لای مابوونەوە لە ساڵی 2004دا، ئەو سەرەمووچەیەیش کەمتر بوو لە ڕێژەی هەڵئاوسانی ساڵانە. فیبرۆنیک بیکار بە ڕۆژنامەنووسەکەی گوت: «بە هەزار حاڵ مووچەی مانگانەکەی دەگاتە نزیکەی 800 یۆرۆ، ئەویش بەشی کڕینی پێداویستییەکانی ناکات، ئەگەر بێت و لەو کۆگایەیش بیکڕێت کە خۆی کاری تێدا دەکات»، هەروەها گوتی: «(ئێمە کار دەکەین، بەڵام ئەوە خاوەن پشکەکانن کە قازانجەکەی دەچننەوە)». لە ساڵی 2005دا، ئەم گوزارشتە بەردەوام وەک زەنگێکی ئاگادارکردنەوە لە پانتایی ململانێی کۆمەڵایەتیدا دووبارە دەبێتەوە.

ئەوەی کە لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتیی خاوەن پشکەکانی کارفۆردا لە 20ی ئەپریلی

ساڵی 2005دا ڕاگەیەنرا، دڵنیابوونەوە بوو لە هەستەکانی فیرۆنیک بیکار، لە هەمان کۆبوونەوەدا بڕیار درا بە دابەشکردنی بڕی قازانجی 0.94 یۆرۆ بە سەر هەر پشکێکدا، قازانج بەرزبوونەوەی بە ڕێژەی 27% بە خۆیەوە دیبوو لە چاو ساڵی ڕابردوودا، هەروەها فیبرۆنیک بیکار گوتی: «کارفۆر دەرئەنجامێکی باشی بە دەست نەهێناوە، بەڵام ئەمە نەبوو بە ڕێگری لە پێدانی (سەرەمووچەیەک) کە بڕەکەی 27%بوو». سەرەڕای هەواڵێک کە وەک بۆمبێکی بچوک دانرابوو –نەک بە تەنها لە کارفۆردا– بۆ مەرجەکانی خانەنشینکردنی (دانییل برنار)ی سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی/بەڕێوەبەری پێشوو. چەند هەفتەیەک پێش ئەوە بە هۆی ڕازینەبوونیان بەو ئەنجام و دەستکەوتانەی دانییل بەدەستی هێنابوو، تەنها سوپاسێکیان ئاڕاستە کرد. لە دەستەی گشتیدا ئەوە ڕاگەیەنرا –گەر برنار بەڵێن بدات کە لەگەڵ ڕکابەرەکانی کۆمپانیادا کار نەکات– ئەوا پاداشتی کۆتایی خزمەتەکەی یەکسانە بە

بەهای مووچەی سێ ساڵی، ئەو بڕە پارەیەی لە ماوەی چوار ساڵدا پێی دەدرێت (کۆی گشتیی پاداشتەکەی 9.39 ملیۆن یۆرۆ بوو، لە ساڵی 2005دا بڕی 4.9 ملیۆن یۆرۆی پێ دەدرێت)، سەرەڕای خانەنشینکردنی بە بڕی 40%ی دوا مووچەی، کارفۆر بۆ ئەم مەبەستە بڕی 29 ملیۆن یۆرۆی لە هەژماری خۆیدا بۆ تەرخان کرد.

زۆرینە بە بێ هیچ بیانوویەک وەک ڕێزێک تەماشای ئەمە دەکەن -نەک بە تەنها لە ناو کرێکارانی فرۆشگاکانی کارفۆردا، کە ژمارەیان 420 هەزار کەسە لە سەر ئاستی جیهان- بەڵکوو تووشی شۆکیشیان دەکات، شۆکێک کە (لۆک فاندفیلت)ی سەرۆکی نوێی کارفۆری ناچار کرد بە خێرایی لێدوانێک لە سەر ئەوە بدات، کە ئەو هەرگیز ئارەزووی ئەم جۆرە کارانەی نییە، هەروەها گوتی: (بە تەنها خۆی بۆ کارکردن تەرخان کردوە، ئارەزووی خۆی نیشان دا بۆ وەستاندنی کۆمەڵێک شێوازی مامەڵەی خانەنشینکردنی لە کاتی

خانەنشینبوونیدا وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی لە داهاتوودا). پاشان بە تەواوی مووچەکەی خۆی ئاشکرا کرد: کە بریتی بوو لە 600 هەزار یۆرۆی ساڵانە لەگەڵ زیادەیەک بە بڕی 150 یۆرۆ هەزار بەرانبەر بە ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەکاندا، بەڵام بە بێ تایبەتکردنی پشکی خوایشت و پاداشتی ساڵانەی تایبەت و بێ هیچ بەرانبەرێک لە کاتی وازهێنان لە کارەکەیدا و، بێ هیچ مووچەیەکی زیادە. وا دیار بوو گوشاری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر بەهێز بووبێت، کە «لوک فاندفیلت»ی ناچار کرد بڕیارێکی لەو شێوەیە بدات، هەروەها ڕەنگە لوک فاندفیلت بە وردی شارەزای ئەو بابەتانە نەبووبێت، کە پەیوەست بوون بە کرێوە.

سالی 2005، ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە نێوان کارمەندانی گەنجینە و سەرۆکی کارگێڕیدا ڕووی دا، ڕووبەڕووبوونەوەکە گرینگییەکی زۆری هەبوو، ئەمە گوزارشتێک بوو لەوەی کە سەرمایەداری لە سەر سەری

خۆی دەڕوات [سەرمایەداری لە بارودۆخێکی زۆر خراپ و دژواردایە. وەرگێڕی کوردی]. ڕاگەیاندنی ئەو چەند فیشەکە ئاگرینانەی ئەو قازانجە پێوانەییانەی کە کۆمپانیا گەورەکانی ناو ئاماژەی (CAC40) بە دەستیان هێنا [(CAC40) بریتییە لەو ئاماژەیەی کە گوزارشت لە نێوەندی پشکی چل گەورەترین کۆمپانیای فەڕەنسی دەکات کە پەیوەستن بە بۆرسەی فەڕەنسییەوە. وەرگێڕی کوردی]، لەگەڵ مووچەی زەبەلاحی بەڕێوەبەرەکانی ئەم کۆمپانیانەدا، بوون بە هۆکاری دروستبوونی نارەزایی. لە فەڕەنسادا، تێکڕای داهاتی خێزانەکان بە بڕی 1.7% بەرز بوەوە، ئەم بڕە یەکسان بوو بەوەی کە فیبرۆنیک بیکار و هاوڕێ کرێکارەکانی لە کارفۆر بە دەستیان دەهێنا. بەڵام بازاڕی دەستی کار بەرەو دارمانێکی بەردەوام دەچوو، ساڵی 2005 تێکڕای بێکاری بەربەستی 10%ی تێپەڕاند، بەڵام لە مانگی یۆنیۆی ساڵی 2005دا دابەزی بۆ 9.9%، ئەم ئاستە لە بێکاری لە پێنج ساڵی پێشوودا ڕووی

نەدابوو، کۆی توێژینەوەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد، ئەو کارانەی پێویستیان بە لێهاتووییەکی کەم هەیە، یاخود ئەو کارانەی ناجێگیرن، بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاو دەبنەوە.

بەراوردکردنی قازانجی کۆمپانیاکان لەگەڵ یەکتردا جێگای سەرسوڕمانە. ساڵی 2004، کۆمپانیاکانی ناو ئاماژەی (CAC40)، ئەو قازانجە پوختەی بە دەستیان هێنابوو، کەمێک زیاتر بوو لە 60 ملیار یۆرۆ، بە زیادەیەک کە ڕێژەکەی 55% بوو لە چاو ساڵی ڕابردوودا. کۆمپانیای «تیۆتاڵ» بۆ پەترۆڵ (تێکڕای) ئەو قازانجەی بە دەستی هێنابوو، بڕەکەی 9.4 ملیار یۆرۆ بوو (+23%) کە بەرزترین ئاستی قازانجی بوو لە مێژووی خۆیدا، دواتر کۆمپانیای «سانۆ» بۆ دەرمان قازانجەکەی 5.25 ملیار یۆرۆ بوو، پاشان «بانکی BNP باریبا» قازانجەکەی 4.67 ملیار یۆرۆ بوو. کۆی گشتیی ئەو قازانجەی کە چل کۆمپانیا گەورەکە بە سەر خاوەن پشکەکانیاندا دابەشیان کرد 25 ملیار یۆرۆ بوو لە ساڵی 2003دا،

له هەمان ساڵدا کۆمپانیای تیۆتاڵ 3.3 ملیار یۆرۆ لەگەڵ زیادەیەک بە بڕی 27% بە سەر خاوەن پشکەکانیدا دابەش کرد، بەڵام بانکی باریبا نزیکەی 1.77 ملیار یۆرۆ و زیادەیەکی بە بڕی 38% دابەش کرد. کۆمپانیای دڵنیایی ئاکسا زیاتر لە 1.16 ملیار یۆرۆی دابەش کرد، کە یەکەم جاری بوو لە مێژووی خۆیدا لە ساڵی 2003دا قازانجەکەی لە ملیارێک یۆرۆ تێ بپەڕێت، لەگەڵ زیادەیەکدا بە بڕی 61%. (هنری دی کاستریس)ی بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیای دڵنیایی ئاکسا لە لێدوانێکدا گوتی: بە ڕاستی، دەرئەنجامەکانی ئەم ساڵ زۆر باش بوون.

کۆمپانیاکان جیاوازییەکی زۆریان لە دووبارە کڕینەوەی پشکەکانیاندا نییە، ئەمە پرۆسەیەکی دارایی ئەبستراکتە کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی بەهای پشکەکان لە بۆرسەدا، هەروەها پشکدارە گەورە و بچوکەکانی تێدا بە کار دەهێنن. بەم شێوەیە ساڵی 2004 کۆمپانیای تیۆتاڵ بە بەهای نزیکەی 3.5 ملیار

یۆرۆ پشکەکانی کڕییەوە، کە یەکسان بوو بە 3.4%ی سەرمایەکەی، هەروەها یەکسان بوو بە 38%ی قازانجەکەی. کڕینەوەی پشکەکان، بەشێکی گەورەی پلانی وەبەرهێنانی کۆمپانیای تیۆتالی دەردەخست لە نێوان سالانی 2004–2008، هەروەها پێشبینیی ئەوەیان دەکرد کە وەبەرهێنانی سالانە لەم بوارەدا 7 بۆ 8 ملیار یۆرۆ بێت، بەلام بانکی باریبا کڕینەوەی پشکەکانی گەییشتە نزیکەی 1.6 ملیار یۆرۆ، واتا زیاتر بوو لە سێیەکی قازانجەکەی. بە کورتی، بازاڕەکان بەرەو دواوە دەچنەوە، پشکەکانیان بۆ کۆمپانیاکان خۆیان دەگەڕێنەوە –بە تێکڕا زیاترە لە سێیەکی قازانجەکانیان، لە سەروو هەموویانەوە هەر دوو کۆمپانیای «ئاکۆر و سویس» کە بە بڕی 60% پشکەکانیان گەڕاندەوە– کڕینەوەی پشکەکان لە خواستی زیادکردنی سەرمایە زیاترە. ئەم دیاردەیە هەرگیز پێشتر ڕووی نەدابوو.

ئەگەر کۆمپانیا گەورەکان خاوەن پشکەکان لە خۆ بگرن، ئەوە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانیان

لە بیر ناکەن، لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێوشوێنی (گەییشتنەوە-اللحاق) گیرابوە بەر، ساڵی 2004 بەشێنەیی بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی مووچەی بەڕێوەبەرەکانی (CAC40)، بەڵام ئەو بەڕێوەبەرانە -تێکڕای مووچەکانیان دەگەییشتە 2.2 ملیۆن یۆرۆ- سەرەڕای زیادەیەک بە بڕی 9.8% کە بە دەستیان هێنابوو (ئەم زیادەیە لە ساڵی 2003 دا بە ڕێژەی 14% بوو)، ئەم زیادەیە بە ئاشکرا لە ڕێژەی 1.79% زۆرتر بوو، کە فیبرۆنیک بیکار بە دەستی هێنابوو! ئەمانە هاندەرێکی باش بوون بۆ تەقینەوەی هەژماری بانکیی بەڕێوەبەرەکانی (CAC40). ئەو کاتەی کە «دانییل برنار» بەڕێوەبەر بوو، بە بێ هیچ دەنگدانەوەیەک لە ڕاگەیاندنەکاندا ئەم کارە بە ئاسانی تێپەڕی. لەگەڵ ئەوەیشدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، بەشێک لە بەڕێوەبەرەکان بە هۆی ئەوەی هەندێک سامان و بڕێک هەلی کاریان فەراهەم کردبوو، وەک دەستکەوت خەریکی شانازیکردن بوون بە خۆیانەوە!

لە سەروو ئەمانەوە –ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرەکان– ساڵی 2004 (لیندسای ئۆین جۆنز)ی سەرۆکی کارگێڕیی کۆمپانیای ڕوویاڵ بۆ عەتر و کەرەستەی جوانکاری، نزیکەی 6.596 ملیۆن یۆرۆی سەرەڕای پشکی خواییشت بە دەست هێنا، کە هەرگیز هیچ یەکێک لەوان زیادەیەکی لەوە بەرزتریان بە دەست نەهێنابوو، ڕەنگە مووچەکانیان لە هەمان سنوری ساڵی 2003دا وەستا بێت، ئەمەیش بە مانای نزمبوونەوەی هێواشی مووچەی ئەو بەڕێوەبەرانەی کە هەمیشە لە سەر مووچەی بەرز ڕاهاتبوون. زیاتر لە دە بەڕێوەبەری چل کۆمپانیا گەورەکە زیادەیەکیان بە بڕی 20% لە مووچەکانیاندا بە دەست هێنا. ئەوانەی کە خەڵاتی «چڵە خورمای زێڕین»یان بە دەست هێنا: جان فیلیب تییری، سەرۆکی (+80.3%) AGF و ویلیە جیی دول، سەرۆکی کۆمپانیای ئاسیلۆر بۆ تەنی ڕەق (+61.4%)، مووچەکەیان بە بڕی 1.56 و 1.26 ملیۆن یۆرۆ بوو لە بەشی سەرەوەی لیستی چل کۆمپانیاکە دانران،

به خەیاڵی خۆیان شایستەی هەندێک شتی تریش بوون... لە واقیعدا بڕەکە گەورەتر بوو لە بەشی «جان لاینیە فورتو» (ڕزگارکەری) کۆمپانیای فیفیندی بۆ ئاو، کە مووچەکەی لە ساڵی 2004دا بە ڕێژەی 52.9% بڕەکەی 3.45 ملیۆن بوو،بەرز بوەوە سەرباری بڕێکی گەورە لە پشکی خواییشت.

بە شێوەیەکی گشتی، چل کۆمپانیاکە لە ساڵی دارایی ڕابردوودا سوودیان لە جێبەجێکردنی پێودانگی ژمێریاری-دارایی نوێ وەرگرت، کە بە پێودانگی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگەپێدانی دارایی ناو دەبرێت، بۆ ئەوەی پشکە تایبەتکراوە مەزنەکانیان بە سەر بەڕێوەبەرەکاندا دابەش بکەن. سێ لە سەر چواری چل کۆمپانیاکە، ملیۆنان پشکی تایبەتیان بۆ بەڕێوەبەرەکانیان لە بودجەی ساڵی 2004دا دانا، بەم شێوەیە قەرەبووی «لندسای ئۆین جۆنز» کرایەوە کە هیچ زیادەیەکی لە مووچەی ساڵی 2004دا نەبوو، یەک ملیۆن پشکی خواییشتیان تایبەت کرد بۆ هەژماری تایبەتی «لندسای

ئۆین جۆنز». به هه‌مان شێوه «هنری دی کاستریس»ی سه‌رۆکی کۆمپانیای ئاکسا بۆ دڵنیایی و، «جان ڕینیه فورتو»، که ده‌ستی له به‌رپرسیارێتییه‌که‌ی هه‌ڵگرتبوو له به‌شی جێبه‌جێکردنی کۆمپانیای فیفیندی له مانگی مایۆ ساڵی 2005دا، بڕی 850 بۆ 800 هه‌زار پشکی خواییشتیان به شێوه‌یه‌کی ڕێکوپێک پێ درا، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به به‌رده‌وامی نرخی پشکه‌کانیان له بۆرسه‌دا به‌رز ده‌بوه‌وه، به‌های پشکه‌کان ته‌نها له ماوه‌ی یه‌ک ساڵدا به ڕێژه‌ی 29% به‌رز بوه‌وه، یه‌کسان بوو به 5.6 ملیۆن یۆرۆ له مانگی مه‌ی ساڵی 2005دا. به‌ڵام مووچه زیاده‌کان، وه‌ک بارودۆخی «دانییل برنار» به هیچ پێودانگێک هه‌رگیز شتێکی ناوازه نه‌بوون. هه‌ڵڵای ڕاگه‌یاندن کاریگه‌رییه‌کی توندی له سه‌ر بارودۆخی برنار هه‌بوو، به شێوه‌یه‌ک گوشاری له سه‌ر «جان ڕینیه فورتو» دروست کرد بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وه ڕابگه‌یه‌نێت، وه‌ک به‌ڕێوه‌به‌ری پێشووی کۆمپانیای فیفیندیم ده‌ستبه‌رداری مووچه زیاده‌که‌ی ده‌بێت. ئه‌م (قوربانیدانه)

زیانێکی گەورەی نەبوو؛ لە کۆمپانیای ئافتس بە سیفەتی سەرۆکی کۆمپانیاکە مووچەیەک وەردەگرێت بڕەکەی 1.6 ملین یۆرۆیە!

بێ دوودڵی زۆرینەی بەڕێوەبەرەکانی پێشووی چل کۆمپانیا گەورەکە لە داهاتوودا خانەنشین دەکرێن، بە بێ ئەوەی هیچ دەنگدانەوەیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دروست بکات. تاکە پێشکەوتنێک (یاسای لە پێناو پێشکەوتن و نوێکردنەوەی ئابووریدا) بوو، کە لە 26ی یۆلیۆی ساڵی 2005دا دەرچوو، یاساکە ئەوەی سەپاند، هەر مووچەیەکی نائاسایی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان (پاداشتی وازهێنان لە کار، یان مووچەی زیادە، جگە لە سلاوی ئاڵتوونی، یان پاداشتی دەستکردن کار) دەبێت بۆ ئەنجوومەنی کارگێڕی بەرز بکرێتەوە و دەستەی گشتیی خاوەن پشکەکان پەسەندی بکات. یاسای شەفافیەت توانیی ببێتە تەواوکەری خاڵە هەموارکراوەکانی لیژنەی یاسایی لە دەستەی نیشتیمانیدا و بڕیاریان لە سەر ئەوە دەبێت. ئەو کۆمپانیایانەی کە

پەیوەستن بە بۆرسەوە، پێویستە ئەو پاداشتەی کە لە بودجەکانیاندا دیارییان کردوە بۆ ئەوەی بیدەن بە بەڕێوەبەرەکانیان، لە بەردەم دەستەی گشتیی خاوەن پشکەکانیاندا ئاشکرای بکەن.

## کاتێک گەشە لاواز بوو قازانجەکان تەقینەوە

هەر کەسێکی سادە لە هەسارەی زوهرە یان مەریخەوە دابەزێتە سەر خاکی فەڕەنسا، جیاوازییەک دەدۆزێتەوە کە تێگەییشتن لێی گرانە: کاتێک کە بارودۆخ سەبارەت بە گەشە خراپە، یان توانایی کڕین، یان بارودۆخی کرێکاران، ئەوا قازانجی کۆمپانیاکان زەبەلاحتر دەبن. ئەمە ڕاستییەکی گرینگە بۆ لێپرسینەوە بە شێوەیەکی خودکاری. دەتوانرێت ئەمە بگشتێنرێت (لەگەڵ هەندێک جیاوازیی تردا کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری) بە سەر کۆی وڵاتەکانی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری.

لە حەوت وڵاتە گەورەکەدا، ڕێژەی قازانجی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی ئەو بەها بەرزەی

ئێستای بە دەست نەهێناوە، لە سەرەتای هەر دوو شۆکە نەوتییەکەی ساڵەکانی حەفتاوە، ئەم ڕێژەیە ساڵی 2004 گەییشتە 14% لە کۆی داهاتی ناوخۆیی، تەنها لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا ئەم ڕێژەیە 10% بوو. لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بە شێوەیەکی تایبەت، ڕێژەی قازانج دوای داشکاندنی باجەکان –لە سامانی نەتەوەیی گەییشتە بەرزترین ئاست لە دوای قەیرانی جیهانی ساڵی 1929ـوە، ساڵی 2004 کۆمپانیاکانی ناو ئاماژەی بۆرسەی ستاندارد ئاند بۆرز500 ، ڕێژەی قازانجیان بەرز بوەوە و گەییشتە ڕێژەی 20%، ساڵی ٢٠٠٣ یش بەرزبوونەیەکی هاوشێوەیان بە دەست هێنابوو، بەڵام کۆمپانیا ئەورووپییەکانی ناو ئاماژەی ستاندارد ئاند بۆر 350، ساڵی 2004 بەرزبوونەیەکیان بە ڕێژەی 78% بە دەست هێنا، پێشبینیی ئەوەیشیان کرد کە لە ساڵی2005دا بەرزبوونەوەیەکی نوێ بە ڕێژەی 30% بە دەست بهێنن.

به شێوەیەکی بنەڕەتی، ئەم کارە شایستەی سەرسوڕمان نییە، لە کۆتاییی قەیرانەکاندا، بۆ نموونە وەک باڵۆنەکانی ئەنتەرنێت کە لە ساڵی 2000دا تەقییەوە، وەک هەمیشە بوو بە هۆی بەرزبوونەوەیەکی گەورە لە قازانجدا، بەڵام بە بەراوردکردن بە قۆناغەکانی بووژاندنەوەی پێشووی ئابووری، ئەوە دەدۆزینەوە کە بەرزبوونەوەکە لە سەروو هەموو قۆناغە هاوشێوەکانەوەیە لە دوای ساڵی 1945ـەوە، ئەمەیش گوزارشتە لە نەمانی هاوسەنگیی گەورە لە ڕێژەی (دابەشکردنی) نێوان قازانج و کرێدا. لە کاتێکدا کە قازانجی کۆمپانیاکان بەرز دەبێتەوە، لە پشت ئەو بەرزبوونەوەیەوە، کرێی کرێکاران نزم دەبێتەوە... لە باشترین بارودۆخدا ئەمە ڕوو دەدات.

لە کۆتاییی سەدەی ڕابردوودا -لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا- تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە بەشی کرێ لە سەر بەهای زیادە نەوەستابوو، بەڵام لە کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو ڕێژەی پاشەکشەیە گەییشتە 70%. بە

پێچەوانەوە ئەم دیاردەیە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا خێراتر زیادی کرد، پاشەکشەکردن کەوتە ژێر ڕێژەی 65% لە سەرەتای سەدەی نوێدا، ئەمەیش بە گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری. بەڵام پشکی قازانج بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەدا ڕۆیشت و ڕێژەی 30% تێپەڕ کرد و نزیک بوەوە لە 40%. ئەو بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی قازانجانە پەیوەست نەبوون بەو کاریگەرییانەوە کە بە هۆی سووڕە (خولە) ئابوورییەکانەوە دروست دەبن [بەڵکوو هۆکاری تری هەیە] هەر چۆنێک بێت ڕۆژێک ئەو بارە دەگەڕێتەوە بۆ ئاراستە بنەڕەتییەکەی خۆی.

جیهانگیری لە سەر بنەڕەتی ئەم خێراییە دەوەستێت، کرانەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئازادیی لێشاوی سەرمایەکانی بە سەر ئەو وڵاتانەدا سەپاند، کە پێیان دەگوترێت وڵاتە دەرکەوتوەکان (یان وڵاتە گەشەسەندوەکان) بە تایبەتی وڵاتانی ئاسیا و ئەورووپای خۆرهەڵات، ئەمە لەگەڵ پەیوەستبوونیان بە

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای پێوەندیی مۆدرێنەوە. لە واقیعدا جیهانگیری وەک میکانیزمێکی باڵای لێهاتووی دروستکردنی قازانج دەرکەوت، بەڵام قازانجەکە بۆ کۆمپانیا گەورەکانی وڵاتە پێشکەوتوەکان دەبێت. ئەمە لە ڕێگەی دوو دیاردەی تایبەتەوە ڕوو دەدات: یەکەم بریتییە لە گواستنەوەی پڕۆسەی مانیفاکتۆرە، کە دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی تێچوونی یەکەیەکی بەرهەم و، دوەم- گرینگترە- بریتییە لە تێکچوونی ڕێژەی دابەشکردنی داهات لە وڵاتی خاوەن کۆمپانیادا، بە هۆی لاوازیی توانای سەوداگەریی کرێکارەکانەوە. بە مانایەکی تر، وەک میکانیزمێکی بەهێز کار دەکات بۆ نزمکردنەوەی کرێ.

گواستنەوەی پرۆسەکانی مانیفاکتۆر...

ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە، هەوڵ دەدەین لەم گوزارشتە هەڵبێین، لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا ئەمانە گوزارشت لە مەترسییەکی گەورە دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە گواستنەوەی پرۆسەکانی مانیفاکتۆر دەبێتە وزەیەکی بەهێز

بۆ بەرزبوونەوەیەکی گەورەی ئابووریی وڵاتە تازە دەرکەوتوەکان، بە تایبەتی چین و هیندستان، هەروەها بۆ ئەو وڵاتانەی کە نزیکن لێمانەوە لە کیشوەری ئەورووپادا وەک وڵاتانی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ئەورووپا، پرۆسەی گواستنەوەی مانیفاکتۆر بە مانایەکی ورد یانی گواستنەوەی چالاکییەکی دیاریکراو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر: بۆ نموونە داخستنی کارگەیەک لە فەڕەنسا و کردنەوەی کارگەیەکی تر لە چین کە هەمان کاڵا بەرهەم دەهێنێت، پاشان بەشێک لەو بەرهەمە هاوردەی فەڕەنسا دەکرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی بە مانای گواستنەوەی چالاکییەک یان بەشێکی ئەو چالاکییە دێت بۆ وڵاتە تازە دەرکەوتوەکان کە کرێ لەو وڵاتانەدا نزمە، لە ڕێگەی کردنەوەی لقێکی کۆمپانیاکە، یان مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵێندەرێک لە ناو ئەو وڵاتانەدا، یان دەستکردن بە چالاکییەک لە دەرەوە بە بێ وەستاندنی هەمان چالاکی لە فەڕەنسادا، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستمان بە

نموونەیەک هەیە، بۆ نموونە کڕیارێک خواستی لە سەر کاڵایەک هەیە بەڵام بە نرخێکی کەم، گەر کاڵاکە لە فەڕەنسادا بەرهەم بهێنرێت ئەوا ناتوانرێت نرخەکەی کەم بکرێتەوە. بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان ئەمە بەو مانایە دێت کە دەبێت مامەڵە لەگەڵ هاوردەکارێکدا بکەن، کە ئەو کاڵایە لە وڵاتێکی تازە دەرکەوتوەوە هاوردەی ناوخۆ بکات.

لە هەموو بارودۆخەکاندا، گواستنەوەی پرۆسەی مانیفاکتۆر، قازانجی دامەزراوەکان بەرز دەکاتەوە؛ لەبەر ئەوەی ئامانجی بنەڕەتی لە پرۆسەکەدا بریتییە لە نزمکردنەوەی تێچوونی یەکەیەکی بەرهەم، ئەوەیش بە گواستنەوەی پرۆسەی مانیفاکتۆر بۆ ئەو وڵاتانەی کە کرێی کرێکار تێیاندا نزمە. ئەوە دروستە کە حەوت لە دە کۆمپانیا گەورەکان پرۆسەکانی مانیفاکتۆر دەگوێزنەوە بە مەبەستی چوونە ناو بازاڕی وڵاتە دەرکەوتوەکان، بەڵام هەوڵی کەمکردنەوەی کرێی کرێکارەکانیان دەدەن. بە گوێرەی توێژینەوەکەی نووسینگەی ڕاوێژکاری

(ڕۆلان بیرجیه)[2] تێکڕای نزمبوونەوەی کە بە دەستی دەهێنن ڕێژەی 30% یە، بەڵام زۆر جار ڕێژەکە زیاتر دەبێت. جیاوازییەکە لە واقیعدا گەورەتر دەبێت وەک ئەوەی کە هەموان دەیزانن. لە کاتێکدا کە تێچوونی کاتژمێرێک کارکردن لە ئەڵمانیادا 24 دۆلارە (کە ژمارەی پێوانەیی جیهانە) و لە ویلایەتە یەکگرتوەکان 21 دۆلارە و، لە یابان 19 دۆلار و، لە فەڕەنسادا نزیکەی 17 دۆلار، بەڵام لە پۆڵەندا و کۆماری چیک تێچوونی کاتژمێرێک کارکردن ناگاتە 5 دۆلار، لە چین 0.6 دۆلار تێپەڕ ناکات. تێچوونی کرێی کاتژمێرێک کارکردن لەو وڵاتانەدا نزیکەی سی ئەوەندە کەمترە لە فەڕەنسا، چل ئەوەندەیش کەمترە لە ئەڵمانیا!

2- «گواستنەوەی خزمەتگوزارییەکان لە ئەورووپادا زیاد دەکات» ئەمە ناونیشانی توێژینەوەیەکی هاوبەشی نێوان کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتوەکانە بۆ بازرگانی و گەشەسەندن (ئەنگتاد) و ئۆفیسی ڕۆلان بیرجیە بۆ کاری ڕاوێژکاری ستراتیژی، ئەم توێژینەوە لە مانگی یۆنیۆی ساڵی 2004دا لە سەر بنەمای نموونەیەک کراوە کە نزیکەی پەنجا کۆمپانیای گەورەی ئەورووپی لە خۆ دەگرێت.

## شوێنەواری گواستنەوەی پرۆسەکانی مانیفاکتۆر

سەرەڕای ئەم کرێیانە، تێچوونی کرێی یەکەیەکی بەرهەم دادەبەزێت بۆ ئەو کۆمپانیا ئەوروپییانە کە پرۆسەکانی مانیفاکتۆر دەگوێزنەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات تێچوونیان بە ڕێژەی 50% نزم دەبێتەوە، بەڵام ئەو کۆمپانیایانەی کە پرۆسەکانی مانیفاکتۆر دەگوێزنەوە بۆ وڵاتی چین، تێچوونیان بە ڕێژەی 85% نزم دەبێتەوە بە بەراورد بە هاوشێوەکانیان لە ئەڵمانیا ئەمە گرانترینیانە لە نێوان وڵاتە پشەسازییە گەورەکاندا. ئەوەیش بە دڵنیاییەوە کارێکی فریودەرانەیە... ئەم پرۆسەیە هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی لەوە تێ بگەین، هەڵسەنگاندنی شوێنەوارەکانی پرۆسەکانی گواستنەوە لە سەر ئاستی ئابووریی هەمەکی کارێکی قورسە، چونکە دەبێتە هۆی لە دەستچوونی هەلی کار، لەبەر ئەوەی کە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ –لەگەڵ گەورەییەکەیدا– جگە لە بەشێکی بچوکی ئەم دیاردەیە شتێکی تر نانوێنێت،

بۆ نموونە کۆمپانیایەکی فەڕەنسی دەتوانێت هاوردەکارێک ڕابسپێرێت لە ناو وڵاتێکی تازە دەرکەوتوودا، بە بێ ئەوەی کە کۆمپانیاکە خۆی هیچ وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ بکات، یان مافی بەکارهێنانی مارکە تۆمارکراوەکەی خۆی پێ بدات، بەڵام کاڵا بۆ هەندێک لە کڕیارەکانی لە وڵاتە دەرکەوتوەکانەوە هاوردە دەکات، چونکە کرێ و نرخی کاڵا تێیاندا نزمە.

لەبەر ئەم هۆکارە ئەو دەرئەنجامەی کە توێژینەوەکان پێی دەگەن بە شێوەیەکی هەستپێکراو جیاوازە لەو توێژینەوەیەی ساڵی 2005 پەیمانگای نەتەوەیی بۆ ئامار و توێژینەوەی ئابووری بڵاوی کردەوە، بەڵام زۆر بە کەمی شوێنەوارەکانی گواستنەوەی پرۆسەکانی دروستکردن –لە سەر کرێکاران– هەڵسەنگاندێکی کەمی بۆ ئەم بابەتە کردوە، واتە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا کۆمپانیا فەڕەنسییەکان بەرهەمی ناوخۆییان کەم کردەوە و بە بەرهەمی هاوردە جێگایانگرتەوە[3].

3- باتریک ئاوبیر و باتریک سیار (گواستنەوەی پرۆسەی مانیفاکتۆر و کەمیی ژمارەی کرێکاران لە کارگەکانی

توێژینەوەکە بە دەرئەنجامێک گەییشتوە کە گواستنەوەی پرۆسەکانی دروستکردن بوە بە هۆی کەمکردنەوەی هەلی کارکردن بە بڕی 13500 لە ساڵێکدا، لە هەمان کاتدا بڕی 6500 هەلی کارکردنی لە بەرژەوەندیی وڵاتە دەرکەوتوەکان دروست کردوە، یاخود بە تێکڕا نزیکەی 40 هەزار هەلی کارکردن لە ماوەی توێژینەوەکەدا (1995-2001) بە فیڕۆ چوە، هەر چۆنێک بێت لە ڕابردوودا ئەم شەپۆلە بەهێزە گواستنەوەی کارگە گەورەکان بوو بۆ ئەو وڵاتانەی کە کرێ تێیاندا نزمە، بەڵام هێشتا ئەم ژمارەیە کۆی ژمارەکانی گواستنەوەی پرۆسەکانی دروستکردن بە گشتگیری لە خۆ ناگرێت.

توێژینەوەکانی تر، بیرۆکەی (ناوەڕۆکی کار) لە بازرگانیی دەرەکیدا بۆ گەییشتن بەو دەرئەنجامە بە کار دەهێنن، کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا نزیکەی 300 بۆ 500 هەزار هەلی کارکردن دروست بوە بە هۆی

فەرەنسادا)، پەیمانگای نەتەوەیی بۆ ئامار و توێژینەوەی ئابووری، پاریس، ساڵی 2005.

زیادبوونی هاوردەکردنی بەرهەمی هەرزانی وڵاتە دەرکەوتوەکانەوە یان ئەو وڵاتانەی کە کرێ تێیاندا نزمە، بەڵام بەرزبوونەوەی توانای کڕین بە هۆی دابەزینی نرخی ئەو بەرهەمانەوە لە بەر چاو ناگرن، ئەم بەرزبوونەوەیە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی هەلی کارکردن و زیادکردنی بەکاربردنی هەندێک خزمەتگوزاریی بەرهەمهێنراو لە فەڕەنسادا و شایستەی گواستنەوە بۆ دەرەوەی وڵات نییە.

ئەم کارە هەر چۆنێک بێت، گەشەی بەرهەمی پیشەسازی لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، هەروەها ڕێژەکەیشی جیاوازە لە قەبارەی بازرگانیی نێودەوڵەتیدا، ئەمە ئاماژەیەکی ڕوون بەم ئاڕاستەیە دەدات. لە نێوان ساڵی 1994 و 2004دا، بەرهەمی پیشەسازی بە ڕێژەی 10% لە یابان بەرز بوەوە، لە ناوچەی یۆرۆ بە ڕێژەی 25% و بە ڕێژەی 40% لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لە هەمان کاتدا بە ڕێژەی 80% بەرزبوونەوەی بە خۆیەوە بینی لە وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات و وڵاتە

دەرکەوتوەکانی ئاسیا -بێجگە لە چین- لە چین ڕێژەکە بە بڕی 300% لە هەمان ماوەدا بەرز بووەوە، بەڵام پشکی دەوڵەتە دەرکەوتوەکان لە بازرگانیی نێودەوڵەتیدا، بە تەنها بە بڕی 20% بۆ 30% لە هەمان ماوەدا بەرز بوەوە (بەڵام بە ڕێژەی 30% بۆ 40% بەرزبوونەوە هەبوو لە هاوردەکردنی وڵاتە پێشکەوتوەکاندا).

تێبینیی ئەو جووڵە بەردەوامە دەکەین لە ساڵی 2003وە و خێراییەکەی لە زۆرینەی کەرتە چالاکەکاندا زیادی کردوە. ساڵی 2004 کۆمپانیای فیشای (بۆ ئامێری ئەلیکترۆنی) بڕیاری دا بە گواستنەوەی هەڵبەستنی (نیوەگەیەنەری-دایۆ) بۆ چین و مەجەر، هەروەها لە نێوان ساڵانی 2003-2005، کۆمپانیاکانی سان مایکرۆ ئەلیکترۆنیس و تۆسۆن جنلس و سیدیفەر و سۆنی کە هەموویان لە بواری ئەلیکترۆنیدا کار دەکەن، هەر وەک کۆمپانیاکانی فاکۆم و MIC (پیشەسازیی میکانیک)، لقیان لە وڵاتانی ئاسیادا کردەوە، لە هەموو بارودۆخێکدا بوون بە هۆی لە دەستدانی

سەدان هەلی کارکردن لە فەڕەنسا. لە بواری پیشەسازیی ناوخۆیییەکانیدا بە تایبەتی لە پیشەسازیی ئۆتۆمبێلدا، کۆمپانیای ڤالیۆ و، ئانۆفلکس و سنابوون لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپادا کەوتنە کار، ئەمانە هەموویان تەنها نموونەن لە ناو چەندین نموونەی تردا.

سەرباری ئەمانە، ئەم جووڵەیە خۆی خزاندە نێو هەندێک بواری چالاکیی ترەوە، کە پێش دە ساڵ لەوەو بەر بیری لێ نەدەکرایەوە، بە تایبەتی لە بواری خزمەتگوزاریدا. لە نێویاندا بێگومان بواری بەرنامەسازیی کۆمپیوتەر، بێجگە لە پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی هونەری لە هەموو بوارەکانی: یاسایی، باج و ژمێریاری، هەروەها شرۆڤە و زانیارییە داراییەکانیش لە بیر ناکەین، بۆ نموونە ساڵی 2005 ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز هەندێک خزمەتگوزاریی بۆ هیندستان و سەنگافوورە گواستەوە. چل ڕۆژنامەنووسی هیندی لە بنگالۆن خەریکی چارەسەرکردنی ئەو ڕاپۆرتانەن کە لە کۆمپانیا بچوکەکانی ئەمریکاوە دێن. هەر چی پەیوەستە

بە مامەڵەکردن لەگەڵ وێنە ئەرشیفییەکاندا گواستراونەتەوە بۆ سەنگافوورە. لە کاتێکدا خزمەتگوزاریی گرافیکیی تایبەت بە ئەمریکای لاتین، لە میامییەوە بۆ ئەمریکای لاتین گواسترایەوە... هەموو ئەم گواستنەوانەیش دەچنە خانەی پرۆگرامی فەراهەمکردنەوە، کە ئاژانسی رۆیتەرز لە نێوان ساڵانی (200 بۆ 2005 جێبەجێی کرد، بە شێوەیەک پێشبینیی ئەوە دەکرا، پاشەکەوتێک بە دەست بهێنێت، کە بڕەکەی بگاتە 800 ملیۆن دۆلار.

### گوشارکردن بۆ کەمکردنەوەی کرێ

ئاشکرایە سەبارەت بەو کۆمپانیانەی دەستی کار، ڕێژەیەکی گەورەی بەهای ئەو بەرهەمانە پێک دەهێنن کە پێشکەشی دەکەن، گواستنەوەی پرۆسەی بەرهەم -ئەگەر بکرێت- زیادەیەکی قازانج بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە دەست دەهێنێت، بەڵام ئەم دیاردەیە دەکرێت کۆمپانیاکانی تر بە کاری بهێنن، وەک (هەڕەشەکردن)، هەتا ئەو کۆمپانیایانەیش کە

ناتوانن پرۆسەی گواستنەوەی مانیفاکتۆر بە جێ بهێنن، بەڵام بەڕێوەبەرەکانیان سیاسەتی (ڕووتاندنەوە) بەرانبەر بە کرێکارەکانیان بە بیانووی جیهانگیری بە کار دەهێنن، وەک گوشارێک بۆ کەمکردنەوەی کرێ، بەڵام کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان ئەم سیاسەتە بە کار ناهێنن، چونکە دەوڵەمەندبوونیان لە سەر داهاتەکانی مادده خاوەکان وەستاوە (وەک کۆمپانیاکانی نەوت)، ئەم جۆرە لە چاوسوورکردنەوەیە زۆرێک لە کۆمپانیاکانی بواری بانک و دڵنیایی و پیشەسازیی دەرمان بە کاری دەهێنن، لە نێو ئەو کۆمپانیایانەی کە ئەم سیاسەتە بە کار دەهێنن، لە سەروو هەموویانەوە چل کۆمپانیاکەی بۆرسەی فەڕەنسایە.

ئەوان میکانیزمێکی مەترسیداریان بە کار هێنا: ئەمە بە تەنها فەراهەمکردنی هەموو شتێکە لە لایەکی تری گۆی زەوی، کرێکاران لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا دەکەونە بەر ئەم جۆرە لە گوشار بۆ کەمکردنەوەی کرێکانیان. بەم شێوەیە تێکچوونی دابەشکردنی قازانج/

کرێ زیاتر دەبێت بە کەمبوونەوەی توانای سەوداگەریی کرێکاران، ترسان لە بێکاری ڕۆحی شۆڕشگێڕی لاواز دەکات، ئەمە تەنها ترساندنی کرێکاران نییە، بەڵکوو گواستنەوەی پرۆسەکانی دروستکردنە، تاکە هەڵوێستێک کە بۆ کرێکاران نموونەیی بێت، بریتییە لە دۆخی بەرەنگاری.

ئەم ڕاستییە لە بەهاری ساڵی 2004دا کرێکارانی کارگەی کۆمپانیای بۆش لە فینیسییە لە نزیک شاری لیۆن هەستیان پێ کرد، کە ژمارەیان 820 کەس بوون، کاتێک پرۆژەیەکیان بە ناوی (داهاتووی فینیسییە)ـوە پێشنیار کرد لە ڕێگەی سەوداگەریی نێوان کارگێڕیی کارگەکە و نوێنەری ئەو سێ سەندیکایەی کە کرێکاران تێیدا ئەندام بوون. گرینگترین پرسی ئەم سەوداگەرییە چی بوو؟ بە کورتی دەتوانین بڵێین، ئەو سەندیکایانە کرێکارەکان تێیدا ئەندام بوون، هەستیان بەوە دەکرد، کارگەکە پێکهاتەکانی دیزڵ بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لە سەروبەندی لە کارکەوتنیدا،

ماکینەی پێشکەوتوویان لە بریی ماکینە کۆنەکان هێنا، لەبەر ئەمە بەرهەمەکانیان جیاواز بوو و قەبووڵیان کرد دانوستان لەگەڵ کارگێڕیی کۆمپانیاکەدا بکەن بۆ زیادکردنی کارکردن لە 35 کاتژمێرەوە بۆ 36 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بە بێ هیچ زیادەیەک لە کرێدا، سەرەڕای گەرەنتیی سێ ساڵ بە بێ خواستێکی تایبەت بە کرێ. لە بەرانبەر ئەم ڕازیبوونانەی کرێکاراندا، کارگێڕیی کۆمپانیا ئەڵمانییەکە بەڵێنی دا ترۆمپایەکی وەبەرهێنان بە بڕی 12 ملیۆن یۆرۆ زیاد بکات بۆ کارگەی فینیسییە، بۆ جێگیرکردنی هێڵی بەرهەمهێنان بۆ ترۆمپای سووتەمەنیی پێشکەوتوو بۆ ماکینەکانی دیزڵ، کە لە پلانی بەرهەمداریدا بوو لە کۆماری چیک. ئەم ڕێککەوتنە لە کۆتاییدا بوو بە هۆی ڕازیبوونی کرێکاران و نزمبوونەوەی کرێی کرێکاران لە کاتژمێرێکدا بە ڕێژەی 12% و ڕزگارکردنی دووسەد هەلی کار.

بە دوای ئەم ڕێکەوتنەدا هەندێک ڕێککەوتنی هاوشێوەی تر لە فەڕەنسا و هەندێک وڵاتی تری

ئەورووپا و جیهاندا ئەنجام درا. لە ئەڵمانیادا سەرەتا کۆمپانیای «سیمنز» بە شێوەیەکی ئاسایی داوای لە کرێکارەکانی لە هەر دوو کارگەی تەلەفۆن لە شاری ڕاین و ستافالیایی باکوور کرد کە ژمارەیان 4500 کرێکار بوو بۆ کارکردن لە هەفتەیەکدا بۆ ماوەی 40 کاتژمێر (لە بریی 35 کاتژمێر کارکردن)، لە ژێر هەڕەشەی گواستنەوەی کارگەکە بۆ مەجەر، پاشان پیشەسازییە گەورەکان و هۆکارەکانی پێوەندیکردن ئەم پرۆسەیان دووبارە کردەوە بە سەر 12 هەزار کرێکار لە بەشی خزمەتگوزاریی چاکسازی، بەڵام ئەوانەی کە سەر بە کۆمپانیا سەربەخۆکان بوون [یان بەڵێندەرەکان لە ناوخۆدا-وەرگێڕی عەرەبی]، لە بەرانبەردا دووبارە بیانخەنەوە سەر کارکردن لە ناو کرێکارانی ئەو کۆمەڵەدا. لە سەرەتای مانگی ئەپریڵی ساڵی 2005دا 8 هەزار کرێکاری زیادەی وەرگرت بۆ ئەوەی کار بکەن لە بەشی چاکسازیدا بە مەرجێک کە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر کاری زیادە بکەن

یان 37 کاتژمێر کار بکەن لە هەفتەیەکدا بە تێکڕا، بەڵام پاداشتی کرێکاران و مۆڵەتکردن گۆڕانکاریی بە سەردا هات و پەیوەست کرا بە بەرهەمهێنانەوە، دوای ئەو بەها جێگیرەی کە پێشتر لە سەری ڕێک کەوتبوون، لە بەرانبەردا کۆمپانیای «سیمنز» بەڵێنی دا بە کەمنەکردنەوەی فەرمانبەرەکان و دانەخستنی هەندێک لە کارگەکان و نەگواستنەوەیان تا پێش 30ی سێبتەمبەری ساڵی 2009، سەندیکای IG میتاڵ ڕەزامەندیی نیشان دا بۆ زیادکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن و بە بێ زیادبوونی کرێ، بەڵکوو هەندێک جار لەگەڵ هەندێک نزمبوونەوەی توانای کڕیندا لە بەرانبەر گەرەنتیی بەردەوامبوونی کارکردنی دا بە بێ کەمکردنەوەی کرێکاران.

لە ئەڵمانیادا ئارگۆمێنتی توند زۆر بوو لە سەر ئەوەی کە «فرانتس مونتفیرینج» سەرۆکی پارتی سۆسیالیزمی ئەڵمانی ناوی لێ نابوو (لادانی سەرمایەداری) هەروەها وتی: (ئەمە هیچ کات شەرمنانە نییە کە بەراوردی هەندێک لە

«سندووقەکانی وەبەرهێنانی ئەنگلۆساکسۆنی» بکرێت بە پۆلە کوللەیەک کە هێرشیان کردوەتە سەر کۆمپانیا ئەڵمانییەکان). ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کۆمپانیای «دیلمر/کرایزلەری» ئەمریکیی ئەڵمانی، بیرۆکەی کۆتاییی گواستنەوەی هەڵبەستنی ئۆتۆمبیلەکانی بوو بۆ چین، نەک لە پێناو بازاڕی چیندا، بەڵکوو لە پێناو هەناردەکردنی بۆ بازاڕەکانی کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بۆ بەرەنگابوونەوەی ئەو پەرچەکردارانە کە کاریگەریی هەبوو لە سەر ئەم ئایدیایە، کارگێڕیی کۆمپانیای دیلمر/کرایزلەر لە شتوگارت بەخێرایی هەوڵیان دا کە مەترسییەکانی ئەم ئایدیایە کەم بکەنەوە، پاشان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، ئەم کارە پەیوەستە بە بیرکردنەوەی مەودادرێژەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت دەرگای گفتوگۆکردن لە ئەڵمانیادا لە سەر ئەم بابەتە کرایەوە. هەندێک لە شرۆڤەکاران وەهای دەبینن کە ئەم تەشەنەکردنە مەبەستارە -لە ناو چەند ئامانجێکی تردا- گوشارکردنی سەندیکاکانی پیشەسازیی ئۆتۆمبیلی ئەمریکی،

لە پێناو دانوستانێکدا بۆ خستنەئەستۆی دڵنیاییی چارەسەری کرێکاران و مووچە، کە بەشێکی گەورەی گرفتەکانی دەنواند، دەکەوێتە سەرشانی کارگەکانی ئۆتۆمبیل. ئارگۆمێنت لە ئەڵمانیادا بەردەوام بوو، لەبەر ئەوە پرسەکە لە کرۆکدا پەیوەستە بە وڵاتێکەوە کە شەست ساڵ دەبێت مۆدێلی (ئابووریی بازاڕی سۆسیالیستیی داهێناوە).

ئێستا کارەکە بوو بە هۆی دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە گوشارکردن بۆ کەمکردنەوەی کرێ دەبێتە هۆکاری بەرەنگاربوونەوەی بۆ کرێکاران، هەتا لەو کەرتانەدا کە ناکرێت بگوێزرێنەوە، تێبینیی ئەوە دەکەین کە گوشارکردن بە ئاراستەی خشتەی مووچەدایە، بە تایبەتی ئەو کرێکارانەی کە لێهاتووییان نزمە، یان نەشارەزان، نموونەی فیبرۆنیک بیکارمان هەیە، ئەوە دروستە کە ناتوانرێت کارگەی کارفۆر سبەی بۆ وارشۆ یان شەنگەهای بگوازرێتەوە، بەڵام زۆرینەی ئەو کرێکارانەی بە دوای کاردا دەگەڕێن، دەتوانن لە هەر ڕۆژێکدا

بێت جێگایان بگرنەوە، بە تایبەتی لە وڵاتێکدا کە ڕێژەی بێکاری بگاتە 2.7 ملیۆن کەس (بە گوێرەی پێودانگەکانی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی)، زۆرینەی ئەوانەی کارەکانیان لە مەترسیدایە -یان ئەوانەی بە دوای کاردا دەگەڕێن- کارکردن و ئیشێکی (نزم) قەبووڵ دەکەن، ئەگەر کار بگاتە ئەوەی کە گوشارکردن پێویست بێت- گەر بە هۆشیارییەوە بێت یان بێ هۆشیاریی ڕاستەقینە- لە واقیعدا، تاکە سەرکورتکاری بەرزبوونەوەی توانای کڕین، بێکارییە.

## تێکچوونی بەردەوامی دابەشکردنی قازانج/کرێ

بەم شێوەیە، لاوازیی توانایی کڕین کار دەکاتە سەر توانای سەوداگەری، هەروەها کاریش دەکاتە سەر ئەو لایەنەیش کە هەڕەشەی گواستنەوەی کارگەکان دەکات. دەرئەنجام هەلی کارکردن لە پیشەسازیدا نزم بوەوە (بە ڕێژەی 15% لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەڵمانیا و لە فەڕەنسا بە ڕێژەی 7.5%)، تێکڕای بێکاری بەرزە

(نزیکەی 10% لە ژمارەی ئەو دانیشتوانانەی کە لە تەمەنی کارکردندان، لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا)، لە سەر ئاستی ئابووریی هەمەکی. لە پێش دە ساڵەوە لە یابان (هەتا سەرەتای ساڵەکانی نەوەد لە یاباندا)، تێبینیمان کردوە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەڵمانیا -بەم دواییانەیش لە فەڕەنسا- تێکچوونی دابەشکردنی قازانج/ کرێ بە ئاشکرا دیارە. توێژینەوەکەمان ئاماژە بەوە دەکات، نیوەی ئەو زیادەیە لە قازانجدا دەرئەنجامی تێکچوونی دابەشکردنی داهاتە لە بەرژەوەندیی سەرمایە و دژی بەرژەوەندییەکانی کرێکارانە، بەڵام نیوەکەی تری دەگەڕێتەوە بۆ نزمبوونەوەی تێچوون بە هۆی جیهانگیرییەوە.

بە دڵنیاییەوە ئەم بارودۆخە بۆ هەمیشە بەردەوام نابێت، لە داهاتوودا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تەمەنی کارکردن لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، بە مەبەستی دووبارە هاوسەنگکردنەوەی خستنەڕووی کار. بە شێوەیەکی تایبەت، هەر دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کرێی کرێکاران لە وڵاتە

دەرکەوتەوەکاندا، وەک ئەوەی کە نرخەکان نزم دەبنەوە بە قەبارەی دابەزینی تێچووی یەکەیەکی بەرهەم لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا. لە کۆتاییدا، کێبڕکێکان کەم دەبێتەوە لە سەر سوودەکانی گواستنەوەی پڕۆسەی مانیفاکتۆر، بەڵام قۆناغی گواستنەوە پێویستی بە کاتێکی درێژ هەیە، بە تایبەتی لە ئاسیادا. وا دەرناکەوێت پڕۆسەکانی گەییشتنەوە (اللحاق) بە تێچوونی کرێ بە مانادار دەستی پێ کردبێت مەگەر تەنها لە دوای وەستاندنی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شار بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵەکانی پیشەسازی. لە چیندا ڕێژەی دانیشتوانی گوندەکان لە ڕێژەی 70% لە کۆی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 1995دا بۆ ڕێژەی 60% دابەزی لە ماوەی دە ساڵدا، هێشتا ئەم جووڵەیە بەردەوامە، بەڵام بە ڕیتمێکی تایبەت: گوشارکردن لە سەر بازاڕی کار لەوێ چاوەڕوان ناکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا ببینرێت.

ئەمانە کەی ڕوو دەدەن؟ بەڵام جیهانگیری کاریگەریی هەبوو لە سەر قازانج -دواتر لە سەر تێکچوونی دابەشکردن- جیهانگیری خۆی پاڵپشتیی دەکات.

لەدەستدانی هەلی کارکردن لە فەرەنسادا پەستان لە سەر هەلی گەشەکردن دروست دەکات، دواتر نابێتە هاندەری کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنانی زیادەی بەرهەم، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی گواستنەوەی پرۆسەی مانیفاکتۆر و پاراستنی ئەو بازارە گەورەی بەکاربردن کە ئێستا هەیە. ئەمەیش دەبێتە هاندەر بۆ ڕاگەیاندنی زیاتری قازانجە ناڕاستەکان. بەم شێوەیە شاخەکانی پارە لە هەموو جێگایەکدا زیاد دەکەن، بەڵام وەبەرهێنان بە هەمان شێوە زیاد ناکات. تێکچوونی دابەشکردنی داهات نابێتە هۆی باشکردنی بارودۆخی کرێکاران، یان زیادبوونی گەورەی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکان. وەبەرهێنانی کۆمپانیا نادارایییەکان بە جێگریی مانەوە بە ڕێژەی 10% لە بەهای تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی، جگە لە هەندێک بارودۆخی نائاسایی (دابەزینی تێکڕای پاشەکەوتی خێزانە فەرەنسییەکان لە داهات بە ڕێژەی 16.8% لە ساڵی 2002دا، بۆ ڕێژەی 14.9% لە ساڵی 2004دا، بەکارهێنانی هەندێک

هاندەری باج بۆ پشتگیریکردن لە وەبەرهێنانی نیشتەجێبووندا) خواستی خێزانەکان بە لاوازی مایەوە بە هۆی دابەزینی داهاتەوە. سەرەڕای لایەنی دادوەری لە پرسی تێکچوونی دابەشکردندا، چارەسەری ناوەندی لە نێوان سەرمایە/کاردا بوو بە هۆی سی ساڵ شکۆداری [دواتر جەنگی جیهانیی دوەم–وەرگێڕی عەرەبی] و ئارامی نەگرت، ئەوەی لە ساڵەکانی داهاتوودا دەبێت بە یەکێک لە پرسە گرینگەکان، بریتییە لە گەییشتن بە چارەسەرێکی ناوەندی نوێ. ئەم کارە پێویستی بە توێژینەوە هەیە لە سەر پرسی لێهاتوویی ئابووریدا. بەم شێوەیە خۆمان دەدۆزینەوە لە بەردەم تەڵەی گەشەی لاوازدا، ئەمە بریتییە لەوەی کە ئێمە دەمانەوێت شرۆڤەی بکەین.

# بەشی دووەم

# لە ناو داوی گەشەی لاوازدا

بە واقیعێکی ئاڵۆز دەست پێ دەکەین، ئەو وڵاتانەی کیشوەری ئەوروپا کە ئابوورییەکەیان بە شێوەیەکی زۆر باش بەڕێوە دەچێت، ئەو وڵاتانەن کە تێیاندا دابەشکردنی نێوان قازانج و کرێ تێک نەچوە. لە کۆتایی (بەڵکوو لە ناوەڕاستی) ساڵەکانی نەوەددا، بە تەنها سێ وڵاتمان دەدۆزییەوە -ئەوانیش شانشینی یەکگرتوو، سوید، ئیسپانیا- کە تێکڕای گەشەیان بە شێوەیەکی کرداری زیادی کردوە لە تێکڕای نێوەندی گەشەی وڵاتە ئەوروووپییەکاندا. ئەم کارە پەیوەست نییە بە بارودۆخێکی کاتییەوە، ئەم ئاڕاستەیە بۆ ماوەی 10 ساڵ جێگیر بوە (جگە لە بارودۆخێکی تایبەت لە سوید لە ساڵی 2001دا). بە دڵنیاییەوە هۆکارەکانی ئەم جیاوازیانە زۆرن، ئاماژەیان پێ دەکەین -بەڵام بە هەڕەمەکی- دابەزینی تێکڕای ڕاستەقینەی نرخی سوود و توانایەکی گەورە لە پسپۆڕیی بەرهەمهێنان لە ئیسپانیا، لەگەڵ چاودێریکردنی توێژینەوە و پێشکەوتن لە سوید، نەرمیی بازاڕی کار لە شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) و سوید، گەشەپێدانی هەلی کار لە کەرتی خزمەتگوزاریی ئیسپانیادا.

## شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) و سوید و ئیسپانیا دژەنموونەی بازنەی دۆزەخئاسای دابەزینی کرێن

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە، بەردەوامبوونی گەشە بۆ ماوەی دە ساڵ شرۆڤەی بەردەوامبوونی چالاکیی خواستی خێزانەکان دەکات، لە ماوەی نێوان ساڵانی 1996 هەتا 2004 ئەم خواستە بە ڕێژەی 16% لە ناوچەی یۆرۆدا بەرز بوەوە، بەڵام لە هەمان ماوەدا لە سوید بە ڕێژەی 22% بەرز بوەوە و بە ڕێژەی 32% لە ئیسپانیا و 35% لە شانشینی یەککگرتوو. بە هەمان شێوە وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبووندا –کە لە ناوچەی یۆرۆدا تا ڕادەیەک بە جێگیری مابوەوە– بە ڕێژەی 40% لە شانشینی یەککگرتوو بەرز بوەوە، بەڵام لە هەمان ماوەدا ڕێژەکە لە سوید و ئیسپانیادا 60% بوو. خواستی خێزانەکان (سەرباری گەشەی بازرگانیی دەرەکی لە بارودۆخی سویددا) شرۆڤەی جیاوازیی تێکڕای گەشە دەکات، ئەم ئاڕاستەیە بەردەوامە، لە کاتێکدا، کرێ بەرز

بوەوە، لەگەڵیدا لە شانشینی یەکگرتوو و سوید بەرهەمداری بەرز بوەوە، بەڵام لە ئیسپانیادا بە تەنها کرێی ڕاستەقینە بەرز بوەوە لەگەڵ ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ لەو بوارانەدا کە بەرهەمداریی تێیاندا نزمە وەک: دروستکردن و بونیادنان، خزمەتگوزاریی تاکەکان و گەشتوگوزار.

لێرەدا تەنها سێ وڵات هەن کە دابەشکردن لە سەر حسابی کرێ تێک نەچوە و خواست تێیاندا نزم نەبوەتەوە. لە واقیعدا، تێکچوونی دابەشکردنی داهات دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی خواستی ناوخۆییی ئەو وڵاتانەی کە ئاڕاستەی خەرجیی داهاتەکانی سەرمایەی تێدا دادەبەزێت، کە ئەمەیش بارودۆخی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایە، بۆ نموونە فەڕەنسییەکان بە درێژاییی مێژوو بەوە ناسراون کە بەشێکی زۆر لە داهاتی سەرمایەیان پاشەکەوت بکەن، بە پێچەوانەیشەوە بەرزبوونەوەی کرێی ڕاستەقینەی تاک –هاوکات لەگەڵ جێگیربوونی ڕێژەی تێکڕای دابەشکردنی داهات– دەبێتە

هۆکارێک بۆ پاڵپشتیکردنی خواست، وەک ئەوەی لە بارودۆخی ئەو سێ وڵاتەدا بینیمان. تێکچوونی دابەشکردن لە داهاتدا، بە شێوەیەکی کرداری بەشداری لە تەڵەی گەشەی لاوازدا دەکات، کە دەبێتە هۆی ئیفلیجکردنی گەشەی وڵاتانی ئەورووپا.

بۆ تێگەییشتن لە میکانیزمە کاریگەرەکان، باشترە بۆ ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ئەم بازنە دۆزەخئاسایە بگەڕێینەوە، لە ئەورووپادا پاڵپشتیی وەبەرهێنان، لە پێناو زیادکردنی توانایی بەرهەمداریدا بە ڕادەی لاوازیی خواستی ناوخۆیی، کێبڕکێیان لەگەڵ وڵاتە دەرکەوتوەکاندا دابەزیوە، بەڵام خواستی ناوخۆیی بە جێگیری نەماوەتەوە، لە کاتێکدا کە ڕێژەی هاوردەکردن لە وڵاتانی دەرکەوتوەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی 1996 بۆ 2004 زیادی کردبوو، بە جۆرێک ڕێژەکە لە 24% ـەوە ببوە 32% لە کۆی هاوردەی ناوچەی یۆرۆدا، هەروەها ئەم ڕێژەیە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە 34% بۆ 37% بەرز بوەوە. لە هەمان ماوەدا ئابووریی

فەڕەنسا زۆر سوودمەند نەبوو لە گەشەی خێرای ئەو وڵاتانەدا، بە جۆرێک کە بتوانێت هەناردەی خۆی بۆیان زیاد بکات [لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتانەی تر لە گەشەدان و پێویستیان بە هاوردەیە لە وڵاتانی ترەوە]، ئەوەیش بە شێوەیەکی تایبەتی بە هۆی هاوسازنەبوونی پسپۆڕییەکانە لەگەڵ بەرهەمداریدا (جیا لە ئەڵمانیا) لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو دەوڵەتانەدا. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

لە ژێر سایەی جوگرافیای نوێی جیهاندا، کاریگەرییەکانی پرۆسەی گواستنەوەی پیشەسازی و لە دەستدانی هەندێک هەلی هەناردەکردن بۆ زیادکردنی هەناردەکراوەکان. لە ناوچەی یۆرۆدا —بە هەمان شێوە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایش- تێکڕای بەکارهێنانی وزەی بەرهەمداری دابەزیوە (ئەم تێکڕایە لە ویلایەتە یەکگرتەوەکان دەگاتە 77% و لە ناوچەی یۆرۆیشدا دەگاتە 81.5%). ئەو کۆمپانیایانەی پێویستیان بە زیادکردنی وزەی بەرهەمدارییان لە ناو وڵاتەکەیاندا نییە، بەڵکوو

پێیان باشە وزەیەکی بەرهەمداریی زیاتر ڕەوانەی وڵاتە دەرکەوتوەکان بکەن، لەبەر ئەوەی [سەبارەت بەم وزە بەرهەمدارییە] تێچووی وەبەرهێنان (و دەستی کار) لە چاو وڵاتەکانی خۆیاندا کەمترە.

ئەمە بارودۆخی پیشەسازیی ئۆتۆمبێلە بۆ نموونە، لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکاندا بەشێک لە کۆمپانیا گەورەکانی ئۆتۆمبێل لە خۆرئاوا هەندێک لە ئاڕمی بازرگانیی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی ناوخۆییان کڕی، وەک (سکۆدا و داشیا)، لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتدا کارگەیان دامەزراند و لەگەڵ دابینکەری پێکهاتەکانی ئۆتۆمبیلدا ڕێککەوتن. کۆمپانیای ئۆتۆمبیلی «ڕینۆ» بڕیاری دا کە ئۆتۆمبیلەکانی لە مۆدێلی (لۆگان) لە ڕۆمانیا و ڕووسیا و ئێران بەرهەم بهێنێت، یان بە لایەنی کەمەوە پڕۆسەی هەڵبەستنیان بۆ ئەو وڵاتانە بگوێزێتەوە. دوا پلانی ڕینۆ بەم ئاراستەیەدا، دروستکردنی کارگەی هەڵبەستنی ئۆتۆمبیلەکانی بوو لە مۆسکۆ لە مانگی ئەپڕێلی

ساڵی 2005دا، بە تەنها ڕینۆ یەکەم نەبوو لەم بارەدا، کۆمپانیای فۆرد و جەنراڵ مۆتۆرز و نیسان و فۆلگسڤاگن و دیلمەر کرایزلەر، هەموویان پڕۆژەیان لەو وڵاتانە کردەوە. کۆمپانیای تۆیۆتا یەکەی مۆدێلی کرۆلای لە سانپترسپۆرگ جێگیر کرد.

لە بەرانبەردا، کۆمپانیای وڵاتە پێشکەوتوەکان -لە هەمان ماوەدا- بۆ زیادکردنی بەرهەمداری لە وڵاتانی خۆیاندا وەبەرهێنانی گەورەیان کرد، ئەمە گوزارشت بوو لە ناچاربوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێبڕکێی دەوڵەتە دەرکەوتوەکان. ئەم وەبەرهێنانە بە شێوەیەکی سروشتی بوە هۆی بەرزکردنەوەی بەرهەمداری. ئەوەی ئێمە تێبینیی دەکەین لە ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەم کارە لە ساڵی 2001ـەوە دەستی پێ کردوە و لە ئەڵمانیا و فەڕەنسایشدا لە ساڵی 2003 ـوە. بازنەی ئەم زیادەیە لە بەرهەمداریدا هەڵبەزودابەزی دەکرد لە ساڵی 2004دا بە ڕێژەی 2% بوو لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا و شانشینی یەکگرتوو

(بەریتانیا) و، لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و یابان بە ڕێژەی 4%بوو، بەڵام لە ساڵی 2004دا ڕێژەکە 5%ی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و یاباندا تێپەڕاند.

لەبەر ئەوەی بەرزبوونەوەی بەرهەمداریی نابێتە هۆی خوڵقاندنی هەلی کاری زۆرو، لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بازاڕی کار هیچ باشبوونێکی بە خۆیەوە نەدی جگە لە بەرەوپێشچوونێکی هێواش و خاو نەبێت –کە هیچ باش نەبوو– کرێ جگە لە بەرزبوونەوەیەکی کەم هیچ بەرزبوونەوەیەکی بە خۆیەوە نەدیبوو. لە پێنج وڵاتە گەورەکەدا –جگە لە بەریتانیا– جارێکی تر، تێکڕای کرێی ڕاستەقینە بە ڕێژەیەکی کەمتر لە ڕێژەی بەرهەمداری بەرز بوەوە. ئەم ڕێژەیە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و یابان لە ساڵی 2004دا گەییشتە 2% (لە تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی، لە ناویاندا بەشداریکردنی ئەو خاوەنکارانەی کە بیمەی کۆمەڵایەتییان لە ئەستۆ دەگرت). ئەم ڕێژەیە لە فەڕەنسادا گەییشتە 1%، بەڵام لە ساڵی 2004دا لە

ئەڵمانیا بە ڕێژەیەکی کەم کەمبوونەوەی بە خۆیەوە بینی، لە دوا ڕۆژەکاندا بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیا کرێ بەرز بوەوە، بەڵام بە ڕێژەکی کەمتر لە فەڕەنسادا، کەمتر لەوەیش لە ئەڵمانیا و یابان.

وەک ئەوەی بینیمان، کرێ تەنها بە ڕێژەیەکی کەم بەرزبوونەوەی بە خۆیەوە بینی، لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکان هەوڵی پاراستنی قازانجەکانیان دەدەن، لە بارودۆخی بەرەنگاربوونەوەی کێبڕکێیەکی ڕوو لە زیادبووندا، هێزەکانی خۆی بە کار دەهێنێت بۆ دروستکردنی فشار لە سەر بازاڕی کار لە پێناو کەمکردنەوەی تێچوونی کرێدا بە گوێرەی توانا. تێکڕای کرێی ڕاستەقینە هیچ پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە نەبینی لە ناوچەی یۆرۆدا، لەبەر ئەوەی کە هیچ زیادەیەک لە دەستی کاردا نەهاتە ئاراوە. بەم شێوەیە ڕەگەزەکانی سووڕی دۆزەخی ڕوون دەبێتەوە: نزمبوونەوەی داهاتی خێزانەکان، دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی بەکاربردن و نەمانی پێویستی بە هەر وەبەرهێنانێک و زیادکردنی توانای بەرهەمداری.

بەم شێوەیە هاوسەنگییەکە ئێستا بەم شێوەیە دەبێت: گەشەی لاواز، لەگەڵ نائامادەیی هەلی چاککردنی بارودۆخی کرێکاران و توانایی کڕین و زیادبوونێکی خێرا لە قازانجدا سەرەڕای کێبڕکێی وڵاتە دەرکەوتوەکان.

ئەم هاوسەنگبوونە بەردەوام دەبێت، چونکە سیستەم بە شێوەیەکی دینامیکی خۆی بەهێز دەکاتەوە. بەرزبوونەوەی قازانج توانایی زیاتر دەدات بە کۆمپانیاکان بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمدارییان و نزمبوونەوەی خواستی ناوخۆیی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانایی بەئەنجامگەیاندنی سەوداگەری و ڕەتکردنەوەی زیادکردنی بەرهەمداری. بە شێوەیەکی گشتی، لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەمانە لە قەیرانەکانی ڕابردوودا ڕوویان دا، کۆمپانیا کاریگەرەکان قەیرانەکانی ئێستا ناکەوێتە سەر شانیان (سەیری نووسینی ناو لاکێشەکە بکە). بەڵگەنەویستە کە دەرئەنجامی ئەم هاوسەنگییە نابێتە هۆی خولقاندنی خواست و خستنەڕوو.

## کێ قەیرانەکان لە ئەستۆ دەگرێت؟

کاتێک چالاکیی ئابووریی وڵاتێک تووشی پاشەکشە دەبێت، یان نرخی دەرامەتی خاو بەرز دەبێتەوە، بە تیۆری (دابەشکردن) لە داهاتی نێوان خێزانەکان و کۆمپانیاکان و دەوڵەتدا تووشی کەموکورتی دەبێت. مێژووی نوێ ئاماژە بەوە دەکات، ئەم دابەشکارییە لە سەر بنەمای تواناییی سەوداگەریی ئەم لایەنانەوە وەستاوە لە بازاڕە جیاوازەکان (بازاڕی کاڵا و کار)، بێگومان لە سیاسەتی ئابووریی هەنووکەیدا. تێڕامان لە سێ قەیرانەکەی پێشوو کارێکی سوودبەخشە (شۆکی پەترۆڵی کە دواتر بوو بە هۆی پاشەکشەی ئابووریی لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتا و، قەیرانی سەرەتای ساڵەکانی نەوەد و، قەیرانی ماوەنزیکی پێشوو)، توێژینەوە لەو ڕێگایەی کە ئەم دابەشکردنەی پێدا تێپەڕیوە لە فەرەنسادا هەمووی لەم سێ حاڵەتەدایە:

1 . قەیرانی ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکان:

ئەم ماوەیە بە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرزبوونەوەی یەک لە دوای یەکی نرخی پەترۆڵ جیا دەکرێتەوە (نرخی یەک بەرمیل پەترۆڵی پرێنت لەم ماوەیەدا گەییشتە 60 دۆلار). داتای ئاماری لە بارودۆخی

فەڕەنسا لەم ماوەیەدا لە بەر دەستدا نییە. سەبارەت بە شۆکی پەترۆڵیی دوەم. شرۆڤەکردنی ئەم داتایانە ئاماژە بەوە دەکات، شۆکەکە بە توندی کاریگەریی هەبوو (بە شێوەیەکی بەردەوام) لە سەر قازانجی کۆمپانیاکان و وەبەرهێنانیان، ئەمە بە هۆی نەبوونی توانایی وەستاندنی بەرزبوونەوەی کرێی ڕاستەقینە لە کاتی شۆکەکەدا، بەڵام توانایی سەوداگەری زۆر بەهێز بوو، بە شێوەیەک ڕێگەی دا بە بەرزبوونەوەی خێرای کرێی ئیسمی لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا، بەڵام دەستی کار -و دواتر خواستی خێزانەکان- دەرئەنجامەکانی دواتریان کەوتە سەر شان. لە هەمان کاتدا تێچوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەرز بوەوە، دواتر تێچوونە گشتییەکان بەرز بوەوە.

2. قەیرانی سەرەتای ساڵانی نەوەد: بنەڕەتی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتە ئەورووپییەکان بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی سوودەوە بوو، کە پەیوەست بوو بە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا و قەیرانی سیستەمی نەختینەی ئەورووپاوە. لە بارودۆخی فەڕەنسادا کرێی ڕاستەقینە و داهاتی کرداریی خێزانەکان بە شێوەیەکی گەورە نزم بوەوە لە کۆتاییی ساڵی 1990 و سەرەتای ساڵی 1991دا بێکاری زیادی کرد، بەڵام زۆر کاریگەریی

له سەر قازانجی کۆمپانیاکان نەبوو، لە نێوان ساڵانی 1991 بۆ 1993 کورتهێنان لە بودجەی دەوڵەتدا بەرز بوەوە.

3. قەیرانی نزیک (2001-2004): ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ -ئەوەی کە دەیزانین- زیادبوونی قەرزی کۆمپانیاکان و دارمانی نرخی پشکەکان لە بۆرسەدا، بە تایبەتی کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیا لە سەرەتای ساڵی 2002دا+ بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستەی خاو. کاریگەرییەکانی قەیرانەکەی کەم کردەوە، لە هەموو وڵاتاندا -بە زیادبوونی کورتهێنانی بودجەکان و وێنای سیاسەتە ئابوورییەکان زۆر فراوان بوو، ڕێگەی دا بە زیادبوونی قەرزی خێزانەکان. لە فەڕەنسادا پاشەکشەیەکی گەورە لە کرێی ڕاستەقینە و داهاتی ڕاستەقینەی خێزانەکاندا ڕووی دا، بەرزبوونەوەی قازانجی کۆمپانیاکان لە سەرەتای ساڵی 2003دا، هاوشانی بەرهەمداری بە شێوەیەکی گەورە بەرز بوەوە بە بەراورد بە بەرزبوونەوەی کرێ، ئەمە لە ناو پێنج وڵاتەکەی تردا ڕووی دا. دواتر جێگیربوونی گەورە لە پشکی کرێ لە تێچوونی یەکەیەکی بەرهەمدا ڕووی دا، بەڵام کورتهێنان لە بودجەی گشتیدا، بە شێوەیەکی

گەورە بەرز بووەوە، لە کاتێکدا، پێداویستیی پارەدارکردنی کۆمپانیاکان لە سەرەتای ساڵی 2001دا بە شێوەیەکی گەورە دابەزیبوو.

**دەرئەنجامی یەکەم:**

لە فەرەنسادا، پاشماوەکانی شۆکی پەترۆڵیی یەکەم کەوتە ئەستۆی کۆمپانیاکان و دەوڵەت.

**دەرئەنجامی دووەم:**

لە فەرەنسادا، پاشماوەکانی بەرزبوونەوەی گەورەی تێکڕای سوود لە سەرەتای ساڵانی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکاندا کەوتە ئەستۆی دەوڵەت و خێزانەکان.

**دەرئەنجامی سێیەم:**

لە فەرەنسادا، پاشماوەکانی قەیرانی باڵۆنەکانی ئەنتەرنێت (هەمان شت ڕووی دا لە ئەڵمانیا و یابان) کەوتە ئەستۆی دەوڵەت و خێزانەکان. بە پێچەوانەوە، بەڵام هەڵوێستی کۆمپانیاکان باش بوو بە هۆی تێکچوونی دابەشکردنی داهات (هەمان شت لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و، یابان و، ئەڵمانیا ڕووی دا). شایستەی سەرنجدانە بە بەراورد بە حاڵەتەکانی پێشوو، کۆمپانیاکان هیچ دەرئەنجامێکیان لە ئەستۆ نەگرت، کە بە هۆی قەیرانەکەوە ڕووی دابوو.

## بێبەشکردنی کرێکاران
## لە دەستکەوتەکانی بەرزبوونەوەی بەرهەمداری

لە کاتێکدا گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیاکاندا دەربارەی پرسی کرێ دەکرا، زۆرینەیان ئەوەیان دووپات دەکردەوە، کە دابەزاندنی کرێ کارێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی تواناییەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێبڕکێی وڵاتە دەرکەوتوەکان ئامادە بێت، تا ناچار نەبن کار لە کارگەکاندا کەم بکەنەوە، یاخود پەنا بۆ گواستنەوەی کارگەکان ببەن، بەڵام ئەم کارە بوو بە هۆی توورەبوونی زۆربەیان، یان بە گوزارشتێکی تر بە کرێکارەکانیان دەگوت: ناتوانن لەوە (چاوبرسیتر بن) لە سەر پرسی کرێ و، کرێکاران بەشداری ناکەن لە بەرپرسیارێتیی پلانی کۆمەڵایەتی، ناچار دەبن بە پرۆسەی گواستنەوەی کارگەکان... هیچ کامیان ئەم بیرکردنەوەیەی لە سەر ئاستی ئابووریی هەمەکی نەبوو، بەڵام پێویستە بە سێ حەقیقەت بەرانبەریان بوەستینەوە، کە شاییستەی لێپرسینەوەن:

یەکەم: تێبینی دەکەین ئەو وڵاتانەی بەشەکانی بازاڕی وڵاتە دەرکەوتوەکانیان بە دەست هێناوە، ئەو وڵاتانانەن کە کرێی کرێکار تێدا بەرزە و، خاوەنی دراوێکی بەهێزن، وەک ئەڵمانیا و یابان بارودۆخی. ئەو وڵاتانە توانایی ڕکابەرییان سەبارەت بە نرخ لاوازە و، تێکڕای بەهای دراوەکەیان بەرزە و، تێکڕای کرێی تاک زیاد دەکات، وەک تەواوی وڵاتە پێشکەوتوەکان (وەک بارودۆخی یابان). لە واقیعدا، هۆکاری سەرکەوتنیان لە کێبڕکێدا دەگەڕێتەوە بۆ پسپۆڕییان لە پیشەسازیدا، زیادەیەکی گەورەی بازرگانییان بە دەست هێنا لە ئامێری پیشەسازی و هۆکارەکانی گواستنەوەدا لە ساڵی 2003دا، ئەڵمانیا زیادەیەکی لە تەرازووی بازرگانیی ئامێر و هۆکارەکانی گواستنەوەدا بە دەست هێنا بە ڕێژەی 7.9% لە تێکڕای بەرهەمی نەتەوەییدا، هەروەها یابان ڕێژەی 6%ی بە دەست هێنا. لە بەرانبەردا ئەم زیادەیە لە فەڕەنسادا گەییشتە ڕێژەی 1.3% لە تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتوەکان کورتهێنانێکی

به ڕێژەی 1.6% بە دەست هێنا لە تێکڕای بەرهەمی نەتەوەییدا لەم بوارەدا. ئەمە ئاماژە دەکات بە جۆرێتیی پسپۆڕی نێودەوڵەتی، دواتر بارودۆخی توێژینەوە و پێشکەوتن لە وڵاتە هاوشێوەکانی فەڕەنسادا) زیاتر چالاک دەرکەوت لە بواری کێبڕکێی نرخەکاندا سەبارەت بە هەناردە بۆ وڵاتە دەرکەوتوەکاندا.

دوەم: گەر لێکدژییەکی توند لەو کێبڕکێ توندەی نێوان وڵاتە دەرکەوتوەکان هەبێت (هەروەها گەر ئەوە بە سەر وڵاتە گەورەکانی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری بسەپێنرێت کە نرخی فرۆشتن نزم دەکەنەوە)، لەگەڵ ئاستی کرێدا، ئەوا پێشبینیی نزمبوونەوەی نرخەکانیش دەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، تێبینی ئەوە کرا کە قازانجەکان زیاد دەبن بە هۆی زیادبوونی جیاوازیی نێوان بەرزبوونەوەکانی بەرهەمداری و، ئاستی ڕاستەقینەی کرێ، ئەمە لە سەر ئاستی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی، بە هەمان شێوە لە سەر ئاستی پیشەسازییش ڕووی داوە، جگە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان.

## کۆتایی

ئەم کارە بە تەنها بە سەر بە دەستنەهێنانی بەشی دەستکەوتەکانی بەرزبوونەوەی بەرهەمداریدا کورت ناکرێتەوە، بەڵام قازانجی زیادەکان لە زیادەی وەبەرهێنانڵدا بە کار ناهێنرێت مەگەر بە پلەیەکی کەم نەبێت، زۆرینەی پاشەکەوت دەکەن، یاخود بە سەر خاوەن پشکەکانیاندا دابەشی دەکەن (ئەوانە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا پاشەکەوت دەکەن بە تایبەتی لە ئەورووپادا)، بۆیە سوودەکەی زیاتر دەبێت ئەگەر بەشێک لەم دەستکەوتانە بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمداری بە کار بهێنرێت لەو دەوڵەتانەدا کە تێکڕای بەرهەمداریی کۆمپانیاکان تێیدا بەرزە و قازانجەکان ڕێگە بەم وەبەرهێنانە دەدات (لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیا و یابان و ئەڵمانیا و، تا ڕادەیەک فەرەنسا). لە کاتی ئێستادا، تەنیا لە شانیشنی یەکگرتوو نەبێت، ئەمە ڕووی نەداوە.

گەر زیادەی قازانج بەرزتر نەبێت لە خواست، ئەوە نابێتە هاندەری وەبەرهێنانی زیادە، بەڵام

پێش ئەوەی ببێت بە بابەتی گفتوگۆ، وا باشترە ئەوە دیاری بکەین کە سیفەتێکی ڕەهای پەسەندکراو لە دابەشکردنی داهاتدا بوونی نییە. لێرەدا هەندێک ماوە هەیە، کە تێکچوونی دابەشکردن لە بەرژەوەندیی قازانج بوە. لە ماوەی ساڵانی حەفتادا بۆ نموونە، شۆکی پەترۆڵ بە شێوەیەکی مەترسیدار کاریگەریی لە سەر بودجەی کۆمپانیاکان هەبوو، بەڵام دواتر بوو بە زەروورەتێک بۆ ڕوودانی تێکچوونی دابەشکردن لە بەرژەوەندیی قازانج تا پارێزگاری لە وەبەرهێنان بکرێت، یاخود پاراستنی هەندێک کۆمپانیا لە مایەپووچبوون. ئەم کارە لە سەر چۆنێتیی بەکارهێنانی قازانجەکان لە لایەن کۆمپانیاکانەوە وەستاوە، ناکرێت جیاوازیی نێوان بارودۆخی ئێستا بکرێت کە کۆمپانیاکان بەشێکی گەورەی قازانجەکانیان بە سەر خاوەن پشکەکاندا دابەش دەکەن و لە هەندێک بارودۆخی تردا کە قازانجەکانیان لە وەبەرهێناندا بە کار دەهێنن، وەک ئەو بارودۆخەی لە کۆتاییی نەوەدەکاندا بینیمان.

تێبینی دەکرێت لە سەرەتای ساڵی 2000دا، هیچ قازانجێکی زیادە وەبەر نەهێنراوە، بەڵکوو تێکڕای وەبەرهێنان بە شێوەیەکی بەڵگەنەویست دابەزیوە، جا لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بێت، یان ئەڵمانیا، یان فەڕەنسا. لە ساڵی 2000دا لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەهایەکی بەرز بە ڕێژەی 13% لە تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی بە دەست هات، لە ئەڵمانیادا ڕێژەکە گەییشتە 12.5% و، لە فەڕەنسادا ڕێژەکە گەییشتە11.5%، بەڵام ئەم دیاردەیە دووبارە نەبوەوە، لە ساڵی 2004دا، ئەم ڕێژەیە بە حاڵ 10% تێپەڕاند لەو سێ وڵاتەدا، دواتی تەقینەوەی باڵۆنەکانی ئەنتەرنێت دوو ساڵ هەوڵ درا بۆ ڕزگاربوون لەو قەرزانە. ئەمە شرۆڤەی تێکڕایەکی بەرزی خۆپارەدارکردن [4] دەکات کە بۆ سەروو

4- خۆپارەدارکردن، گوزارشت دەکات لە توانایی کۆمپانیاکان بۆ پارەدارکردنی وەبەرهێنانەکانیان بە بێ ئەوەی پێویستیان بە سەرمایەکان هەبێت لە سەرچاوەکانی ترەوە. ئەمە مانای ئەوە دەدات، توانایی کۆمپانیاکان لە ڕێکخستنی نەخت بۆ پارەدارکردنی بەکارخستن و گەشەکردن. ئەمە یەکسانە بەو دەرئەنجامانەی کە بە دەست هاتوون پێش پسپۆڕییەکان و بەکاربردنەکان و یەدەکەکان، بەڵام دوای باجەکان.

ڕێژەی 100% بەرزبوونەوە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەڵمانیا و بەریتانیا و یابان (لە سنوری 85% بوو لە فەڕەنسادا). تێبینیی ئەوە دەکەین کە تێکڕای پارەدارکردنی ناوخۆیی زیادی کردوە، لە کاتێکدا کە بووژاندنەوەی ئابووری لە سەرەتای ساڵەکانی نەوەدەکانەوە هەبوو.

بەم شێوەیە بەشی قازانج لە داهاتدا بەرز بوەوە و هیچ سوودێکی بۆ خستنەڕوو نەبوو، هەروەها زیانی بە خواست گەیاند لەبەر ئەوەی کرێی نزم بووە، بە تایبەتی لە ئەورووپا و یابان. لە تەواوی ئەم وڵاتانەدا پاشەکشەی ئابووریی لە سەرجەمی کرێی ڕاستەقینەدا ڕووی دا کە خێزانەکان پێی گەییشتبوون، بەڵام لە ئەڵمانیایشدا کرێی ڕاستەقینە نزم بوەوە، بەم شێوەیە بارودۆخەکە بەرەو داوی گەشەیەکی لاواز ڕۆیشت.

چی ڕوو دەدات ئەگەر ئەم گۆڕانکارییانە لە هەڵوێستی کۆمپانیاکاندا بەردەوام بن و تێکچوونی دابەشکردنیش بەردەوام بێت لە

بەرژەوەندیی قازانجدا، لەگەڵیشیدا کۆمپانیاکان بە دوای قازانجێکی زۆر بەرزدا ڕا بکەن و تێکڕای خۆپارەدارکردن بەرز ببێتەوە بۆ سەروو ڕێژەی سەد لە سەد؟ ئایا ئەمە بە تەنها لە سەر ئاستی ئابووریی هەمەکی دەبێتە هۆی گەشەیەکی بەردەوام؟

دابەش نەکردنی دەستکەوتەکانی بەرزبوونەوەی بەرهەمداری لە چالاکییەکاندا و دووبارە وەبەرنەهێنانەوەی قازانجەکان، بەڵام دابەشکردنی بە سەر خاوەن پشکەکانیاندا یاخود پارێزگاریکردن پێوەی لە شێوەی نەختدا، مانای سەپاندنی جۆرێکی ترە لە پاشەکەوت لە شێوەی نەختینەییدا، یان بە گوزارشتێکی تر، گەر کۆمپانیاکان پارێزگارییان نەکردایە بە ئەدایەکی بەرزی دەرامەتە ناوخۆییەکانەوە، ئەوە تێکڕای ئەدای پاشەکەوت نزم دەبوەوە لە بەرانبەردا، لەبەر ئەوەی بەشێکی گەورەیان دەکرد بە نەخت، یان بۆ وەبەرهێنانی دارایی (قەواڵەی حکوومەت یان خانووبەرە...) سەرمایەی بەرهەمهێنەر نابێتە هۆی

دروستکردنی گەشە و هەلی کاری نوێ. ئەم کارە دەبێتە هۆی دروستبوونی دوودڵـی لە سەر ئاستی ئابووریی هەمەکی یان هەندەکی، ئەمەیش مانای سڕکردنی بەشێک لە وزەی گەشەی داهاتوو دەگەیەنێت کە لە دەستماندایە.

بەڵام وەبەرهێنەرەکان —بە تایبەتی وەبەرهێنەرە ئەمریکی و بەریتانییەکان- وا دەردەکەوت کە لەم بارودۆخە ڕازی بن، ئەوەیان پەسەندیان کردبوو، وەک زۆرینەی چالاکەکانی بازاڕ، ئاستی قازانجیان بە سروشتی خۆیان بەرزە، هەروەها کەمترین ئاستی مەترسیی زەرەرمەندبوونیان هەیە، دواتر تێکڕای قەرزکردن/دەرامەتە ناوخۆییەکان بە گوێرەی توانا نزم بوو. ئەوانەی پاساوی ئەوە دەهێننەوە کە ئەم خواستە پێویستی بە پلەیەکی بەرزی بارودۆخێکی سەقامگیر هەیە، بە چاوی ڕەزامەندییەوە دوور دەکەونەوە لە وەبەرهێنانی قازانجەکانیان بەو شێوەی کە لە سەری ڕێکەوتوون، بیر دەکەنەوە کە ئەوان فێری وانەکانی شۆک بوون لەو

ڕووداوەی ساڵی 1990، خۆیان دوور دەخەنەوە لەو پڕۆژانەی کە مەترسیدارن، یان پڕۆسەی تێکەڵکردن/دەستبەسەرداگرتن کە پەیوەندیدارە بە تێچوونی زیادەڕەوییەوە. بە کورتی، کۆمپانیاکان لە سەر مەترسییەکی توند وەستاون و تیشکیان خستوەتە سەر کارە بنەڕەتییەکانیان. لە واقیعدا، ئەمە نابێتە هۆی ڕێگیریکردن لە دەستپێشخەریی مەترسییە شاراوەکان بۆ ڕەزامەندیی وەبەرهێنەرەکان، بەڵام وەبەرهێنەرەکان کارێکی نەبینراویان لە ڕوئیایەکی کورتمەودادا هەڵبژاردوە، چونکە ئەو مەترسییانە هەن.

دەرئەنجام زیادەی قازانج بوو بە هۆی وەڕسکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی قەرزەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، یابان، ئەڵمانیا و فەڕەنسا، وە زیادکردنی هەبوە داراییەکانی کۆمپانیاکان لە پێنج وڵاتە گەورەکەدا بێجگە لە فەڕەنسادا، بە تایبەتی لە بواری نەختینەییدا پەرەی سەند. بەم شێوەیە دەرکەوت بە تایبەتی لە یابان کە هەبوە

نەختینەییەکانی کۆمپانیا ناداراییەکان لە 2000 ملیار دۆلار زیاترە، یان دووبارە کڕینەوەی پشکەکانی کۆمپانیاکان لە فەڕەنسا و ویلایەتە یەکگرتوەکان و یابان، یاخود دابەشکردنی قازانجە زیادەکانیان بە سەر پشکەکاندا. ئەمە لە واقیعدا نەبوو بە وەبەرهێنان بۆ قازانجی کۆمپانیاکان، ئەوانە نەبوون بە هۆی پاراستنی نەخت لە بودجەی کۆمپانیاکاندا، بەڵام هەر دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لێیان. لەبەر ئەوەی پارێزگاریکردن لە دەرامەتە ناوخۆییەکان لە شێوەی نەخت (یان پارە) بە دڵنیاییەوە قازانجی ئەم دەرامەتە ناوخۆییانە کەم دەکاتەوە،[5] بۆیە دەبێت بە خێرایی بە سەر خاوەن پشکەکاندا دابەشی بکەن.

---

5- لەبەر ئەوە لە هەژماری دەستکەوتی سەرمایەدا، ئەوە گوزارشتێکە لە ڕێژەی نێوان قازانج و دەرامەتە ناوخۆییەکان (تەماشای بەشی چوارەم بکە) بەهاکان بەرز دەبنەوە لە حاڵەتی پارێزگاریکردن بە قازانجەکانەوە کە سەرمایەکانیان لە سەری ڕانەهاتوون لە بودجەدا لە بریی دابەشکردنی.

**سەرمایەداری بە بێ پرۆژەی وەبەرهێنان مەحکوومە بە وێرانکردنی خۆی**

هیچ ڕێگرییەک نییە لە بەردەم شرۆڤەکردنی ئەم کارەدا، تێبینیی ئەوەمان کرد، ئەم پەرۆشییە دەربارەی وەبەرهێنان بە شێوەیەکی تایبەت زیان بە دەوڵەتەکانی ئەورووپای پیر (لە کیشوەرەکەدا) دەگەیەنێت. سەرەڕای هەندێک چاکسازی لە بەرهەمداریدا، ئەمە لە وەبەرهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێدا بە نیسبەت ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە نوێ بوو، هەتا بە نیسبەت شانشینی یەکگرتوو و یابانیشەوە. ویلایەتە یەکگرتوەکان لە تەکنۆلۆژیای نوێدا بە شێوەیەکی گەورە وەبەرهێنانی کرد (بە پلەیەکی کەمتر لە شانشینی یەکگرتوو) لە نیوەی دوەمی سالانی نەوەددا، زیاتر بە شێوەیەکی ڕوون لە یابان و دەوڵەتەکانی ئەورووپای کیشوەریدا.

لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، وەبەرهێنانی تەکنۆلۆژیای مودێرن لە ساڵی 2000دا، نزیک بوەوە لە نیوە (بە قەبارە، بە لەبەرچاوگرتنی دابەزینی نرخی

ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان)ی وەبەرهێنان، ئەو وەبەرهێنانە ڕێژەکەی زیاتر بوو لە 5% لە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی، کە ئەمەیش یەکسان بوو بە 500 ملیار دۆلار. فیگەرەکان هاوشێوە بوون لە بارودۆخی یەکێتیی ئەورووپادا ئەویش بریتی بوو لە ڕێژەی 28% لە وەبەرهێنان و 2.9% لە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی، جیاوازییەکە ئاشکرایە. بە پێودانگی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی، ئەوەمان ئاشکرا کرد، سەرجەمی وەبەرهێنان لە ئامێرەکانی زانیاریدا لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا بە ڕێژەی (12%) بوو، بەڵام هاوشێوەکانی لە یەکێتیی ئەورووپا لاوازترە، چونکە ڕێژەکە 5 بۆ 6%. لە ئەمریکادا ڕێژەی 74% ی سێ سەد کۆمپانیا یەکەمەکە لە سەر ئاستی جیهاندا لە بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری کار دەکەن، بە ڕێژەی 46% سێ سەد کۆمپانیا گەورەکە بودجەی تایبەتیان بۆ بواری توێژینەوە و پێشکەوتن داناوە. تێکڕای هەناردەی یەکێتیی ئەورووپا لە بەرهەمی تەکنۆلۆژیادا کەمترە لە هاوشێوەکانی

لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، هەروەها هەمان بارودۆخ هەیە سەبارەت بە بەرهەمی ئامێرە تەکنۆلۆژییە بەرزەکان (های تیک)، جا گەر سەبارەت بە زیادەبەها بێت یاخود ژمارەی کرێکارەکانی ئەو کەرتە.

ئەورووپا بە سەردەمێکی درێژ دەناسرێتەوە لە پێشکەوتنێکی خێرای ئابووریی زانیاریدا، گەر چی لەم بوارەدا لە لایەن ئاسیا و ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە تووشی هەندێک تەگەرە بوەوە، بەڵام هەوڵێکی زۆری دا بۆ بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای یەکلاکەرەوە (cutting edge) کە رێگە بە پێشکەوتنی دەدات و پارێزگاری لە پێشکەوتنی لە بەرانبەر ئەوانی تردا دەکات، بۆیە رەزامەندە بە قەرەبووکردنەوەی دەوڵەتە ئەورووپییەکان –لە پێش هەموویانەوە فەرەنسا– کە لەم بوارەدا دواکەوتوو بوو. تێبینی دەکرێت سەرەرای پرۆسەی «لیشبۆنە» کە ئەورووپییەکان لە ساڵی 2000دا رەزامەند بوون پێی، لە رۆژگاری قەیرانی باڵۆنەکانی ئەنتەرنێتی گەورەدا، هێشتا ئێمە

لەوە دوورین[6] دەکرێت بگوترێت ئەم پلانە هیوایەکە بۆ ڕیفۆرمی ئابووریی ئەورووپا کە شکستی هێنابوو لە بەدەستهێنانی ئامانجە بنەڕەتییەکاندا، بە تایبەت لە بواری توێژینەوە و دەستەبەری نوێکردنەوەی پیشەسازیدا[7]. لەتەک ئەوەدا کە پەیوەست بوو بە توێژینەوە و پێشکەوتنەوە، لێرەدا تەنها دوو وڵات لە ئەورووپادا هەن: فینلەندا و سوید، کە ڕێژەی 3%ی تێکڕای بەرهەمی نەتەوەییيان تایبەت کردوە بۆ توێژینەوە و پێشکەوتن (گشتی و تایبەت)، ئەمە ئەو ئامانجە بوو، کە پرۆسەی لیشبۆنە لەگەڵ پێشکەشکردنی تا ساڵی 2010 دیاریی کردبوو.

---

6- ئەو بڕیارە لە دانیشتنی باڵادا وەرگیرا کە ساڵی 2000 لە پایتەختی پرتوگال لە نێوان پێنج دەوڵەتە گەورەکەدا بەسترا، بە دیاریکردنی ماوەی دە ساڵ –بە پێویستیی بەرنامەی وردی ژمارەیی– و گەییشتنەوە بە ویلایەتەیە یەکگرتوەکاندا و گواستنەوە بۆ (هێزی زیاتر کێبڕکێکار و زیاتر دینامیکی، لە بواری زانیارییەکاندا لە سەرانسەری جیهاندا).

7- بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر، تەماشای هەڵسەنگاندنی کۆتاییی پرۆسەی لیشبۆنە بکە لە لایەن تێکڕای بۆچوونەکانەوە لە لەندەن (سەنتەری چاکسازیی ئەورووپی)، بە ناونیشانی پێگەی ئەلیکترۆنی:www.cer.org.uk.

لە بەر ئەوە زۆر ورد نەبوو –بەڵكوو دامركاندنەوە بوو– داواكە ئەوە بوو كە هیچ (دەرچەیەک) نەبوو بۆ وڵاتێكی وەک فەرەنسا بۆ دەستگرتن بە سەر ئەو بارودۆخەدا جگە لە (هەڵهاتن بەرەو خوارەوە نەبێت)، یان گوشاركردن لە تێچوون و كرێ، یاخود بەردەوامبوون لە تێكچوونی پێوەندیی دابەشكردنی داهات. لەم بوارەدا، بەراوردكردنی بارودۆخی ئیتاڵیا و فەرەنسا سوودبەخشە، ئەم دوو وڵاتە بە سەیركردنێک وەها دەردەكەون كە هاوشێوە بن. هەر دوو وڵاتەكە بەشێكی زۆری زەوییان لە سەر ئاستی بازاڕی ناوخۆ لە دەست داوە[8]، ئەمە بە شێوەیەكی تایبەت بۆ هەژماری وڵاتە دەركەوتوەكان. بازرگانیی نێودەوڵەتی لە هەر دوو وڵاتەكەدا زیادەیەكی نێگەتیڤیی گەشەیان بە دەست هێنا، بە تایبەتی بە بەراوردكردنیان بە ئەڵمانیا لە بابەتی هەناردەكردن بە ئاراستەی

8- لە ماوەی دە ساڵدا، لە نێوان ساڵی 1994 بۆ ساڵی 2004، ڕێژەی هاوردەكردن\خواستی ناوخۆیی لە ئیتاڵیادا گۆڕا، لە ڕێژەی 21.5 % بۆ ڕێژەی 28%، و لە فەرەنسایش لە 20% وە بۆ نزیكەی ڕێژەی 30% گۆڕا.

جیهاندا، بارودۆخی فەڕەنسا دووره لەم دیاردەیەوە، ئیتاڵیا زیاتر لەم بارودۆخە دوورە. لە کۆتاییدا تێبینیی پاشەکشەی ئەو بارودۆخە دەکەین بە بەراوردکردن بە وڵاتەکانی دەرەوە لەگەڵ ئەم دوو وڵاتەدا، بە تایبەتی سەبارەت بە بازاڕی ئەورووپی (لە کاتێکدا کە ئەڵمانیا لە ساڵی 2004دا زیادەیەکی بە بڕی 155ملیار یۆرۆ بە دەست هێنا). بەوردی، تێبینی دەکەین کە تەرازووی بازرگانی لە کەرتی کشتوکاڵ و خواردەمەنی لە فەڕەنسا زیادەیەکی کەمی بە دەست هێنا، بەڵام ئێتاڵیا لەم بوارەدا تووشی کورتهێنانێکی گەورە هاتبوو. لە کەرتی کاڵای نێوەندیدا (کاڵای تەواونەکراودا) دا هەر دوو وڵاتەکە کورتهێنانیان هەبوو، هەر دوو وڵاتەکە دوا کەوتوون بە بەراورد بە ئەڵمانیا لە کەرتی ئامێری قورس و گواستنەوەدا، بەڵام ئەو پەیکەرە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا تەنها تیۆرەیەکی ئەبستراکتە، هەروەها هۆکارەکانی داڕووخانیان لە بازرگانیی دەرەکیدا دەشارێتەوە، هەر چەندە ئەم دوو دەوڵەتە بە تەواوی لێک جیاوازن.

دەرئەنجامە خراپەکانی هەناردەکردن لە ئیتاڵیادا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی تێچوونی کرێ شیکار دەکەن (بە بەراورد بە ئەڵمانیا و تەواوی دەوڵەتەکانی یەکێتیی ئەورووپا)[9] ئەم بەردەوامبوونە لە بەرزبوونەوەی کرێدا دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستبوونی یۆرۆ، بە تایبەتی بە هۆی نەبوونی هیچ ڕیفۆرمێک لە پرۆسەی بەرهەمداریدا، ئەم کارە بە پێچەوانەوە لە ئەڵمانیا و فەڕەنسادا[10] ڕووی دا. گرفتی ئیتاڵیا تا ڕادەیەک ڕوونە، کارەکە پەیوەستە بە گرفتە ئابوورییەکانەوە لە سەر ئاستی هەمەکی، ئەمە دارمانێکی ماوەدرێژەی کێبڕکێکردنی پیشەسازییە، دارمانەکە ناگەڕێتەوە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ دابەزاندنی

---

9- بە ڕەچاوکردنی نێوەندی کرێی کرێکار لە پیشەسازیی ئیتاڵیادا 100 لە چارەکی یەکەمی ساڵی 1994، ئەم ژمارەیەمان بەر چاو دەکەوێت کە بەرز بوەتەوە دوای دە ساڵ بۆ 122 (لەگەڵ مانەوەی لە ژمارە 100ی سەرجەمی ناوچەی یۆرۆ، و 90 ی ئەڵمانیا، و 88ی فەڕەنسا).

10- بە وەرگرتنی ژمارەی بنەڕەتی 100 بۆ دەربڕینی بەرهەمداری لە چارەکی یەکەمی ساڵی 1994دا، ئەم ژمارەی تێپەڕ کرد و بە هەزار حاڵ گەییشتە 110 دوای دە ساڵ لە ئیتاڵیادا (بە بەراوردکردنی ژمارە 150 لە فەڕەنسا و ژمارە 140 لە ئەڵمانیا، ژمارە 135 لە تەواوی وڵاتەکانی ناوچەی یۆرۆدا).

بەهای دراوەکە [چونکە دراوی یۆرۆ دراوێکی یەکگرتوە، هیچ دەوڵەتێک بە تەنها ناتوانێت فەرمانڕەوایی بکات_وەرگێڕی عەرەبی].

بەڵام لە بارودۆخی فەڕەنسادا، ناکرێت شیکاری بەفیڕۆچوونی بازاڕی هەناردە بکرێت وەک دارمانی کێبڕکێ لە سەر ئاستی نرخەکان. لە کاتێکدا جیاوازی دەکەین لە دابەشبوونی جوگرافیادا، یان جیاوازی دەکەین لە ڕێکخستنی جۆرێتیی بەرهەمە هەناردەکراوەکاندا لە نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیادا (گرینگترینیان پێشکەوتنی ئەڵمانیا بوو بە ئاراستەی وڵاتە دەرکەوتوەکانی خۆرهەڵاتی ئەورووپا و ئاسیا) قەبارەکەیان جیاوازە، بەڵام گرفتی فەڕەنسا جیاوازە، بازرگانیی دەرەکی بە کرداری هەرەس دەهێنێت بە بەراورد بە کۆی ناوچەکان و تەواوی جیهان، هەروەها پشکی فەڕەنسا لە بازاڕدا بە بەراورد بە ئەڵمانیا پاشەکشەی کردوە، جگە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی، ئەمەیش دڵنیابوونەوەیە لە ڕەگەکانی (نەخۆشیی فەڕەنسی) کە بۆ ئاستی ئابووریی هەندەکی دەگەڕێتەوە.

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان بەهای هەناردەکردنی فەڕەنسا و ئەڵمانیادا لە تەواوی کەرتەکاندا هەیە -جگە لە بەرهەمی کشتوکاڵی- ئەوەیش بەرزیی کوالیتیی جۆرەکەی دەردەخات -کە بە کۆکراوەی پێشکەشی دەکات- باشیی جۆریی بەرهەمەکە ڕێگەی دەدات کە بە ئاشکرا بە نرخێکی بەرز بیفرۆشێت. گەر کوالیتیی بەرهەمەکان هۆکارە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆششە گەورەیە لە بواری توێژینەوە و پێشکەوتن لە ئەڵمانیادا. بۆ گوزارشتکردن لەمە تەنها ژمارەیەک وەردەگرین: لە ساڵی 2001دا -کە تازەترین ژمارەیە لەم بوارەدا- ژمارەی (جۆرەکانی داهێناننامە)- یاخود کۆی داهێناننامە کە لە ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتوەکان و یابانیشی لەگەڵدا بێت تۆمار کراون- گەییشتە 69.4 بۆ هەر ملیۆنێک کەس لە ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا، لە هەمان کاتدا ئەم ژمارەیە لە فەڕەنسا گەییشتە 37.1 و،

3.7 له ئیتاڵیا[11]. له کۆتاییدا، تێبینی دەکەین که کۆمپانیا ئەڵمانییەکان پارێزگاری دەکەن له کێبڕکێکردنی تێکڕای کرێی تاک له پیشەسازیدا به پەنابردنه بەر ڕێژەیەکی گەوره له کارپێکردن له دەرەوه (یان جێبەجێکردنی گواستنەوەی هەندێک بەش بۆ دەرەوه، بۆ نموونه بەشی زانیارییەکان و خزمەتگوزاریی کارگێڕی)، تایبەتمەندیی ئەم شێوازه بریتی بوو بەرزیی کوالیتیی بەرهەمەکان که ڕێگره له هەرەسهێنان، دواتر نابێته هۆی نزمبوونەوەی توانای کێبڕکێکردن. به شێوەیەکی گشتی، دەکرێت شرۆڤەی لاوازیی ئەدای هەناردەی فەڕەنسا بکرێت –بەتایبەتی بەراوردکردنی به ئەڵمانیا– به نزمی کوالیتیی بەرهەمەکانی و لاوازیی هەوڵدان بۆ نوێکردنەوه، سوودوەرنەگرتن له فرسەتی بەگەڕخستن له دەرەوه بەڵام له ئاستێکی باشدا.

11- وەرگیراوه له: خشتەی ژماره 65، له ئاماژه سەرەکییەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا له ساڵی 2004دا، له ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەکردنی ئابووری.

ئەو وانانە لەم بەراوردکارییەدا هەندێک هیوا بە فەڕەنسا دەدەن، بەڵام ئیتاڵیا بە دەست نەخۆشییەک (لەسەر ئاستی ئابووریی هەمەکی) دەناڵێنێت کە لە واقیعیشدا بە دەست نایەت، چارەسەرکردنی بارودۆخەکە بە هەموارکردنەوەیەک دەبێت لە خوارەوە (یاخود گوشارکردن لە سەر کرێ، یان بەرزکردنەوەی بەرهەمداری لە پیشەسازیدا) بۆ بووژاندنەوەی توانایی کێبڕکێکردن. لە بەرانبەردا –لە حاڵەتی فەڕەنسادا– تواناکانی (دەرچوونی بەرەو سەر) هێشتا هەیە، بە مەرجێک کە تەمەڵ نەبێت لە چارەسەرەکان و دانانی بوارەکاندا. ئەمە بە مانای ئەوە دێت، ئەم کارە داوا لە کۆمپانیا فەڕەنسییەکان ناکات کە کارکردن و کرێکی کەم بکەنەوە (هەتا لە هەندێک کەرتدا ئەم کارە وا دەخوازێت بە شێوەیەکی کاتی هەلی کارکردن و کرێ کەم بکرێتەوە)، بووژاندنەوەی هەندێک لە بازاڕەکان بە هۆی سوودوەرگرتن لەو موڵکانەوە ئەویش دەرئەنجامی کوالێتیی بەرهەمەکانیان، یاخود نوێکردنەوەیانەوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەم

خواستە، بەرهەمهێنانەوەی ئەو پرۆژانەی کە قازانجێکی بەرز دروست دەکەن لە داهاتوویەکی درێژدا دەبێتە زەروریەت.

دەگەڕێینەوە بۆ ئەو وتە بە ناوبانگەی دەڵێت: ئەگەر قازانجی ئەمڕۆ وەبەرهێنانەکانی سبەی بە دی نەهێنێت لەگەڵ دەرفەتەکانی کاری دوو سبەی، ئیتر سوودیان چییە؟ لە کاتێکدا کە «بیڵ گیتس» لە مانگی یۆلیۆی ساڵی 2004دا ئەوەی ئاشکرا کرد، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بڕی 75 ملیار دۆلار بە سەر خاوەن پشکەکانیاندا دابەش دەکات، هەروەها بڕی 32 ملیار لە سەرەتای ساڵی 2005دا بە سەر خاوەن پشکەکاندا دابەش دەکات (کە نزیکە لە داهاتی ساڵانەی وڵاتێکی وەک ئۆکرانیا یان ڤێتنام) ئەم ڕاگەیاندنەی «بیڵ گیتس» نەبوو بە هۆی جووڵاندنی بازاڕ، بەڵکوو سەرەتا نرخی پشکەکانی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت نزم بوونەوە. هەندێک لە خاوەن پشکەکان وەهایان دەبینی، ئەم بڕیارە بە مانای بلیمەتیی خاوەنی کۆمپانیاکە دێت، هەر چەندە هیچ پرۆژەیەکی نوێی نییە بۆ وەبەرهێنان لە داهاتوودا، یان بە لایەنی کەمەوە، نموونەی ئەم جۆرە لە لێپرسینەوەیە دەبێتە پرسیارێک لەم توێژینەوەدا.

هەمان دەرئەنجام لە مانگی مایۆی ساڵی 2005دا لە کۆمپانیای فۆدافۆنی بەریتانی و IBM ی ئەمریکی ڕووی دا، سەرەڕای ئەوەی دەرئەنجامی نوێیان لە کۆتاییی ساڵدا ڕاگەیاند، ئەم ڕاگەیاندنە بە تەنها بوو بە هۆکاری چەندجارەبوونەوەی دەستکەوتی پشکەکان و دووبارە کڕینەوەی 5%ی سەرمایەی کۆمپانیاکە، کە 6.8 ملیار یۆرۆ بوو، هەروەها بوو بە هۆی نزمبوونەوەی نرخی پشکەکانی کۆمپانیای فۆدافۆن، پاشانیش بە شێوەیەکی زەبەلاح لە کۆمپانیای مۆبایلدا. لە بەرانبەردا وۆڵ ستریت بە شێوەیەکی سارد پلانێکی زەبەلاحی زانستیی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی هەیکەلی IBM دارشت، ئەویش بە دابەزاندنی دەستی کار بە بڕی 10 بۆ 13 هەزار کارمەند، کە یەکسان بوو بە 3 بۆ 4%ی قەبارەی کرێکارە جیهانییەکانی، بە تایبەتی لە ئەورووپادا. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی، هەندێک لە وەبەرهێنەرەکان (هەندێک جار) گرینگی بە قەبارەی خواستی کڕین لەگەڵ قازانجی زیاد دەدەن، ئەویش بە هۆی کەمکردنی تێچوونی داهێنان.

ئەو وەبەرهێنەرانە -وەک فەڕەنسییەکان هەمیشە ئومێدیان بە متمانەی گەورە هەیە- پێویستیان بەوە هەیە گوێبیستی ئەم گوارشتە بن: (بەشێک لە قازانجەکانمان بە کار دەهێنین بۆ ئامادەکاریی داهاتوو)، بەڵام ئێستا تووشی نامۆبوون نابن بە کەمبوونەوەی متمانە بە (ڕاستگۆییی قازانج) (تا ڕادەیەک وەک گوزارشتەکەی «لوەی شفایتزری» سەرۆکی پێشووی کۆمپانیای ڕینۆ)، بەڵام ئەم گرفتە نابێتە هۆی کەمبوونەوەی بەدەستهێنانی قازانجە گەورەکانی کۆمپانیاکان، گرفتەکە لە چۆنێتیی بەکارهێنانی قازانجەکاندایە. دابەشکردنی قازانجە چەندبارەکانیان ساڵ لە دوای ساڵ و دووبارە کڕینەوەی پشکی کۆمپانیاکان بۆ خولقاندنی سامان هەرگیز زەروورییەت نییە، هەر وەک بینیمان. بۆ بەدبەختی ئەمە نابێتە هۆی بەرزبوونەوەیەکی گشتیی کرێ و دروستکردنی سامان، هەر چەندە هەندێک سوودی هەبوو -لە هەندێک بارودۆخدا- بۆ بەرزکردنەوەی توانایی کڕینی کرێکاران.

# بەشی سێیەم

# بەرزکردنەوەی توانای کڕین ناچارییە بەڵام بەش ناکات

دەبێت توانایی کڕین بگەڕێتەوە بۆ فەڕەنسییەکان! لە ساڵی 2005دا گفتوگۆکردن دەربارەی ئەم بابەتە باڵی بە سەر فەڕەنسادا کێشابوو. هەموو لایەک بە گرینگەوە باوەڕیان بە دیاردەی کارفۆر هێنا [ئێمە پێشتر لێی دواین]، زۆرینەیش وەک فیبرۆنیک بیکار و هاوڕێکانی بڕوایان وابوو کە جیهانگیری لە بەرژەوەندیی خاوەن پشکەکان کار دەکات، ئەوان وەک مافێکی ڕەوای خۆیان داوای بەرزکردنەوەی توانایی کڕینیان دەکرد. بە گوێرەی ئەو ڕاپرسییەی ساڵی2005 لە فەڕەنسا کرا، بێ جیاوازی زۆرینەی سیاسییەکان بە ئاشکرا- چ ڕاستڕەوەکان و چ چەپڕەوەکان- پشتیوانیی ئەم خواستەیان دەکرد. سەرەتا لە «نیکۆلا ساکۆزی»یەوە، کە لە بیرسی [بنکەی وەزارەتی دارایی فەڕنسا] هەڵمەتێکی دەست پێ کرد بە مەبەستی دابەزاندنی نرخەکان لە بەهاری ساڵی 2004دا، بەڵام دەرئەنجامەکان ئەویان دووپات دەکردەوە کە بازرگانەکانی دابەشکردن سوودیان لە پرۆسەی گواستنەوەی

بەکارهێنانی یۆرۆ وەرگرتوە بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکان و خراپ بەکارهێنانی سیستەمەکە (بە هاوبەشی لەگەڵ گەورە بەرهەمهێنەرەکاندا) سەرباری ئەو پەراوێزانەی سیستەمەکە کە هێشتا ماون[12].

## ئایا پەیماننامەی (گرینیلّ) بۆ کرێ نوێیە؟

به تاکه نیگایەک ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە خەباتکارەکان لە سەر حەقن، کاتێک داوای بەرزکردنەوەی کرێ دەکەن؛ ئەوانە دەڵێن: تێکچوونی دابەشکردنی داهات لە بەرژەوەندیی قازانجە و بە شێوەیەکی کرداری کۆسپی لە بەردەم پێشکەوتنی داهاتی ڕاستەقینەدا دروست کردوە [ئەو داهاتەیش کرێ]یە. لە مانگی یۆنیۆی ساڵی 2005دا ڕاپۆرتێکی پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ ئامار و توێژینەوەی ئابووری دەربارەی کرێ لە فەڕەنسادا بڵاو کرایەوە،

12- یاخود هەر زیادەیەک لە جیاوازیی ئاڵوگۆڕکردنی نرخەکاندا لە فرانکی یۆرۆوە بۆ گەییشتن بە نزیکترین ژمارەی دروستی یۆرۆ (وەرگێڕی عەرەبی).

ڕاپۆرتەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە، توانایی کڕین (نێوەندی کرێی تاک) لە ماوەی نێوان سالانی 1998–2001 بە ڕێژەی 1.2% لە سالێکدا بەرزبوونەوەی بە خۆیەوە دیوە، بەلام لە سالی 2002دا ئەم ڕێژەیە پاشەکشەی کرد بۆ ڕێژەی (0.2%+)، سالی دواتر بە ڕێژەی (0.3%–) کەمی کرد، بەلام سالی 2004 بەرز بوەوە بە ڕێژەی 0.4%، ئەم بەرزبوونەوەیە جێگای دلخۆشی نەبوو. لە کاتێکدا شارەزایانی پەیمانگاکە پێشبینیی ئەوەیان دەکرد، سالی 2005 توانایی کڕین کەمێک بەرز ببێتەوە، سەرەڕای ئەوەی لە بودجەی سالی 2005دا هەندێک پەراوێز دانرابوو بە مەبەستی نزمکردنەوەی باجی سەر داهات[13]. ئەمە

---

13- سەرۆک جاک شیراک بەلێنی دا لە کاتی دووبارە خۆهەلبژاردنەوەیدا، لە سالی 2002دا بەوەی کە باجی داهات کەم بکاتەوە بە ڕێژەی 30% بۆ ماوەی پێنج سال، بە مەرجی بەردەوامبوونی زیادەی تێکڕای گەشەی سالانە بە ڕێژەی 3% بە درێژایی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی. لە کۆتاییدا، پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە نزمبوونەوەی باجی داهات –نزیکەی 23% لە داهاتەکانی دەولەت– بە ڕێژەی 9% لە نێوان سالانی 2002 و 2005، یاخود زۆر کەمتر بوو لە پێنج ملیار یۆرۆ، و نێوەندی

بەرجەستە دەبێت لەگەڵ سەرەمووچەیەکی زیادەدا بە مەبەستی هاندان بۆ دروستکردنی هەلی کار -کە سەرچاوەیەکی کەمە بۆ هاندانی داهات- خێزانە فەرەنسییە کەمدەرامەتەکان سوودمەند نەبوون لەو بەخشینانەی باج (ئەمە نزیکەی نیوەی پاڵنەری باجی دەنواند).

لە کۆتاییی ساڵی 2002یشدا نەتوانرا پارێزگاری لە تێکڕای بەکاربردن بکرێت، بەڵام تێکڕای پاشەکەوتی خێزانەکان پاشەکشەیەکی گەورەی کرد، خێزانە فەرەنسییەکان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاستی بژێوییان بکەن، پاشەکەوتەکانیان کشاندەوە، زیاتریش پەنایان بردە بەر قەرزکردن (لە کۆتاییی چارەکی یەکەمی ساڵی 2005دا، تێکڕای قەرزی

---

زیادەی چالاکییەکان لەو ماوەیەدا، ڕێژەی 1.3%ی تێ نەپەڕاند. پاشماوەکانی ئەم نزمکردنەوەیەی باجی داهات لە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەییدا 0.12 خاڵی تێپەڕ نەکرد لە ساڵی 2002دا، و 0.04 خاڵی تێپەڕ نەکرد لە ساڵی 2003دا، و 0.08 خاڵی تێپەڕ نەکرد لە ساڵی 2004دا، هەروەها دوای گەیشتنی وەزیری ئابووری و داراییی نوێ «تییری بریتون» بە بنکەی پۆستەکەی لە بەهاری ساڵی 2005دا، بە ماوەیەکی کەم، ئەوەی ڕاگەیاند کە نزمکردنەوەکانی باجی داهات لە ساڵی 2006دا بەردەوام نابێت.

خێزانەکان گەییشتە ڕێژەی 62% لە داهاتی بەر دەست). سەرەڕای ئەمە، بەکاربردن پاشەکشەی کرد و قەبارەی فرۆشتنی کاڵای بەکاربردن بە شێوەیەکی گەورە نزم بوەوە لەساڵی 2004دا (1.4%- بە گوێرەی داتاکانی پەیمانگای نەتەوەیی بۆ ئامار و توێژینەوەی ئابووری) بۆ یەکەم جار دوای جەنگی جیهانیی دوەم بەم ئاستە گەییشت. هەمان ئاراستە لە نیوەی دوەمی ساڵی 2005دا دووبارە بوەوە، بە گوێرەی ئامارە تایبەتییەکانی پەیمانگای ئامار لە سەرەتای مانگی ئۆگستیندا ڕۆحی مەعنەویی خێزانەکان بۆ نزمترین ئاست دابەزی کە لە سەرەتای ساڵی 1996وە بەم شێوەیە نەبوە.

لێرەوە زیاتر برەو درا بە بیرۆکەی زیادکردنی کرێ بە مەبەستی هاندانی بەکاربردن، بەڵام بە بێ زیانگەیاندن بە وەبەرهێنانی کۆمپانیاکان، سەرباری ئەوەی کە قازانجی کۆمپانیاکان نابێتە هۆی دووبارە وەبەرهێنانەوە. هەموویان دووپاتیان کردوە -ڕاسترەوەکان و چەپڕەوەکان- کە هەر دەبێت: پەیمانامەی گرنیل شتێکی نوێ بێت بۆ کرێ[14].

14- »ڕێکەوتننامەی گرینیل« کە لە 27ی مایۆی ساڵی 1968دا ئیمزا کرابوو بوو بە هۆی بەرزکردنەوەی کرێ بۆ بەرزترین

ئەم گفتوگۆیە هەر چەندە بنەمایەکی سیاسی لە فەڕەنسادا هەبوو، بەڵام فراوانبوو، پاشانیش دابەشکردنێکی باشتری داهات دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕۆحی مەعنەوی. هەموومان کاریگەرییە گەورەکانی بەرزکردنەوەی (ڕۆحی مەعنەوی) لە سەر ئابووری دەزانین. بە ڕای بەشێکی زۆری بەرپرسەکان، پەنابردنە بەر هەندێک میکانیزمی گونجاو بۆ دابەشکردنی داهات هاوکار دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاڕاستەی دژەلیبڕاڵی کە لە ناو ڕای گشتیدا لە گەشەسەندا بوو. لێرەدا گوتارێکی (هێرشبەرانە) لە لایەن حکوومەتەکەی ڕاڤاران (ساڵی 2002–2005)ـەوە دروست بوو، ڕێوشوێنەکان (زیاتر ڕوون بوون) لە لایەن حکوومەتەکەی دی فیلبان (ساڵی 2005–2007) بۆ بەرزکردنەوەی توانایی کڕین.

ئەم گفتوگۆیانە بنەمایەکی ئابوورییانەی هەبوو، کە پێویست بوو گفتوگۆی لە سەر بکەن. لە هەمان کاتدا فیکرەی دابەشکردنی

---

ئاست 35%، هەروەها کرێکانی تریشی لە کەرتی تایبەتدا بە ڕێژەی 10% بەرز کردەوە.

(گونجاو)ی داهاتەکان لە نێوان قازانجەکان و کرێدا بیرۆکەیەکی ورد و پێشکەوتوو بوو. لەبەر ئەوە پێوەندییەکانی نێوان بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمداری و بەرزبوونەوەی کرێی ڕاستەقینەی دیاردەکە -گەر کرێی ڕاستەقینە بەرز ببێتەوە بە هەمان ڕێژەی بەرزبوونەوەی بەرهەمداری ئەمە بە مانای جێگیربوونی دابەشکردنی داهاتەکان دێت- دەچێتە ناو گوزارشتی زۆرێک لە میکانیزم و ئامانجە لێکدژەکان لە زۆرینەی بارودۆخەکاندا، بەڵام بە گوێرەی کەرتە چالاکەکان جیاوازە. کارێکی زۆر پێویستە لە پراکتیکدا پەنا ببرێتە بەر هەوڵدان بۆ سەرکەوتن ئەویش لە نێوان تەماحێکی لۆژیکییانە و بەرزکردنەوەی توانای کڕیندا، ئەم پێشکەوتنە پەیکەرییانەی دەبێتە هاندەر بۆ نزمکردنەوەی کرێ —بە لایەنی کەمەوە- لەو کەرتانەدا کە زۆرتر دەکەونە بەر کێبڕکێ نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەمانە پێویستیان بە کرێکاری کەم شارەزا هەیە.

پێویستە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە، یەکەم بێگومان ئەو پێشکەوتنانە پەیوەستە بە کێبڕکێی وڵاتە دەرکەوتەوەکانەوە. ژمارەکان بە ئاشکرا ئاماژە بە (ئاڕاستەیەکی مێژوویی) دەکەن، پاشان بەشی دەوڵەتە دەرکەوتەوەکان لە هاوردەکردنی فەڕەنسادا لە زیادبووندایە، بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵی 2000دا (کاتێک کە یۆرۆ بەرز بوەوە). ئەم هاوردانە لە ساڵی 2004دا گەییشتە ڕێژەی 12.5% لە تێکڕای هاوردەدا، بە ڕێژەی 35% هاوردەی لە وڵاتەکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپادا. لە هەمان کاتدا بە ناچاری کورتهێنان لە تەرازووی بازرگانیی فەڕەنسا لەگەڵ وڵاتە دەرکەوتوەکاندا زیادی کرد. ئەم کورتهێنانە گەییشتە نزیکەی 40 ملیار دۆلار لە ساڵی 2004دا، ئەمە گەورەترین لاوازی بوو لە پێش دە ساڵەوە لە بەهای هاوردەکەیدا. بە پێچەوانەوە لە ئەڵمانیادا ڕووی دا (تەرازووی بازرگانی لە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا زیادەیەکی بە قەبارەی 200 ملیار

دۆلار بە دەست هێنا)، ئەم دارِمانە زۆرینەی کەرتەکانی فەرِەنسای گرتەوە و لەگەڵ بەرهەمەکانیدا، وەک ئەوەی کە پێشتر بینیمان.

دواتر پەرچەکرداری کۆمپانیاکان کاریگەریی لە سەر ئەم کێبرِکێیە هەبوو، بێگومان هەوڵدانەکە نزمکردنەوەی تێچوونی یەکەیەکی کرێیە، بەڵام ئەمە بە تەنها بە سەر بەرزبوونەوەی بەرهەمداریدا کورت ناکرێتەوە (بە تایبەتی لە ئەورووپادا کە -هەر وەک بینیمان- بە گوێرەی پێویست لە تەکنۆلۆژیای نوێدا وەبەرهێنانی تێدا ناکرێت)، بەڵام ئەمە بە لایەنی کەمەوە بە سەر ئەو کۆمپانیایانەدا گریمانە دەکرێت کە زیاتر دەکەونە بەر نزمکردنەوەی یەکەی کرێ. بەکورتی، هەندێک کەرت هەیە پێشبینیی ئەوەی لێ ناکرێت کە بەرزبوونەوەی گشتیی کرێ تێیدا ڕوو بدات، جگە لە تووشبوونمان نەبێت بە بارێکی نالەباری پرۆسەی گواستنەوەی کارگەکان و دواتر پووچەڵکردنەوەی هەلی کارکردن.

پێویستە پێشکەوتنی دووەمی پەیکەری ڕەچاو بکرێت، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە

بە (سروشتی تایبەت)یەوە لە زۆرینەی وڵاتانی ئەورووپادا (ئەورووپای پیردا)، ئەمە کورتهێنانێکی گەورەیە لەو کارانەی کە پێویستی بە شارەزاییەکی کەم هەیە (لە بوارەکانی خزمەتگوزاری و دابەشکردن و بیناسازی... هتد) وڵاتە ئەورووپییە کیشوەرییەکان، بە تایبەتی فەڕەنسا –دەناڵێنێت بە دەست کورتهێنان لە بواری خزمەتگوزاریدا، بە تایبەتی لە دابەشکردن و خزمەتگوزاریی کەسیدا. لە کۆی وڵاتە ئەورووپییەکاندا (بێجگە لە ئیسپانیا) هەلی کاری نوێی بە گوێرەی پێویست نییە لەو کەرتانەی کە پارێزراون لە ڕکابەری نێودەوڵەتی بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی بێکاری.

ئەو هۆکارانەی کە شیکاری پێشکەوتنی ئەم (کورتهێنانەی) هەلی کار دەکەن وەرگێڕاونەتە سەر هەموو زمانەکان، ئەمە کەمیی داینامیکیەتی دەستی کار و کەموکورتیی خێراییی دەورانی دەستی کار ڕوون دەکاتەوە ئەویش بە هۆی (پارێزگاریی زیادە)ی دەستی کار[15]، هەبوونی

15- بە گوێرەی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەی ئابووری لە ڕاپۆرتی (هەلی کار) دا، ئاماژەیەکە کە هێزی پێودانگەکانی

ئاستەنگ لە بەردەم بەشداریکردنی زۆرینەی کەرتەکاندا –یەکەمیان دابەشکردنە[16]– بەرەنگاریی دامەزراندنی کۆمپانیای نوێ دەبێتەوە و دواتر توانایی وەڵامدانەوەیان بە گوێرەی پێویست نییە (خستنەڕووی کار توانایی وڵامدانەوەی نییە)، لە سەروو هەموویانەوە بەرزبوونەوەی کرێی کرێکاری ڕانەهێنراو.

لە کەرتی خزمەتگوزاریی تاکەکەسیدا –بۆ نموونە– تێکڕای دەستی کار (یان ژمارەی کرێکارەکان بە نیسبەت تێکڕای دانیشتوانەوە) 5.5%ە لە فەڕەنسا، لە بەرانبەردا لە ویلایەتە یەکگرتوەکان ڕێژەکە 8%ە. لە کەرتی

پاراستنی دەستی جێگیر دیاری دەکات، لە سفرەوە بۆ شەش دەست پێ دەکات، هەڵسەنگاندنەکان لەگەڵ زیادبوونی هێزی پارێزگاریدا زیاد دەکەن، هەروەها لە ڕاپۆرتی کۆتاییدا لە ساڵی 2002دا فەڕەنسا نمرەی 2.3 بە دەست هێنا: ئەڵمانیا 2.8، و شانشینی یەکگرتوو 0.8، و ویلایەتە یەکگرتوەکان 0.2 بوو.

16- هەروەها چاودێریکردنی ڕێکخراوەکە –لە چوارچێوەی توێژینەوەدا– کۆتوبەندەکان لە کەرتی بازرگانیی دابەشکردندا. فەڕەنسا لەم ڕاپۆرتەدا 4،7ی بە دەست هێنا، کەوتە پێش ئەو دەوڵەتانەی تر: ئیتاڵیا 3،1، و شانشینی یەکگرتوو 2،6، و ئیسپانیا 2،5، و ئەڵمانیا 1،3.

دابەشکردندا، ئەم ڕێژەیە گەییشتە 8% لە فەڕەنسا (لە بەرانبەردا 9.25% لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا). ئەگەر چی ڕێژەی کارکردن لە هەر دوو کەرتەکەدا ئاستەکەی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەرزترە، بەڵام تێکڕای بێکاری لە فەڕەنسادا تێکڕای دەستی کار بە بڕی 3.8 پۆینت بەرز نابێتەوە، یاخود بە مانای بەرزبوونەوەی دەستی کار بە بڕی 2.5 ملیۆن! ئەمە جیاوازییەکی گەورەیە لە ژمارەکەدا، بەڵام لە بەرانبەردا سەقامگیریی مەترسیداری لە دەست دا بۆ ئەم جۆرە لە دەستی کار لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، ئەم کارە لەگەڵ کەلتووری کۆمەڵایەتیی ئەورووپادا ناگونجێت. بەم شێوەیە دەگەڕێینەوە بۆ سووڕی دۆزەخییانە: بەڵام کارکردن ناسەقامگیرە و کرێیەکی کەمی هەیە، بێکاری دەبێت لەوە ڕزگاری بێت. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

کەمترین ئاستی کرێی مانگانە لە فەڕەنسادا 1173 یۆرۆ بوو ساڵی 2004، بەڵام لە بەرانبەردا لە ئیسپانیا 537 یۆرۆ بوو، کە زیاتر بوو لە تێکڕای کرێی مانگانە، لە کاتێکدا

له ویلایەتە یەکگرتوەکان بە ڕێژەی 33% یە، کەمترین کرێی مانگانە 727 یۆرۆیە. سەرەڕای سیاسەتی کەمکردنەوەی لەئەستۆگرتنی کۆمەڵایەتیی پەیڕەوکراو لە ساڵی 1993دا. بەرزبوونەوەی کرێی کرێکارانی نەشارەزا لە فەڕەنسادا –هەر وەک لە زۆرینەی وڵاتە ئەورووپییە کیشوەرییەکاندا– ئەوە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بێکاری لە نێوان ئەو توێژەی کرێکاراندا. لە ساڵی 2002دا –ئەمە دوا ساڵە کە ئامار هەبێت– ڕێژەی بێکاری لە نێوان کرێکارانی ناڕاهێنراو لە فەڕەنسادا 11.8%بوو، لە بەرانبەردا 10.2% بوو لە ویلایەتە یەکگرتوەکان[17]ئەو کەرتانەی کە هەلی کارکردن تێیدا نزمە (کەرتی خزمەتگوزاریی تاکەکەسی و دابەشکردن)، ئەمە ئەو کەرتانەیە کە زۆرینەی کرێکارە نەشارەزاکان تێیدا کار دەکەن بە کرێیەک کە نزیکە لە نزمترین ئاستی کرێ... ئەو کەرتانەن کە بە شێوەیەکی گشتی ناتوانرێت کرێ تێیاندا بەرز بکرێتەوە، مەگەر

---

17- وەرگیراوە لە: ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەی ئابووری، ڕاپۆرتی هەلی کارکردن لە ساڵی 2004دا.

تەنها لە ژێر مەترسیدا نەبێت، یان بۆ مەبەستی دروستکردنی هەلی کار نەبێت.

ئەمەیش بە مانای پێویستیی دابەزاندنی کرێی کرێکارانی ئەم توێژە نایەت، کە لە بنەڕەتدا بە دەست کەمیی کرێوە دەناڵێنن، بەڵام لە سەرەتادا پێویستە بە دوای میکانیزمی تردا بگەڕێن بۆ بەرزکردنەوەی توانای کڕین بە شێوەیەکی بەردەوام، بە بێ هێنانەخوارەوەی دروستکردنی هەلی کارکردن لەم کەرتانەدا.

## سوود و سنورەکانی میکانیزمی هاندان و بەشداریکردن

بە شێوەیەکی گشتی، پرسیارە پێشنیارکراوەکە ئەمەیە: چۆن دەتوانرێت سەرکەوتن بە دەست بهێنرێت لە کاتێکدا وا دیارە سەرکەوتن ئەستەمە؟ سەرەتا لە ڕێگەی هاندانی دووبارە دابەشکردنەوەی قازانج بە سەر کرێکارانی کەرت و ئەو کۆمپانیانەی قازانجیان بەرزە، لە هەمان کاتدا هیچ کات بە دەست کێبڕکێی وڵاتانی دەرکەوتووەوە نەناڵێنن. لە هەر بارودۆخێکدا بێت ئەوە ڕوونە،

دەوڵەت خاوەنداری نییە لە پەراوێزی هێنان و بردنی ئەو بودجەیەی خۆی پێی هەستاوە. بە تایبەتی بە نیسبەت کەرتی تایبەت کە کاتەکەی کاتی (سیاسەتی دەستوەردان) نییە، بەڵام سەوداگەرییەکان دەربارەی کرێی بوو بە لامەرکەزی تا ئاستێکی گەورە (لە سەر ئاستی کۆمپانیا، لق و، یەکەکانی بەرهەم)، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەیی، بەڵام میکانیزمەکانی (پەیوەست بە ئابووریی هەمەکی) ناگرێتە خۆ، بە پلەی یەکەم لە سەر توانایی دانوستانی کرێکاران دەوەستێت.

پاشان لێرەدا هەندێک ڕێوشوێنی هاندەر هەیە بۆ چالاککردنی بەکاربردن بە بێ دەستکاریکردنی کرێ، بۆ نموونە میکانیزمەکانی هاندان، ئەوانەی تریش کە لە پلانی پاشەکەوتی کرێدان (سەیری نووسراوی ناو لاکێشەکە بکە). ئێستا تەماشای ئەوە دەکەین کە بەر حەقیقەت دەکەوێت، ئەویش بریتییە لە لێکدژی لە نێوان ئاشکراکردنی قازانجە پێوانەییەکان

و ئەو زیادکردنانەی کرێدا، بەڵام بۆچی میکانیزمە بەرجەستەکان بە کار ناهێنرێن (لە بەشداریکردن لە بەرهەمی کۆمپانیادا) بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی بەشێک لە قازانجەکە بە سەر کرێکاراندا؟

سەرەتای سەدەی نوێ، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی فەڕەنسا بە هەموو توانایەکیانەوە کاریان کرد بۆ کۆتاییپێهێنانی ئەو بڕە کرێکارانەی بەشدارییان کرد لە ژێر بەندی بەشداریکردندا، لەگەڵ هاندانی کۆمپانیا بچوکەکان و ناوەندییەکان بۆ پێشخستنی سیستەمی هاندان.هەموو دەستپێشخەرییەکانیان بوو بە هۆی بەرزکردنەوەی (ڕۆحی مەعنەویەت) لە ڕووی بنەماییەوە، بەڵام کاریگەرییەکانی لە ڕووی ئابوورییەوە کەم بوو. لە واقیعدا سوود وەرنەگیرا لەو ڕێکەوتننانەی کە بە مەبەستی هاندان بوون تەنها بە بڕێکی کەم نەبێت کە ئەویش بە جۆرێک بوو تەنها یەک لە دە کرێکاران سوودیان وەرگرت، بەڵام لە پڕۆگرامی پاشەکەوتی کۆمپانیاکاندا،

له فەڕەنسادا کرێکاران تەنها بە ڕێژەی 31% بەشدارییان کرد (لە کەرتی تایبەتدا) لە ساڵی 2002دا، هاوبەشیکردن تەنها بە ڕێژەی 22% بوو ئەوانەی کە سوودیان لێ وەرگرت (3 بۆ 4 ملیۆن کەس بوو)، لە 31ی دیسەمبەری ساڵی 2002دا تێکڕای پاشەکەوتی تاک لە 11400 یۆرۆ بوو، سەرەڕای ئەمە، سوودمەندی یەکەم لەم پرۆگرامە ئەوا نەبوون کە خاوەنی کرێیەکی بەرز بوون، بە تەنها بە ڕێژەی 42% پاشەکەوتیان لەم پرۆگرامەدا کرد و ساڵانە زیاتر لە 30 هەزار یۆرۆیان دەدا. لە بەرانبەردا، زیاتر لە ڕێژەی 5.5% خێزانەکان بەشداریوان نەکرد، پاشەکەوتەکەیان کەمتر بوو 15 هەزار یۆرۆ لە پرۆگرامی پاشەکەوتدا.[18]

---

18- لێکۆڵینەوەکانی پەیمانگای نەتەوەیی بۆ ئامار و لێکۆڵینەوەی ئابووری دەربارەی بارودۆخی خێزانەکان لە ساڵی 2002دا ئەم ئاستانەیان بە شێوەیەکی گشتی دووپات دەکردەوە. هەروەها ئەو ڕاپۆرتە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بە تەنها ڕێژەی 3.8% ی خاوەنی ئەو داهاتانەی کە کەمترە لە 3000 یۆرۆ بەشدارییان کردوە لە بەرنامەی پاشەکەوتدا لە ڕێگەی بەشداریکردنەوە، لە بەرانبەردا ڕێژەی 46.8% ئەوانەن کە خاوەنی سەرجەمی داهاتێکن کە زیاترە لە 105 هەزار یۆرۆ.

## هاوبەشیکردن و هاندان و
## پرۆگرامی پاشەکەوتی کۆمپانیاکان

لە فەرەنسادا هەندێک میکانیزم هەن کە ڕێگە بە کرێکاران دەدن بۆ بەدەستهێنانی داهاتێکی پوخت کە لە سەر دەرئەنجامی ئابووریی کۆمپانیاکانیان وەستاوە، ئەویش بریتییە لە:

- پشکداریکردنی کرێکاران لە بەرهەمی کۆمپانیادا: ئەمە بە شێوەیەکی زۆرەملێیانەیە لە سەر ئەو کۆمپانیایانەی، زیاتر لە 50 کرێکاریان هەیە، دەکرێت ڕێک بخرێن لەو کۆمپانیایانەدا کە قەبارەکەیان بچوکترە. ئەمە ڕێگا بە دووبارە دابەشکردنەوەی ڕێژەیەکی دیاریکراوی قازانجەکە دەدات بە سەر کرێکاراندا، بە گوێرەی ئەو سیستەمەی کە بە شێوەیەکی دەستەجەمعی لە سەری ڕێک کەوتبوون. ئەم برە بە شێوەیەکی خێرا نەدرا، بەڵام لە هەندێک کاتدا بلۆک کران (بە شێوەیەکی تیۆری بۆ ماوەی پێنج ساڵ)، هەتا کۆمپانیا دەتوانێت ئەم برەیە بخاتە ناو چالاکیی بەرهەمهێنەوە. ئەم برە لە سندووقی هاوبەش بۆ وەبەرهێنان دادەنرێت، یان لە (پرۆگرامی پاشەکەوتی کۆمپانیا) دادەنرێت.

- سیستەمی پاشەکەوتی کۆمپانیاکان: سیستەمی پاشەکەوتی دەستەجەمعییە کە ڕێگە دەدات بە کرێکاران بۆ پێکێهانی جانتای کاغەزیی دارایی. کۆمپانیا ئەم جانتایە ڕێک دەخات، دەگونجێت کە پاشەکەوتی خواییشت بدەن

بە کرێکارەکان لە کاتی گونجاودا. وەک هەمیشە ئەم پاشەکەوتانە بلۆک دەکەن بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەک لە بارودۆخی ڕێکخستنی پشکداریدا، هەروەها دەتوانن خەرجی بکەن پێش ئەم ماوەیە لە ژێر سێبەری هەندێک مەرجدا، یان بە گوێرەی هەندێک یاسای تایبەت (وەک یاسای ساکۆزی).

– هاندانی کرێکاران بۆ پەیوەستبوون بە بەرهەمەکانی کۆمپانیاوە: ئەم بڕە ڕاستەوخۆ دەدرێت، هەر چۆنێک کرێکارەکان ئەوە پەسەند بکەن، کە پارەکە لە پرۆگرامی پاشەکەوتی کۆمپانیا دابنێن.

– دوا جار فەراهەمکردنی یاسای 19ی فبرایەری ساڵی 2001 دەربارەی پاشەکەوتی کرێکاران و سیستەمی هاندان و، ئەو پاشەکەوتانەی پەیوەستن بە کرێوە. بە گوێرەی هەندێک لە توێژینەوەکان کە پەیوەستن بەم بابەتەوە لە کۆتاییی ساڵی 2002دا ڕێژەی 52%ی ئەو کرێکارانەی کە لە کەرتی بازرگانیدا بوون پەیوەست بوون بەم جۆرە لە بەشداریکردنی دارایی.

دەرئەنجامەکە ئاشکرایە، لە کاتێکدا کە لەگەڵ خۆیاندا بەراورد دەکرێنەوە، هەتا تا دوا ئەندازە گوشاریان کرد (هەر وەک ئەوەی کە نیکۆلا ساکۆزی کردی، ئەو

کاتەی پۆستی وەزارەتی ئابووری و دارایی لە ساڵی 2004دا وەرگرت) بەڵام دووبارە دابەشکردنەوەی قازانج کاریگەریی لە سەر میکانیزمەکانی هاندان و بەشداریکردن هەبوو -هەروەها لە سەر بەکاربردن و دواتریش گەشەکردن- پاشان بە ناچاری بچوک بوەوە، هەڵسەنگاندنیشی کارێکی گران بوو. لە ساڵی 2004دا، جێگری سەرۆک وەزیرانی پێشوو (ئیدوار بلادۆر) هەمواركردنەوەیەکی بۆ بودجەی ساڵی 2005 پێشکەش کرد، لەگەڵ دوو ڕێوشوێن بۆ خولقاندنی میکانیزمی نوێ بە مەبەستی دابەشکردنی پشکی بێ بەرانبەر و زیادکردنی ئەو بەخشینەی کە کۆمپانیاکان پێشکەشیان کردوە بە سیستەمی پاشەکەوت لە شێوەی پشکدا، بەڵام ئەو ڕێوشوێنانەیش گومان لە چالاکییەکانیاندا هەیە. لە کاتێکدا وەزارەتی ئابووری و دارایی لە مانگی مارسی ساڵی 2005دا دەستبەکار بوو، تییری بریتون ئەوەی ئاشرا کرد، هەندێک ڕێوشوێنی تر

هەن بۆ هاندان و پشکداریکردن، کە بە مانای (فیستڤاڵ)ی بەشداریکردن نایەت، ئەمانە تەنها هەندێک هەمووارکردنەوە بوون لە پلانە کردارییەکاندا، گەرچی ڕەنگە هەندێک چاکسازی لە دابەشکردنی داهاتدا بە دەست بهێنرێت، ڕەنگە ئەم ڕێوشوێنانە چاکسازی بێت بە تێڕوانینی کرێکاران، بەڵام ئەم کارە هەرگیز ئاسان نییە و زۆر کورت کراوەتەوە بە سەر خواستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشمەکێشمانەی ئێستا.

باجێکی نێگەتیڤ لە سەر ڕێگای فەرەنسادا

سەبارەت بە دەستی کاری نەشارەزا بە شێوەیەکی تایبەت، دەکرێت بە ڕێگەی تر چارەسەر بکرێت، بە ئاڕاستەیەکدا کە پاڵنەری هێزی کڕین و دروستکردنی هەلی کار بێت، بە بەکارهێنانی سیستەمی باجی نێگەتیڤ بە شێوەیەکی فراوان. لەم بوارەدا، شارەزایی گوزارشت دەکات لە (دابەزاندنی باجی شاییستە) ی جێبەجێکراو لە ویلایەتە یەکگرتوەکان کە

شایستەی باسکردنە. پەنجا ملیۆن ئەمریکی ئەم نزمبوونەوەیان دەست کەوت، داهاتێکی پوختیان دەست کەوت کە گەییشتە 35 ملیۆن دۆلار. بە گوێرەی ڕێساکانی باجی شایستە (سەیری نووسراوی ناو چوارلاکێشە بکە)، ئەو دەستکەوتە گەییشتە زیاتر لە ڕێژەی 40%ی داهات، ئەمەیش بە مانای گەییشتنی باجە بە کەمترین ئاست لە سەر داهات کە ڕێژەکەی 25.8% - (14.2%+40% - بەهای باجەکانی تر).

### چۆن (سیستەمی باجی شایستە) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا جێبەجێ کرا؟

ئەم سیستەمە دەرئەنجامی گفتوگۆیەکە لە کۆتاییی ساڵانی شەست و سەرەتای ساڵانی حەفتا لە ویلایەتە یەکگرتوەکان دەربارەی باجی نێگەتیڤ کرا، وەک میکانیزمێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری، بە بێ دەستبردن بۆ خاڵە ناڕوونەکانی سیستەمی نزمترین ئاستی داهات (کە بریتییە لە کاریگەریی دژی هاندەر،

یان هاندەری نێگەتیڤە)؛ لەبەر ئەوەی بەدەستهێنانی پەیوەست بوو بە ئەنجامدانی کارەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی.

ئەمە گوزارشتە لەو ڕەسیدەی کە لە سەر باجی داهاتە و حکوومەتی فیدراڵی پاڵپشتیی کرد بۆ ئەو تاک و خێزانەی، کار دەکەن بەڵام داهاتەکانیان نزمە. ئەمە بەخشرا بەو تاک و خێزانانەی کار دەکەن، بەڵام داهاتەکانیان کەمترە لە:

- 11490 دۆلار (12490 دۆلار بۆ ئەو خێزانانەی کە بڕیاریان داوە کە باجی هاوبەش قەبووڵ بکەن) و منداڵیان نییە.
- 30338 دۆلار (31338 دۆلار بۆ ئەو خێزانانەی کە بە بڕیاری باجی هاوبەش ڕازین) و تەنها یەک منداڵیان هەیە.
- 34458 دۆلار (35458 دۆلار بۆ ئەو خێزانانەی کە بە بڕیاری باجی یەک ڕازی بوون) و زیاتر لە منداڵێکیان هەیە.

بە سوودوەرگرتن لەم ڕەسیدەی باجە، پێویستە هەموو کەسێک کارێکی ڕاستەقینەی هەبێت (یان هیچ

هاوکارییەک لە سۆسیاڵ وەرنەگرێت، یان ڕاهێنان) و پشکداریکردنیان کەمتر نەبێت لە وەبەرهێنانی دارایی بە بڕی 2650 دۆلار و داهاتەکانی خۆی ڕا بگەیەنن، هەتا گەر کەمتر بێت لەو بڕەی پێویستە ڕای بگەیەنن. گەر ئەم ڕەسیدە لە باجی شایستە زیاتر ببێت، ئەوا ڕەنگە ئەو جیاوازییە باجدەرەکان بیدەن ئەویش بە گوێرەی خواستەکانیان.

نزمبوونەوەی باجەکان کاریگەریی لە سەر هەندێک لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان نەبوو، پاڵپشتیکردنی ئەم ڕەسیدەی باج نەبوو بە هۆی ڕێگیرکردن لە سوودوەرگرتن لەم خزمەتگوزارییانە: دڵنیاییی تەندروستی و داهاتی دڵنیاییی باج و فۆڕمی خۆراک و پاڵپشتیکردنی نیشتەجێبوونی کرێ، هەروەها زۆرینەی هاوکارییە فریاگوزارییەکان بۆ خێزانە هەژارەکان.

کاریگەریی بنەڕەتیی باجی نێگەتیڤ بریتیی بوو لە بەرزکردنەوەی داهاتی ئەو کرێکارانەی کە کرێیەکی کەمیان هەیە، بە تایبەتی کرێکارە هەژارەکان (ئەوانە داهاتەکانیان بە ڕێژەی

40% بەرز بوەوە). هەروەها بەشدارییان کرد لە زیادکردنی خستنەڕووی دەستی کاری ئەو توێژانەی کە هیچ داواکارییەکیان پێشکەش نەکردبوو بۆ کارکردن بە بێ بوونی هاندەر. لە بارودۆخی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، بە شێوەیەکی تایبەت ئەمە جێبەجێ کرا بە سەر ئەو ژنانەدا کە سەرۆکی خێزان بوون و منداڵیان هەبوو، بەڵام ڕەهەندێکی سیاسیی هەبوو، ڕێگەیەک هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن کە ئەم هاوکارییانە بە دەست بهێنن (جیانەبوونەوەی ژن و پیاو یان تاکی سەرۆک خێزان، ئەم هاوکارییە تیشکی خستە سەر ئەو خێزانانەی کە دوو منداڵ یان زیاتریان هەبوو) ئاڕاستەی هاوکارییەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئاماژەی بۆ ئەو توێژە دەکرد. دەکرێت ئەم مەرجانە لە سیستەمی باجی نێگەتیڤدا بشارێتەوە، کە لە سەر ئاستی داهات بە بێ هیچ مەرجێکی تر بنیات نراوە.

دەکرێت سیستەمی (دابەزاندنی باجی شاییستە) بە ڕێگە فەرەنسییەکەی -کە بە هیچ

شێوەیەک پەیوەست نییە بە جۆری خێزان و ژمارەی منداڵەوە- بەم شێوەیە بە دەست دێت: لە لایەکەوە، زیادبوونی خستنەڕووی دەستی کاری ناڕاهێنراو تا ئەو توێژە دیاریکراوانە سوودمەند بن: خاوەن داهاتە کەمەکان و کرێکارە کەم شارەزاکان، ئەمە لە ڕێگەی زیادبوونی تێکڕای وەڵامدانەوەکانەوە دەبێت؛ لە لایەنێکی ترەوە، چارەسەری جێگرەوە بریتییە لە کەمترین ئاستی کرێ بە ئامانجی زیادکردنی خواست لە سەر ئەو کرێکارانەی کە نەشارەزان، بە بێ نزمکردنەوەی داهاتی گشتیی کرێکارانی پسپۆڕ. جێبەجێکردنی سیستەمی باجی نێگەتیڤ جیاکاری دەکات لە نێوان زیادەی داهاتی ئەو کرێکارانەدا (ئەمە کارێکی پۆزەتیڤە) و لە نێوان کەمترین ئاستی کرێ (ئەمە کارێکی نێگەتیڤە). سەرەتا ئەم سیستەمە لە فەرەنسادا بە کرداری لە کاتی دانانی سیستەمی (زیادەی کار)دا[19] دەرکەوت.

19- حکوومەتی جۆسپان لە مانگی مایۆی ساڵی 2001 دا سیستەمی (کاری زیادە)ی دانا، ئامانجی ڕوونی ئەم سیستەمە بریتییە لە هاندان بۆ گەڕاندنەوەی کار یان چالاکی: یاسای 30ی

له کاتێکدا که حکوومەتەکەی لیۆنیل جۆسبان (1997–2002) له ساڵی 2001دا ئەم سیستەمەی دانا، بڕی 13.63 ملیار یۆرۆی بۆ تایبەت کردوه، هەر بۆ ئەم سیستەمه له ساڵی 2005دا حکوومەت 3.37 ملیار یۆرۆی دابەش کرد (یان%0.31 له تێکڕای داهاتی بەر دەست)، به هەر ڕێگایەک ئەم سەرەمووچەیه هەژمار دەکرێت، کاریگەرییەکانی له سەر گەشه به لاوازی دەمێنێتەوه (له ئاستی0.15 پۆینت) به تێچوونێکی پوختی که بڕەکەی گەییشته نزیکەی یەک ملیار یۆرۆ، بەڵام سەرەمووچەی کار دەرئەنجامێکی دەرەکیی پۆزەتیڤی هەبوو، له ڕێگەی هاندانیانەوه بۆ گەڕانەوەی کار و

مانگی مایۆی ساڵی 2001، بەندی 200. ئەمه ڕەسیدی باج دەدات –به گوێرەی هەندێک مەرج– بۆ هەموو ئەو تاکانەی که داهاتێک به دەست دەهێنن له کاردا له نێوان 0.3 بۆ 1.4 له بەهای نزمترین کرێ. هەروەها له مانگی سێبتەمبەری ساڵی 2005دا، حکوومەتی فلیپین دووباره بەهای زێدەی له بەر چاو گرتەوه، لەگەڵ جیاوازی له نێوان کرێکارەکان له هەموو کاتێکدا یاخود له هەندێک کاتدا و نزمترین ئاستی کرێیان به دەست هێناوه. سەرەمووچه به بڕی 2.2% بەرز بووەوه له ساڵی 2001دا بۆ بڕی 6.2% له هەموو کاتێکدا له ساڵێکدا 2007، وه بۆ 11.5% بۆ کرێکاران بۆ هەندێک کات.

بەردەوامبوونی چالاکییەکی، دابەشکردنەکە لە سەر بنەمای داهات بوو لە چالاکییەکاندا. پێویستە ئەم ئاڕاستەیە بە شێوەیەکی گەورە بڕوات.

## چالاککردنی کێبڕکێ بە ئامانجی کەمکردنەوەی نرخەکان

لە کۆتاییدا میکانیزمە نوێیەکە تاقی کرایەوە، کە بریتیی بوو لە هەوڵدان بۆ نزمکردنەوەی کرێ... هەموان دەزانن، گەشەی بەهێز دەست بە دەست لەگەڵ بازاڕی چالاکیی کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا دەڕوات، لە بازاڕێکی قەبارەی گەورەدا ئەمە بە دەست دێت، کە ئازادیی ئاڵوگۆڕ و شەفافیەتی تێدا بێت. ئەوە ئاشکرایە کە بازاڕی فەڕەنسا –بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری و دڵنیایی، بۆ کێبڕکێ گونجاو نییە، ئەم کارە زیان بە بەکاربەران دەگەیەنێت، هەروەها زیان بەو کۆمپانیاکانەیش دەگەیەنێت کە هیوای فراوانکردنی ئەم پێوەدانگانەیان هەیە لە بارودۆخی قۆرخکاریدا، هەروەها کرێکارانیش.

بە پەسەندکردنی چالاکیی دەستەکانی بەکاربەران و ئەوانی تریش، هەموو کەس دەزانێت کە لەوێ زۆرینەیەک هەیە پێویستە کارێک بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارتێلاتە قۆرخکارییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە -لە بواری پێوەندی و گواستنەوە و خزمەتگوزاری دارایی و بانکییەکان، تۆڕە گەورەکانی دابەشکردن- هەروەها پێویستە بە وریاییەوە لە یاسا و گرێبەستە فۆرمۆلەکراوەکان دەربچن بە مەبەستی بەستنەوەی کڕیاران و بە ئامانجی ئازادکردنی ڕکابەری لە دیکتاتۆریەتی بارودۆخی قۆرخکاری.

لە ڕاپۆرتی ساڵی 2005یدا (ئەنجوومەنی ڕکابەری) بە بێ جیاوازی تیشکی خستوەتە سەر هەموو جۆرە گرێبەستە قۆرخکارییەکان، لە نێویشیاندا قۆرخکارییەکانی بواری گەیاندن لە ناو شارەکاندا، کۆمپانیای (ڕۆیاڵ کانین) و ڕێکەوتنەکانی لەگەڵ دابەشکارانی خواردنی سەگدا، جۆن کلۆد دیکۆ، کە لە بواری کەلوپەلی ناوماڵدا باڵادەستە، فەرمانگەی پۆستە یان

SFR (بە هۆی خراپ بەکارهێنانی پێگەی دەسەڵاتەکەیەوە-کە باڵادەستە)، هەروەها فرانس تیلیکۆمیش پاڵپشتیی کردوە لە ناوەندە باڵادەستەکان و ڕێوشوێنەکانی پەیوەندیکردنی بەکاربەرەکان پێوەیەوە، لەگەڵ سەپاندنی گرێبەستە قۆرخکارییەکانی بە سەر دابەشکارەکاندا.

کەرتی گەیاندن —بە تایبەتی کۆمپانیاکانی مۆبایل- وەک فردوس بوون بە خاوەنی مولکانە، ئەوانە دەسەڵاتێکی بە هێزیان هەبوو. ڕاپۆرتەکانی دەسەڵاتی چاودێریی پێوەندیکردن لە ساڵی 2005دا ئەو کورتهێنانەیان نەدۆزییەوە بۆ ئیدانەکردنی ڕێکەوتنی نهێنیی نێوان کۆمپانیای ئۆرانج و SFRو بورگیس تیلیکۆم بۆ پاریزگاریکردن لە نرخە بەرزەکانی بەکارهێنانی تەلەفۆنی مۆبایل. ئەم کۆمپانیانە نرخی ناردنی نامەیەکیان بە مۆبایل 15 سەنت لە سەر بەکاربەر دانا، بەڵام تێچوونی نامەیەک لە سەر کۆمپانیا تەنها 2.2سەنت بوو، بەم شێوەیە بۆ هەر بەشداربوویەک ڕادەی

قازانجەکەی زیاتر بوو لە 80%. هەندێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، بازاڕی کۆمپانیاکانی مۆبایل لە فەڕەنسادا کەمترین ڕکابەری هەیە لە نێوانیاندا بە بەراورد بە ئەورووپا؛ لەبەر ئەمەیە کە نرخەکان لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نزم نەبوونەتەوە.

دەسەڵاتەکانی چاودێری ناڕازین لە بارودۆخی (ئیشکەرە گریمانەییەکان) کە سێیەکی تۆڕە قۆرخکارەکانیان بە کرێ گرتوە، بەڵام خزمەتگوزارییەکی تایبەتیان پێشکەش کردوە. لە مانگی مایۆی ساڵی 2005دا، «پۆڵ شامسور» سەرۆکی دەسەڵاتی چاودێری تێبینیی ئەوەی کردبوو، ژمارەی (ئیشکەرە گریمانەییەکانیان) زۆرە ئەویش بە هۆی ئەوەی کە پەراوێزی کۆمپانیا بنەڕەتییەکان ڕێگە دەدات بە جووڵاندنیان، بەڵام ڕێگایان نادات بە بازاڕ بۆ ئەوەی شێوەیەکی پێویست بجووڵێنن. گەر ئەم تێبینییە شێوازێکی (دۆکترین) وەربگرێت، ئەوا دەبێتە ئاگادارییەکی ئاشکرا، لە سەرەتای ساڵی 2005دا، دەسەڵاتی

چاودێریی گەیاندن تێبینیی ئەوەیان کرد، سێ کۆمپانیاکە (بارودۆخێکی کۆنترۆڵکراوی هاوبەشیان) بە دەست هێناوە. ئەم بۆچوونە ڕاپۆرتی کارگێڕیی گشتیی کێبڕکێ و بەکاربردن و بەرەنگاربوونەوەی فریودان لە سەری کۆک بوون، لە کۆتاییی مانگی ئۆگستی ساڵی 2005 دا، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە و بە بەڵگەوە ئەوەیان سەلماند، کە سێ کۆمپانیاکە جۆرێک لە ڕێکەوتنیان کردوە بە ناوی (ڕێکەوتنی یاڵتا بۆ دابەشکردنی بازاڕ). ئەوە ڕێگیری دەکات لە نزمبوونەوەی نرخەکاندا. لە مانگەکانی کۆتاییی ساڵی 2005دا ئەنجوومەنی ڕکابەری بڕیارێکی لە سەر ئەو ڕاپۆرتە دەرکرد، کە بریتی بوو لە سەپاندنی سزایەک بە سەر هەر سەرپێچییەکدا بە بڕی 10%ی لە قەبارەی کاری جیهانیی کۆمپانیا دیاریکراوەکان.

ئەم بارودۆخە پێویستی بە بەرزکردنەوەی تواناییی کڕین هەیە–بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دابەزاندنی نرخەکانەوە، یان بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ بە لەخۆگرتنی بێکاری

-ئەویش پێویستی بە کاراکردنی کێبڕکێ و توندکردنەوەی جێبەجێکردنی یاسای کرانەوەی بازاڕی خزمەتگوزاری (دابەشکردن و خزمەتگوزاری تایبەت و دڵنیایی). ئەمەیش بە مانای چالاککردنی ئەو کەرتانە دێت، کە بەشێکی سەرەکییان لە کەموکورتییەکانی دروستکردنی هەلی کارکردنیان تێدایە.

هەروەها لە ڕاپۆرتی «کامدیسۆ»دا هەمان شت هاتوە، کە لە سێبتەمبەری ساڵی 2004دا بڵاو کراوەتەوە، لە بارەی بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردن لە ژێر ناونیشانی (پارێزگاریکردن لە کرێکار و بەکاربەران و هەندێک لەو پیشەسازییانەی مەترسییان لە سەرە)، هەندێک لە ڕێگیرییەکان گونجاو نەبوون بۆ هاندانی ئەو موڵکانەی کە ئەوانە دەستیان بە سەریدا گرتوە و دەستیان دەکەوێت، لە هەمان کاتدا دژی بەرژەوەندیی ئەوانەیە کە ئەو موڵکانەیان لە بوارەکانی تردا دەست ناکەوێت. ئەمە بە کرداری دەبێتە ڕێگیر لە بەردەم پرۆسەکانی وەبەرهێنان و دەستپێشخەری و نوێکردنەوە و هەمەجۆری و بەرزکردنەوەی بەرهەمداریدا،

پاشان دەبێتە هاندەری بەرزکردنەوەی نرخەکان، تەنانەت نرخی نیشتەجێبوون و بەکرێدانیش. دەرئەنجام هەلی کار دروست دەکات و زیان بە بەکاربەر دەگەیەنێت. (ڕاپۆرتەکە بەردەوام دەبێت و هەندێک ڕێوشوێن بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی خزمەتگوزاری پێشنیار دەکات، داوای دیارکردنی گەشەسەندنی خزمەتگوزارییە تایبەتەکان دەکات، هەروەها داوای پاڵپشتیی سێ جۆر ئازادی دەکات بۆ بازرگانی: ئازادیی دیاریکردنی ڕۆژەکانی کار، ئازادیی دیاریکردنی مێژوەکانی ڕێککاری و ئازادیی دیاریکردنی نیشتەجێکردنی دامەزراوەکان و دیاریکردنی نرخەکان)[20].

دەربارەی خاڵی کۆتایی، هەر دوو حکوومەتی ڕاڤاران و دی فیلبان هەوڵیان دا، چاکسازی لە یاسای (جالان)ی بەناوبانگ بکەن کە دادوەری پێوەندیی نێوان هێنەران و دابەشکارانی دەکرد، ئەم یاسایە بوو بە هۆی بەرزکردنەوەی

20-بۆ زیانیاریی زیاتر سەیری بەشی شەشەمی ڕاپۆرتی میشیل کامدیسو بکە بە ناونیشانی (دووپاتکردنەوەی چالاکیی بازاڕی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.
La Documentation Francaise, paris, septembre 2004

هەڵئاوسان (پەراوێزێک بۆ دواوە) کە گەییشتە ڕێژەی 40% لە نرخی بەرهەم، لە بریی ئەوەی پاڵپشتی بێت بۆ ڕکابەریکردن لە ڕێگەی نزمکردنەوەی نرخەکانەوە[21]، بەڵام ئەم زیادەیە لە بەهای پەراوێزدا بۆ دابەشکارەکان، بێگومان بوو بە هۆی زیادکردنی نرخەکان بۆ بەکاربەران. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، هەڵسەنگاندنی تێچوونی ئەم زیادانە، هۆکاری بەرزبوونەوەی تێکڕای هەڵئاوسانە بە ڕێژەی 0.1% بۆ 0.2% لە ساڵێکدا، بەڵام ئەو زیانانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی بەکاربەر، بڕەکەی لە نێوان 0.7 بۆ 1.3 ملیار یۆرۆدایە لە ساڵێکدا، بەڵام یاسای چاکسازیی لاجان کار دەکات –بۆ نواندنی نزیکەی نیوەی دەرامەتە

21- سەپاندنی ئەو یاسایەی کە ناسراو بوو بە (یاسای جالان)– ئەم یاسایە لە ساڵی 1996دا دەرچوە، بە ئامانجی ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان هاوردەکاران و دابەشکارەکان–ڕێگاکە زیاتر توندترە بۆ هەژمارکردنی نزمترین ئاستی فرۆشتن بە زیان، یاساکە بە تەنها وەرنەگرتنی نزمکردنەوەی وەرنەگرت کە دابینکەرەکان دەیدەن بە دابەشکارەکان لە ژێر ناوی (هاریکاریی بازرگانی) ناسراوە بە (پەراوێزەکانی پشتەوە)–لە لەبەرچاوکردنی لە هەژمارکردنی نزمترین ئاستدا.

گەرەنتیکراوەکان لەو پڕۆژە یاسانەدا کە دەربارەی کۆمپانیا بچوکەکان و ناوەندییەکانن– لەگەڵ لەخۆگرتنی هەندێک ئامانجی تردا بۆ دیاریکردنی ئاستی نویَ فرۆشتن بە زیان و قەدەغەکردنی ڕێکەوتنی لەئەستۆگرتن کە زیان بە سیاسەتی نرخەکان دەگەیەنێت، بەڵکوو هەڕەشەکردن زۆر لە کۆمپانیا بچوک و ناوەندییەکانی گرتەوە، بەڵام ئەم کارەکە بە کۆتایی نەگەییشت، پاشان کۆمەڵەکانی خاوەن بەرژەوەندیی (لۆبی) مومارەسەی ئەم گۆشارانەیان دەکرد دەربارەی ئەم پرسەیە.

گەر کاریگەرییەکی کاریگەریان هەبێت لەم بەرەیەدا بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی قازانجەکان،ئەوا بەرەی نرخەکان و توانایی کڕینی هەندێک توێژی دیاریکراوە، لە هەمان کاتدا بۆ هاوکاریی دروستکردنی هەلی کار. پێویست ناکات لایەنەکانی دارایی لەگەڵ لایەنی دەروونی لەم بوارەدا فەرامۆش بکرێن، پێویستی بە وریاکردنەوە هەیە سەبارەت بەو جەنگە لە بەرەی ناڕاستدا هەیە، لە سەرەتای ساڵی 2002دا تێکڕای خواستی ناوخۆیی بە شێوەیەکی ئاشکرا زیادی کرد، زیاتر لە تێکڕای

زیادەی بەرهەمی ناوخۆیی، هاوردەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک جێگای بەرهەمی ناوخۆیی گرتەوە. هەر وەک گوتمان، زیانی بازاڕە دەرەکییەکان گەورە بوو، هاوبەشیکردنیش لە بازرگانیی نێودەوڵەتیدا بۆ گەشەی ئابووریی نێگەتیڤە[22]. ئەمە ئەوەی سەلماند کە گرفتی فەڕەنسا (هەر چەندە بە پێچەوانەوە لە ئەڵمانیادا ڕووی دا) نەبوونی توانایی خواستی پێویست و زیادە بوو، ئەمە بە هۆی نەبوونی توانایی وەڵامدانەوەی خواستەکانەوە بوو؛ پاشان سیاسەتی بەرزکردنەوەی توانایی کڕین بە شێوەیەکی گشتی مانای چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانە بە بێ دەستبردن بۆ هۆکارە نادیارەکان، کە تەگەرە بوون لە بەردەم گەشەی فەڕەنسادا، بەڵکوو ئەمە بوو بە مەترسیی گرژکردنەوەی نەخۆشییەکە بە پاڵپشتیکردن لە پرۆسەی بەفیرۆچوونی توانایی ڕکابەری.

---

22- لە ماوەی تەنها ساڵێکدا-یاخود لە سەرەتای ساڵی 2004، هەتا سەرەتای ساڵی 2005-خواستی ناوخۆی فەڕەنسا بەرز بوەوە بە ڕێژەی 3.1%، لە کاتێکدا کە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی بە ڕێژەی 1.5% بەرز بوەوە، جیاوازیی نێوان ئەو دوو ڕێژەیە دەگەڕێتەوە دارمانی تەرازووی بازرگانیی دەرەکی.

دەتوانین بڵێین: پەیڕەکردنی سیاسەتێک کە ئامانجی دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتە لە بەرژەوەندیی کرێکاران و بەرزکردنەوەی توانایی کڕینی ئەو توێژانەی کە زیاتر بێبەش بوون لە دووبارە گێڕانەوەی متمانە و پاڵپشتیکردنی گەشە بە نمرەیەکی دیاریکراو، بەڵام ئەمە ماقووڵ نییە (لە ماوەیەکی درێژی مەترسیداردا) هەوڵدان بۆ چالاککردنی خواست بە ڕێوشوێنە تیۆرییەکانی کینز. جگە لەوەی کە بە تەنها دەمانەوێت پاڵپشتی ئەو کارانە بکات بە ئاڕاستەی هاوردەکردن و گواستنەوەی کارگەکاندا! بەرزکردنەوەی گشتیی توانایی کڕین هەرگیز پێشەکییەک نییە بۆ دەرچوون لە داوی گەشەی لاواز، بەڵام دەبێت دەرئەنجامێکی دڵخۆشکەری هەبێت بۆ داخستنی سوڕێکی باش.

ئەمە پێویستی بە کۆکردنەوەی ژمارەیەک مەرج هەیە، لە پێش هەموویانەوە -جەوهەری بەکارهێنانی دراو کە وەک ڕووبار لە ئابووریی نێودەوڵەتیدا دەڕوات لە پێناو پێشکەوتنە ئابوورییەکان و وەبەرهێنان لە بواری کۆمپیوتەر

و کارگەکان و ژێرخانی ئابووری و توێژینەوە و پێشکەوتن، نەک بۆ پاڵپشتیکردنی کورتکردنەوەی هەناسەدان بە دوای ئەو دەستکەوتە داراییيە گەورانەی کە لە ماوەی کورتدا هەن، زیان دەدات لە کۆمپانیاکان و کرێکاران و تەواوی ئابوورییش. لە داهاتوودا دەبێتە مەترسی گەر جیهانگیری (بە کار بهێنرێت) لە هەژماری وەبەرهێنەرەکاندا ئەوانەی کە بە دوای دەستکەوتە تایبەتییەکانیانەوە ڕا دەکەن، ئەوانە هەندێک شتیان بە سەر ئەو کۆمپانیایانەدا سەپاند کە تێکڕای قازانجێکی زەبەلاحیان لە دەرامەت ناوخۆییيەکاندا هەیە. ئەمە یەکەم ئامانجی چەوتەڕێیە کە سەرمایەداری لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا تووشی مەترسی دەکات.

# بەشی چوارەم

# ئەو مەترسییە شاراوانەی
# کە بە دوای قازانجەوەن

ئەوە جیهانگیری نییە، کە گواستنەوەی کارگەکان و هەندێک شتی تریش وەک گوشار دروستکردن لە سەر کرێ پەیڕەو دەکات، ئەو بیانوەی کە کۆمپانیاکان بە کاری دەهێنن کارێکی فریودەرانەیە کە مەبەستیان لێی ڕاکردنە بە دوای دەستکەوتێکی زەبەلاحی سەرمایەدا، بە تایبەتی گەورەوەبەرهێنەرەکان کە خواستی ئەم جۆرە قازانجە دەکەن؟ ئەمە پرسیارێکی پێشنیار کراوە، پرسیارەکە ئەم خێراییە زیاتر دەکات، بە تایبەتی کاتێک کە کۆی کۆمپانیا جیهانییەکان کەوتنە لێدانی ئەو خاوەندارێتییە نوێیەی کە ناو دەبرێت بە (بەها بە نیسبەت خاوەن پشکەکانەوە). ئایا بەردەوامبوون لە سەر ڕاکردن بە دوای دەستکەوتی زەبەلاحی سەرمایەی وەبەرهێنەراندا کە ماوەیەکی درێژە بینایی خۆیان بۆ ئەو قازانجە زەبەلاحانە لە دەست داوە و لە پێناوییشدا کاری سەرەکیی خۆیان لە بیر کردوە، لە ئێستایشدا تەنها خەریکی گەڕانن بە دوای ئەو پڕۆژانەی گەشەسەندندا کە سامان دەخوڵقێنن، هەلی کار دروست دەکەن؟

**ئەفسانەی ڕێژەی 15%قازانجداری و دیکتاتۆریەتی (دەستکەوتی پشکەکان).**

هیچ کەس بە دیاریکراوی نازانێت کێ ئەفسانەی قازانجداری لە سەدا پانزە (15%) ی دروست کردوە لەگەڵ دەستکەوتی هەر پشکێکدا (مافی پشکدارەکان). بەڵام زۆرینەمان ئەوە دەزانین، ئەمە خەیاڵی هەر دوو ئابووریناسی ئەمریکی: فرانکۆ مودیلیانی و، میرتۆن میلر (هەروەها چەند کەسێکی تر) بوون لە کۆتاییی ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوودا بیرۆکەی (دروستکردنی بەها)یان بڵاو کردەوە، هەموان دەزانن لە کۆتاییی سەدەی ڕابردوودا ئامانجی (15% قازانجداریی سەرمایەی خۆی) بریتی بوو لە ئاسۆیەک کە (نا)کرێت هیچ کۆمپانیایەک ئەم بەربەستە ستراتیژیە تێ بپەڕێنێت.

ئەوە سروشتییە کە (هەر سەردەمێک گوێچکەی خۆی هەیە) هەر وەک ئەوەی دەڵێن، ئامانجی ساڵانی شەست بریتی بوو لە قەبارەی (سەرجەمی هەبوەکان (إجمالی الأصول) و، قەبارەی کار)؛ لە ساڵانی حەفتادا، ئامانجەکە

قازانجی ژمێریاری بوو: قازانجی پوخت و، قازانجی پوختی پشکەکان، بەڵام لە ساڵانی هەشتادا ئامانجەکە فەراهەمکردنی نەخت بوو: لێشاوی نەختینەیی و، لێشاوی نەختینەی بەکارخستن و لێشاوی نەختینەی ئازاد.

لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەددا، هەموو بەڕێوەبەرەکان لە تەواوی جیهاندا بیرۆکەی دروستکردنی بەهایان لە ژێر ڕۆشناییی قازانجداری سەرمایەی وەبەرهێنان دانا (سەیری نووسراوی ناو لاکێشەکە بکە). ئەمە یەکێکە لەو ژمارانەی، خاوەنی سروشتێکی جادووگەرانەیە، کە زۆرینەی ئاگادارییی ئابوورین و بەهایەکی ڕەمزییان پێ دەبەخشن –بە بێ هیچ لۆژیکێک– دەیکەنە بەهایەکی هەڵگیراو، بە تەنها خاوەن پشکەکان دەبن بە پاڵەوانی پەسەندکراوی پرۆسەی دابەشکردنی زێدەبەها، هەروەها داوا لە بەڕێوەبەرەکان کراوە ڕەچاوی قەبوولکردنی سەرەتای یەکەم بکەن. بۆ نموونە، یۆزیف ئاکرکمان، سەرۆکی «دویتشە بانک» سەرەتای ساڵی 2005 کاریگەرییی هەبوو لە سەر ئەو

هەڵڵایە، لەو کاتەدا کە بەڵێنی دابوو بە خاوەن پشکەکان ڕێژەی 25% وەک دەستکەوتی هەر پشکێک لە هەمان ساڵدا بە دەست بهێنێت، ئەمە بە مانای ئەوە دەهات، کۆمپانیا قازانجێک بە دەست دەهێنێت کە ملکەچی باج دەبێت بە بڕی 6ملیار یۆرۆ! ئەمە مایەی سەرسوڕمانێکی زۆر بوو، ناتوانین لەوە تێ بگەین کە بانک بتوانێت قازانجێکی وەها بە دەست بهێنێت بە بێ هیچ خولێکی دارایی و پیشەسازی (دەستکەوتی هەر پشکێک کە بانک بە دەستی هێنابوو لە ساڵی 2004دا لە ڕێژەی 10% تێپەڕی). بەڵام ئەم لێدوانەی سەرۆکی بانک کاریگەریی هەبوو لە سەر ئەو تووڕەبوونە گەردەلوولییەی ڕاوێژکار، جیرهارد شرویدەر کە بانگەشەی بیرۆکەیەکی بە ناونیشانی (ئەرکی کرێکاران بەرانبەر بە بانکەکان) دەکرد. ئاکرمان ئەم بەڵێنەی تەواو کرد، بەڵێنێکی تری دا، کە بریتیی بوو لە پووچەڵکردنەوەی یان گواستنەوەی 10% کارمەندەکانی بانک، یان 6400 هەلی کارکردن کە سێیەکی ئەو کرێکارانە بوو لە ئەڵمانیا!

## پێودانگەکانی قازانجداری بە نیسبەت دەستکەوتی پشکەکانەوە

سەرەتا تیشک دەخەینە سەر ژمارەیەک لە پێودانگەکانی قازانج: بۆ نموونە دەرئەنجامی بەکارخستن و دەستکەوتی پارە ناوخۆیییەکان (یان دەستکەوتی پشکەکان بە گوێرەی گوتاری وەبەرهێنەرەکان) و دەستکەوتی سەرمایەی پێشکەشکراو (یان دەستکەوتی سەرمایە وەگەڕخەر (راس المال العامل). ئەو پێودانگەی کە زیاتر بە کار دەهێنرێت ئێستا بریتییە لە دەستکەوتی پشکەکان. ئەم پێودانگە تا ڕادەیەک خاوەنی سروشتێکی خودییە، بۆ نموونە وەک داشکاندنی کۆمپانیایەک بۆ هەندێک لە پشکەکانی بەرانبەر بە قەرز، پاشان دەرامەتە ناوخۆیییەکانی دادەبەزێت و دەستکەوتی پشکەکانی زیاد دەبێت. لە واقیعدا بە شێوەیەکی گەورە لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەددا ئەمە ڕووی دا، بەهای دەستکەوتی پشک بەرز بووەوە بە ڕێژەیەکی زۆر دەرئەنجامی یاریکردن بوو بە پرۆسەی قەرزکردن، بەم شێوەیە بوون بە خاوەنی ئەو دەرئەنجامە بەناوبانگە... ئەم شێوازە ئێستا بە شێوەیەکی فراوان بە کار دەهێنرێت، هێرشەکانیش لە

ئەورووپادا بۆ بەرزکردنەوەی دەستکەوتی هەر پشکێکن بە مەبەستی گەییشتنەوە بە هاوشێوەکانی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەردەوامە.

– دەستکەتی پشکەکان: ئەم ڕێژەیە حساب دەکرێت، بەڵام بە سەر تاکە کۆمپانیایەک لە نێو کۆمەڵەیەکدا، دواتر بە سەر تەواوی کۆمەڵەکەدا. ئەمە مەرجی ئەندامێتییە لە کۆمەڵەیەکدا، ئەو قازانجە پوختەی کە لە سەرمایەی تایبەتی ئەندامانی کۆمەڵەکەوە بە دەست دێت، بۆ ئەندامانی هەمان کۆمەڵە لە ساڵێکی داراییی دیاریکراودا تەرخان دەکرێت، بەڵام لە حاڵەتی تەواوی کۆمەڵەکەدا، قازانجە پوختە گشتییەکە تەرخان دەکرێت (تەنانەت بەشی ئەو لایەنانەی کە کەمترین پشکیان هەیە) بۆ ساڵێکی دیاریکراوی سەرمایەی گشتیی کۆمەڵەکە (تەنانەت بەشی کەمترین پشکیش) لە یەکەم ساڵی داراییی دیاریکراودا.

– دەستکەوتی سەرمایەی وەگەڕخەر (الراسمال العامل): لێرەدا بە شێوەیەکی تایبەت پرسی دیاریکردنی ئەو بنەمایانەی کە سەرمایەی پێ دیاری دەکرێت پڕ دەکرێتەوە، بە تایبەتی دیاریکردنی ئەو پسپۆڕییانە لە ناو سەرمایەی وەگەڕخەردا حساب دەکرێن... بۆ

تێپەڕاندنی ئەم گرفتە. دەکرێت هەژماری سەرمایەی وەگەڕخەر بکرێت بە هەبوەکانی (نموونەیی و نانموونەیی) تایبەتکراوەکان+ دارایی بەکارخستن (بریتییە لە بەهای کاڵای گەنجینە+ کڕیارەکان- هێنەرەکان). ئەم سەرمایە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بۆ دەرئەنجامەکانی بەکارخستنی پێش باج تەرخان دەکرێت. ئەمە بریتییە لە جۆرێک لە سەرمایەی وەگەڕخەر کە دەستەکانی چاودێری لە کەرتەکانی پێوەندیکردن و ئاو و، گاز و، کارەبادا بە کاری دەهێنن.

تێبینی دەکرێت کە هەبوە داراییەکان دوور دەخرێنەوە (پشکی بەشداربوون و، وەبەرهێنانەکان) و بەرهەمەکان و ئەو لەئەستۆگرتنانەی کە پەیوەستن پێوەی، ئەمەیش مانای وایە، ئێمە بە کرداری ڕوومان کردوەتە بەکارهێنانی. جیاوازییەکان دەردەکەوێت لەگەڵ هەژماری کۆکراوەدا.

ئێمە بە وردی پێکهێنەرە وەسفییەکان نازانین، کە دکتۆر ئاکرمان بە کاری هێنا، بەڵام ئاشکرایە کە چالاکە، ئەوەی زانی لە بەهاری ساڵی 2005دا دەستکەوتەکانی بانک پێش

لێدەرکردنی باج گەییشتە ڕێژەی 25% لە چارەکی دوەمی ئەو ساڵەدا، لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکاندا پێکەوە دەگونجان بەدرێژاییی ساڵێکی تەواو (لە 14 یۆنیۆدا سەرۆکی دویتشە بانک پاداشتێکی دەستکەوت لە بریی ئەو لاپەڕە پێداهەڵدانەی کە ڕۆژنامەی تایمز لە سەری بڵاوی کردەوە). بەڵکوو لە ماوەی نیوەی یەکەمی ئەو ساڵەدا دەستکەوتی هەر پشکێک بە ڕێژەی 29% بەرز بوەوە، بەم بۆنەیەوە، یۆزیف ئاکرمان بەڵێنی دا لە کۆتاییی مانگی یۆلیۆ زیادەیەکی گەورەتر لە دەستکەوتی پشکەکاندا بە دەست بهێنێت لە ساڵی 2005دا، پلانە نوێیەکەی بریتی بوو لە دووبارە کڕینەوەی پشکەکانی بانک، ئەمە چوارەم پرۆسەی یەک لە دوای یەک بوو، ڕێژەی ئەو پشکانەی کە دووبارە کڕییانەوە، گەییشتە ڕێژەی 10% لە سەرمایە لە 31ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2005دا!

لەگەڵ ئەوەیشدا، سەرۆکی بانکی ئەڵمانیا، سوور بوو لە سەر جێبەجێکردنی نموونەی

هاوڕێ بەریتانی و ئیسپانی و فەڕەنسییەکانی. ساڵی 2004، ئاژانسی فیتش بۆ هەڵسەنگاندنی ئەداکان[23] سوودی لە 32 کۆمپانیا لە نێوان سەد کۆمپانیا یەکەمەکەی ئەورووپادا وەرگرت و ئەوەی ئاشکرا کرد، ئەو دەستکەوتی پشکانەی کە بە دەستیان هێناوە لە ڕێژەی15% تێپەڕی کردوە و ترۆپکی وەبەرهێنانیان بە دەست هێناوە لە سەرەتای سەدەی نوێدا، قازانجە کۆکراوەکەیان گەییشتە 100ملیار یۆرۆ. ئەمەیش بە مانای بازدانە بە سەر ڕێژەی 30% ی قازانج لە ماوەی ساڵێکدا، پاشانیش بە ڕێژەی 70% لە ماوەی دوو ساڵدا. لە نێوان بانکە یەکەمەکاندا بڕی دەستکەوتی هەر پشکێکی «دبفای ئێرلەندی» بە ڕێژەی 32.92% بوو و هەر دوو بانکی بەریتانی «ئالایانس ولیستەر» 25.37% و «لویدز» 23.79%، ئەم سێ بانکە لە سەروو بانکە ئەورووپییەکانەوە بوون، بەڵام بانکە فەڕەنسییەکان، ئەوانەی کە لە سەرەوە دێن بانکی «سوسیتیە جنڕاڵ» 16.48% و

23- هەروەها ئەمە لە ڕۆژنامەی لیزیکۆ، لە ڕێکەوتی 11ی یۆلیۆی ساڵی 2005دا بڵاو کراوەتەوە.

«یلیه دکسیا» 16.37%، بەرەنگاری ڕێژەی 15% بوونەوە و دواتر بانکی» BNP باریبا» دێت بە ڕێژەی 14.28% کە بە ئەستەم توانیی ئەم ڕێژەیە بە دەست بهێنێت و بە زنجیرەی35 لە نێوان بانکە ئەورووپییەکاندا.

ئەدای ئەم بانکانە کەمتر بوو لە تێکڕای ئەدای ئەو چل کۆمپانیایەی کە پەیوەست بوون بە بۆرسەی پاریسەوە، لە ساڵی 2004دا تێکڕای ڕێژەی ئەو دەستکەوتی پشکە کە بە دەستیان هێنا بە بڕی 15.4%بوو، یان بەرزتر بوو لە ڕێژەی 15%، ئەوە سەرکەوتن بوو لە ماوەی ساڵانی 2005 بۆ 2006دا بە دەستیان هێنا، ئێمە پێشبینییەکانی نووسینگەی جاک شاهین بۆ مامەڵەی دارایی-مان ڕەچاو کرد. کە نووسینگەیەکی دەڵاڵییە پێشبینیی ئەوەی ڕێژەی 15.6% بۆ ساڵی 2005 کردبوو، تێکڕای ڕێژەی 15.3% بوو بۆ ساڵی 2006 کارەکە بە تەواوی ئاشکرایە، سەرەڕای بارودۆخی ئابووریی وەستاو -بە لایەنی کەمەوە لە ئەورووپادا- هیچ وەبەرهێنەرێک ئامادەیی نییە

بۆ پەسەندکردنی ڕێژەی دەستکەوتی هەبوە ناوخۆیییەکان بۆ کۆمپانیاکان کە کەمتر بێت لە 15%. گوشارکردن بۆ بەرزرکردنەوەی ئەم ڕێژەیە نەوەستا، بەڵام پێشبینییەکان بۆ ڕێژەیەکی بەرز بوو، تەنانەت زەبەلاحیش بوو، بە تایبەتی لە کاتی بەراوردکردنیان بە تێکڕای سوود لە داهاتوویەکی درێژدا.

### تێکڕای قازانجداریی دەرامەتە ناوخۆیییەکان بە مانای مەترسییەکی شاراوە دێت

چەند ساڵێکە ئەو ئاستەی دەستکەوتی پشکەکان کە وەبەرهێنەرەکان دەیانویست گفتوگۆیەکی زۆری دروست کرد، بەڵام ڕەهەندێکی نوێی وەرگرت لە کاتێکدا کە لە جیهاندا تێکڕای سوود زۆر نزم بڵاوبوو. چۆن دەتوانرێت بە شێوەیەکی بەردەوام هاوشێوەی ئەم تێکڕایانەی قازانجداریی دەرامەتە ناوخۆیییەکان بە دەست بهێنرێت، لە کاتێکدا کە سوودی هەبوەکان دەمێنێتەوە و ڕووبەڕووی مەترسی نابێتەوە (بۆ نموونە قەواڵەکانی

دەوڵەت)، لە 4% تێ ناپەڕێنێت؟ ئەمە بە ئاشكرا بە مانای ئەوە دێت كە كۆمپانیایەک قازانجەكانی لە دەرامەتە ناوخۆیییەكانی ئاشكرا دەكات بە ڕێژەی 20% بۆ نموونە سەرەمووچەیەک دەدات بە بڕی 16% (جیاوازیی نێوان هەر دوو تێكڕاكە) بەرانبەر ئەو مەترسییانەی كە ڕووبەڕووی سەرمایەكەی دەبێتەوە، وەک هەمیشە ئەمە سەرەمووچەیەكی زۆر بەرزە بۆ ئەو مەترسییانەی كە لە سەر پشكەكانی هەیە، ئەمە گرفتی ڕاستەقینەیە.

یەكێک لەو هۆكارانەی كە بەڕێوەبەرەكان بە كاری دەهێنن بۆ زیادكردنی قازانجداریی دەرامەت ناوخۆیییەكان –وەک بینیمان– بێبەشكردنی كرێكارەكانیانە لە وەرگرتنی بەشی خۆیان لە بەرزبوونەوەی بەرهەمداری[24]. ئەمە لە سەرەتای ساڵەكانی نەوەددا لە یابان تێبینی كرا، لە سەرەتای سەدەی نوێوە لە ئەمریكا و ئەڵمانیا و لە ساڵی 2003وە لە فەرەنسادا هەمان شت تێبینی كرا، لەگەڵ

24- سەیری بەشی دوەم بكە.

بەرزبوونەوە لە بەرهەمداریدا دەکەوێتە سەروو بەرزبوونەوەی کرێی ڕاستەقینەوە.

هەندێک میکانیزمی تر هەیە کە کۆمپانیاکان دەتوانن لە ڕێگەیەوە بەرهەمداریی دەرامەتە ناوخۆییەکانی پێ بەرز بکەنەوە، بەڵام ناچار دەبن بە دووبارە کۆکردنەوەی هەندێک مەرجی دیاریکراو. بە تیۆری ناکرێت کە زیادەی مەترسییەکان بەم بەها بەرزە (16%) بدرێت لە حاڵەتی گریمانەیدا) جگە لە چەند بارودۆخێکی دیاریکراودا، بە شێوەی پەڕینەوەیەکی ئاسایی، بۆ نموونە لە کاتی نوێکردنەوەی تەکنۆلۆژیای مۆدێرنەدا یان بەکارهێنانی شێوازی چالاکییە عەقڵانییەکان یان بەدەستهێنانی بەرزبوونەوەیەکی گەورە لە بەرهەمداریدا، ئەمە لە بارودۆخی سێ کۆکراوەکدا ڕوو دەدات. ئەمە ئەو دیاردەیە بوو کە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە نیوەی دوەمی ساڵانی نەوەددا تێبینی کرا، هەمان ماوەیە کە ئەمریکا بە شێوەیەکی بەرفراوان وەبەرهێنانی لە تەکنۆلۆژیای مۆدێرنەدا کرد.

بێگومان ئەمە بوو بە پاڵنەری گەشەی ئابووریی ئەمریکا و لەگەڵیشیدا قازانج و وەبەرهێنان و بەرزبوونەوەی بەرهەمداری، بە هەمان شێوە بەرزبوونەوەی بەرهەمداری ژمارەیەک لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان.

دەکرێت کە کۆمپانیایەکی دیاریکراو (ئاگاداری) دەستکەوتی پشکەکانی بێت کاتێک، بارودۆخەکەی گونجاو بێت بۆ دەستکەوتی مولْکانەی (قۆرخکاری یان بازاڕێک کە چەند فرۆشیارێکی دیاریکراوی هەبێت)؛ دەتوانێت نرخەکانی دیاری بکات گەر نرخەکانیشی بە دڵ نەبێت، ئەم بارودۆخە بە شێوەیەکی گشتی لەو وڵاتانەدا بە دەست دێت کە ڕکابەریی شمەک و خزمەتگوزارییەکانیان لاوازە (وەک فەڕەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی باشووری ئەورووپا)، هەر وەک لە ئاماژەکانی کاڵاکانی ڕێکخراوی هەرەوەزی و گەشەسەندنی ئابووریدا دیارە. خشتەکەیان خاوەنی شەش نمرەیە[25] شارەزایانی ڕێکخراوەکە –لە کۆتاییی ساڵانی

25- سەیری بەشی سێیەم بکە.

نەوەدەکاندا- بەم شێوەیە دیارییان کردبوو، ئیتاڵیا 4.3نمرە و فەڕەنسا 3.9 و ئیسپانیا 3.2 و ئەڵمانیا 2.3 هەبوو، لە هەمان کاتدا ئەمریکا 1.4 نمرەی پێ درا، بەڵام بە تەنها بەریتانیا نمرەی یەکەمی پێ درا. ئەمەیش لە واقیعێکی بەڵگەنەویستە و بە مانای ئەوە دێت کە کۆمپانیاکانی ئیتاڵیا و فەڕەنسا و ئیسپانیا -دەکرێت کە کارگەکانیان بگوازنەوە یان نەیگوێزنەوە- هەندێک لە کەرتەکان دەبن بە کەرتێکی سەرنەکەوتوو، لەبەر ئەوەی نرخی کاڵاکانیان نزم ناکەنەوە بە گوێرەی نزمبوونەوەی بەهای تێچوون یان کەمتری بکەنەوە بە ڕێژەیەی کەمتر.

هەر وەک بینیمان، فەڕەنسا پلەی 3.9ی لە ڕێزبەندییەکەدا بە دەست هێنا، بەڵام لە نێوان ئەو وڵاتانەدا نەبوو کە خاوەنی کێبڕکێیەکی کراوەن لە کیشوەرە پیرەکەدا. لە مانگی یۆنیۆی ساڵی 2005دا، سندووقی نەختی نێودەوڵەتی، سیستەمی بانکیی فەڕەنسای بەوە تاوانبار کرد، کە نزمکردنەوەی نرخی بەدەستهێنانی

دڵنیایی کە بانکی ناوەندی ئەورووپا بە کرداری دەستی پێ کردبوو لە فەڕەنسادا هیچ ڕەنگدانەوەیەکی نەبووە[26]. بە ڕای سندووقی نەختی نێودەوڵەتی، جیاوازیی نێوان تێکڕای سوودی دڵنیاییی بەخشراو بۆ بەکاربردن و مەرجەکانی دووبارە پارەدارکردنەوەی بانکەکان بەردەوامە، بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی بانکی ناوەندی ئەورووپا نرخی سوودی دابەزاند لە ساڵی 2002 و، 2003، دەرئەنجام ئەم کەموکورتییە لە بەکاربردندا کە سندووقی نەختی نێودەوڵەتی بە بڕی 3.75% لەو ماوەیەدا مەزەندەی کرد. لە بەرانبەردا، دەستکەوتی پشکی دامەزراوە داراییيە فەڕەنسییە گەورەکان بەرز بوەوە، ئەویش لەبەر باشیی ئاڕاستەکردنێکی نزیک بۆ (پارێزگاری) بە نیسبەت بە نزمکردنەوەی نرخەکان. هەر وەک پێشتر چۆنێتیی بەرزبوونەوەی دەستکەوتی پشکی کۆمپانیاکانی تەلەفونی فەڕەنسامان بینی

26- یاداشتێکی هونەری لە بارەی سیستەمی بانک و داراییی فەڕەنسییەوە، سندووقی نەختی نێودەوڵەتی، مانگی یۆنیۆی ساڵی 2005.

سەرباری ئەوەی کە نرخی پێوەندیکردنیان زۆر گران بوو (و ئەوانی تریش).

لە کۆتاییدا، ئەوەی دڵنیای بکەینەوە ئەو شیکارییەیە، کە بریتییە لەو دەستکەوتە بەرزەی دەرامەتە ناوخۆییەکان کە بە لۆژیکی دەستی بە سەردا دەگرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا مەترسییەکانی بە هەمان نمرە بەرزن. گەر گریمانەی بارودۆخێکی بازاڕی یۆتیپایی بکەین، ئەمە کتومت پێناسەکردنی مەترسیی دەرامەتە ناوخۆییەکانی کۆمپانیاکانە (16% وەک ئەوەی پێشوو). (زیادەی مەترسی لە سەر پشکەکان) هەمیشە ئەو مەترسییانەی بارگۆڕانەکانی بۆرسە لە داهاتووی درێژدا قەرەبوو دەکرێتەوە. ئەوە زانراوە کە ئەم بارگۆڕانانە لە نێوان 4% بۆ 6%دا دەسووڕێنەوە، گەر کۆمپانیایەکی دیاریکراو دەرامەتە ناوخۆییەکانی بەخش بێت قازانجەکەی زیاترە لە 10% بۆ 12% (هەر وەک لە نموونەکەماندایە) ئەمە دەبێتە هۆی دەرئەنجامێک لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی جۆرێکی تر مەترسی دەبێتەوە. یان بە گوزارشتێکی تر، ئەوانە ڕووبەڕووی مەترسییەکی نائاسایی

دەبنەوە، یان مەترسییەکی (کارەساتاوی)، بۆ نموونە پڕۆسەیەک زۆر (یان زۆرترین) مەترسی هەبێت، یان قەرزپێدانێکی لە ڕادە بە دەر کە دەبێتە هۆی تووشبوونی کۆمپانیا بە هەندێک ناڕەحەتی و بارگۆڕانی باروردۆخی مەترسیدار. لە بارودۆخی کەرتی داراییدا، ئەمە کاتێک ڕوو دەدات، مەترسییەکی گەورە بە دی بکرێت لە (بازرگانیدا) هەژمارە خودییەکاندا. لەگەڵ ئەوەدا مەترسییەکە ئەوەیە، وەبەرهێنەرەکان پێشبینیی مەترسیی (کارەسات) شاراوە ناکەن، ئەوان هەوڵ دەدەن دەستکەوتێکی بەرز بە دەست بهێنن، بە نمرەیەک خۆیان لە لێپرسینەوە بە دوور بگرن لە سەر بنەڕەتی ڕاستەقینەی ئەم دەستکەوتە بەرزانە.

### ئابڕووچوونە داراییەکان و دەرکردنی سەرۆکەکانی ئەنجوومەنی کارگێڕی

بێگومان ئەمە (ڕێگەی) کۆتاییە بۆ بەرزکردنەوەی دەستکەوتی پشکەکان (بە شێوەیەکی دروستکراو) لە هەمان کاتدا شیکاری

زیادبوونێکی ناماقووڵی قەرزی کۆمپانیا ئەمریکی و ئەورووپییەکانی دەکرد لە ساڵانی نەوەددا، بە تایبەتی لە قۆناغی (باڵۆنەکانی ئەنتەرنێت)دا (لەم ماوەیەدا قەرزی کۆمپانیا ئەورووپییەکان بەرز بووەوە بۆ ڕێژەی 85% لە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی لە ئەڵمانیادا، 70% لە فەڕەنسا و 45% لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا). تەقینەوەی باڵۆنەکان تەقینەوەیەکی هاوشێوەی بە دوای خۆیدا هێنا لە بارودۆخی (وەستاندا)، پێش ئەوەی کە کۆمپانیاکان بگەڕێنەوە بۆ کەمکردنەوەی قەرزەکانیان بە شێوەیەکی گەورە. لە واقیعدا (تێکڕای وەستان) [27] تەقییەوە لەم قۆناغەدا، ڕێژەی 20%ی تێپەڕاند لە ساڵەکانی 2002-2003 (بە ڕێژەی 10% لە ویلایەتە یەکگرتوەکان)، لەگەڵ ئەوەدا ئەم تێکڕایە لە بارودۆخێکی ئاساییدا لە ڕێژەی 2% بۆ 3% دەوەستێت. لەم ماوەیەدا، هەندێک لە کۆمپانیاکانی دوودڵ نەبوون لە بەکارهێنانی

27- ئەوە بە مانای ئەوە دێت کە فەرمانگە داراییەکان، گەیشتە ڕێژەی ئەو کۆمپانیانەی کە لە چالاکییەکانیدا وەستابوون، یاخود مایەپووچبوونەکانیان ڕاگەیاند.

ئەو هۆکارانەی کە گومان لە شەرعیەتیاندایە بۆ پاراستنی قازانجداریی سەرمایەکانیان بە هەر نرخێک و کێشکردنی پشکدارەکان، گەر فیڵکردنیش لە پرۆسەکانی هەژمارکردن و شاردنەوەی بەشێک لە قەرزەکان هەبێت.

کۆی ئابڕووچوونەکان لە سەرەتای سەدەی بیستویەکدا لە قۆناغی شەپۆلی ئەنتەرنێتدا ڕووی دا، پاشان زیانە درێژکراوەکانی تەقیەوە. بەم شێوەیە ژمێریاریی سەربەخۆ ئاشکرای کرد- دوای مایەپووچبوونی کۆمپانیای (بارمالات)ی ئیتاڵی لە مانگی دیسەمبەری ساڵی 2003دا- ئەم کۆمپانیایە پوختەی قەرزەکانی گەییشتبوە 14.3 ملیار یۆرۆ (بەڵام لە بەرانبەردا کۆمپانیاکە تەواوی قەرزەکانی بە بڕی 1.8 ڕاگەیاند)، بەڵام دوای نزیکەی 10 ساڵ لە یاریکردن بە هەژمارەکانەوە، بۆ نموونە، هەژماری کۆمپانیای ئەمریکی (وورلد کۆم) کە کۆمپانیایەکی زەبەلاحە لە بواری پێوەندیدا لە ئەمریکا- زۆر خراپ بوو، گەییشتە نزیکەی دە ملیار دۆلار، ئەم کارە

بوو بە هۆی ئەوەی کە خاوەن پشکەکان کرد بە خاوەن سامانێکی گەورە، هەروەها داوای چەندین ملیار دۆلاری لە فەرمانبەرەکانی کرد لەو پاشەکەوتانەی کارمەندەکان لە پشکی کۆمپانیان و بانکەکانیش کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد داوای 6 ملیار دۆلاریان دەکرد (بەهای تەواوی زیانەکانی بانک تا نیوەی ساڵی 2005 دیاری نەکرابوو) هەروەها کۆمپانیای ئینرون بەرەو مایەپووچبوون بە هۆی فێڵکردنەوە دەچوو، لە ساڵی 2001دا خاوەن پشکەکانی ئەم کۆمپانیایە پەنجا هەزار کەس بوون، بڕی 40 ملیار دۆلار زیانیان بەر کەوت و تەنها بەشێکی بچوکی نەبێت، هیچیان دەست نەکەوتەوە.

بەم شێوەیە لە وۆڵ ستریت ورد دەبینەوە، کە هاندەری مودێلکی ئابووریی تێکچوو و هەژمارێکی قەڵب و قەرزێکی شاراوەیە لە ژێر بەڕەدا، کەچی هێشتا بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە خەریکی خۆنمایشکردنن، ئەمانە هەمان ئەو

بەڕێوەبەرانەن کە زۆرینەیان گەندەڵن. ناکرێت دەزگاکانی چاودێری و سەرپەرشتیکردن لە بەرانبەر ئەم ئابڕووچوونانەدا دەستیان بەسرابێت، بەخێرایی هەندێک یاسای نوێیان بۆ کارکردن و باشکردنی کارگێڕیی داراییی کۆمپانیاکان دانا. لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بەهاری ساڵی 2002دا بڕیار لە سەر یاسای (ساربان/ئوکسلی) درا، کە بریتی بوو لە گۆڕانێکی ڕیشەیی یاسای (کارگێڕی دارایی) بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان (سەیری نووسراوی ناو لاکێشەکە بکە). بەم یاسایە (لەگەڵیدا ژمارەیەک ڕێکەوتن هەیە لەگەڵ هەندێک پیشەی دیاریکراودا) ویلایەتە یەکگرتوەکان چوارچێوەیەکی چاودێریی توندی دیاری کرد، لە هەمان کاتدا واژۆ کرا لە سەر چەند سزایەک لە کاتی سەرپێچیکردنی یاسادا (کە ماوەکەی دەگەییشتە نزیکەی بیست ساڵ لە بارودۆخی پێشکەشکردنی بودجەیەکی خراپدا). لێرەدا هەوڵدانێک دەبینین بۆ دوورکەوتنەوە لە فێڵکردن و سزادانیان بە بێ دەستبردن بۆ ئەو

بارودۆخەی کە هاندەریەتی و هەوڵدانێکیش دەبینین بۆ چارەسەکردنی نەخۆشییەکە بە بێ دەستبردن بۆ ڕیشەکەی.

بە بێ گەییشتن بەم پلەیە لە بارودۆخی فریودان و فێڵکردن، هەموو گوزارشتەکان پاڵنەری بەڕێوەبەرن بۆ یاریکردن بە کاغەزە گرینگەکانی قازانجی سەرمایە، هەروەها هاندەریانن بۆ بەدەستهێنانی باڵاترین دەرئەنجام لە نزیکترین کاتدا. ئەم گوزارشتانە، دەرکردنی دەرئەنجام و پێشبینیی قازانجی ساڵانەیە و پێودانگە ژمێریارییە نوێیەکان، هەتا ماوەی مانەوەیان لە سەنتەرەکانیاندا کورت کرایەوە، هەموویان ملکەچی ئەو گوشارە بوون کە لە سەریان بوو، بەڵکوو هەندێک لە بەڕێوەبەرەکان، ئەوانەی کە لە پۆستەکانیان لابران، لەبەر ئەوە بوو کە نەیانتوانی دەرئەنجامێکی شاییستە بە دەست بهێنن، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد بکات. بە گوێرەی توێژینەوەی سەنتەری ڕاوێژکاریی ئەمریکی (بۆز ئالین هامیلتۆن)، لە نێوان 2500 لە گەورە کۆمپانیاکاندا لە ساڵێکدا، 354 لە

سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی لە ساڵی 2004دا گۆڕیوە، 111 یانزە لەو سەرۆکانە بە تەنها سوپاسێکیان ئاڕاستە کردن[28]. ڕاپۆرتەکە دەگات بە بۆچوونێکی پەسەند: ئەو کۆمپانیایانەی چوونە ناو سەردەمێک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیی تێپەڕ و کاتی، تێکڕای مانەوەیان لە سەنتەرەکانیاندا لە ئەمڕۆدا بوە بە 6.6 ساڵ، لە کاتێکدا ناوەندی مانەوەیان لە سەنتەرەکانیاندا لە ساڵی 1995دا نزیکەی نۆ ساڵ بوو.

## پرانسیپە سەرەکییەکانی یاسای ساربان-ئاوکسلی

**ئەو یاسایەی لە 30ـی یۆلیۆی ساڵی 2002دا کۆنگریسی ئەمریکا لە سەر پێشنیاری هەر دوو سیناتۆری ئەمریکی: پۆڵ ساربان (کۆماری) و مایک ئاوکسلی (دیموکرات) پەسەندی کرد، ئەم بڕیارانەی کە پەیوەستن بە کارگێڕیی کۆمپانیاکانەوە لە خۆ دەگرێت:**

---

28- (سەرۆکەکانی ئەنجوومەنی کارگێڕی: کۆتاییی سەردەم، توێژینەوەیەکە دەربارەی گۆڕانکاریی سەرۆکەکانی ئەنجوومەنی 2500 گەورەترین کۆمپانیای جیهانی)، .Booz Allen Hamilton New York، مانگی مایۆی ساڵی 2005.

- دامەزراندنی ئامێرێکی نویٚ بۆ چاودێری و پشکنین بە ناوی: (ئەنجوومەنی چاودێریی هەژماری کۆمپانیا گشتییەکان) کە لە پێنج ئەندام پێک هاتبێت، دوو دانەیان زۆر شارەزای بواری ژمێریاری بن و تەرخان کرابن بۆ چاودێریی ژمێریارە یاساییەکان (دانانی یاسایەک و پێودانگێکی پیشەیی و پشکنینی کۆمپانیاکان- نووسینگەکان- هەژمارەکان).

- بە سەر سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیدا و بەڕێوەبەری دارایی ئەوە بسەپێنرێت، پەیوەست بن سوێندخواردنەوە، لە سەر دروستیی ئەوەی کە لە ڕاپۆرتە داراییەکاندا پێشکەشی دەکەن.

- زیادکردنی تاوانێکی نویٚ بۆ یاسای سزادان لە ژێر ناونیشانی (بەکارهێنانی هەر هۆکارێک یان گزیکردن بە ئامانجی فێڵکردن لە هاوبەشەکان).

- ئەوە قەدەغە بکرێت لە کۆمپانیاکان کە بڕێکی زۆر لە ڕاوێژکار پێشکەش بکەن بە (نووسینگەکان) ی ژمێریاری بۆ ئەو کۆمپانیانەی کە بە پێداچوونەوەی هەژمارەکانیان هەڵدەستن.

- هەر پێنج ساڵ جارێک نووسینگەکانی پێداچوونەوە بگۆڕێت.

- لە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان بەدەستهێنانی قەرزی

ئاسان قەدەغە بکرێت کە لە کۆمپانیاکانیان دەستیان دەکەوێت.

– بانکە بازرگانییەکان (سزادان)ی شرۆڤەکارەکانیان لێ قەدەغە بکرێت، ئەوانەی کە ڕەخنە لە کرپارەکانی کۆمپانیا دەگرن.

– داوا بکرێت لە کارگێڕییە یاساییەکان لە کۆمپانیاکاندا هەر ڕێوشوێنێکی نایاسایی ڕابگەیەنن بە کارگێڕیی باڵای نووسینگەی پێداچوونەوە.

– دانانی هەندێک ڕێوشوێنی نوێ بۆ پارێزگاریکردن لەوانەی مومارەسە نایاسایی و هەڵخەڵەتاندن ئاشکرا دەکەن.

– ناچارکردنی ئەوانەی پێداچوونەوە بۆ ئەو کۆمپانیای نائەمریکییانە دەکەن کە پشکەکانیان لە بۆرسەی ئەمریکادا تۆمار کراوە، ملکەچی چاودێرییەکانی ئەنجوومەنی چاودێریی دامەزراوەکان بن بە گوێرەی ئەم یاسایە.

دوای دەرچوونی ئەم یاسایە، هەندێک لە کۆمپانیا ئەورووپییەکان لە ئارەزووی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ بۆرسەی ئەمریکادا دوور کەوتنەوە (ناوەکانیان لە لیستی ئەو کۆمپانیایانەدا کوژاندەوە کە پەیوەستن بە بۆرسەوە)؛ بە پێی جێبەجێکردنی یاساکە بە سەر

ئەو کۆمپانیایانەدا کە بنکەکانیان لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانە. یەکێک لە پرانسیپەکان بە شێوەیەکی تایبەت زیان بە کۆمپانیا ئەورووپییەکان دەگەیاند، زەروریەتی بینیی سەرۆکەکانی ئەنجوومەن و ئەوانەی کە پێداچوونەوە دەکەن بە چالاکییەکان و چاودێرییە ناوخۆییەکانی حساباتەکانی کۆمپانیا (بەشی 404). سەرەڕای ئەوە، ئەو کۆتوبەندانەی کە یاساکە سەپاندبووی بە سەریاندا لە بواری پێودانگ و پرانسیپەکاندا جیاواز بوو و داوای لە هەموو کۆمپانیاکان دەکرد کە پەیوەست بن بە بۆرسەکانی ئەمریکاوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، دەرچوون لە بازاڕی دارایی ئەمریکا هەرگیز کارێکی ئاسان نەبوو، ئەو یاسایەی لە ساڵی 1934دا دەرچوو، ئەوەی بە سەر کۆمپانیا پاشەکشەکەرەکاندا دەسەپاند کە دەبێت بەردەوام ملکەچی پرانسیپ و کۆتوبەندەکانی لیژنەی چاودێری و سەرپەرشتیکردنی بۆرسەی ئەمریکا بن؛ لەبەر ئەوە تەنها سێ سەد ئەمریکی لە ناو خاوەن پشکەکاندا مانەوە.

ولیام دوناڵدسۆن، سەرۆکی ئەم لیژنەیە لە مانگی یەنایەری ساڵی 2005دا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد. لیژنەکە بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاسان دەکاتەوە بۆ ئەو کۆمپانیانەی، لە بازاڕی ئەمریکا دەردەچن، هەروەها

داوای لەو گروپی کارکردنە کرد کە لەگەڵیدا بوو بۆ ئەوەی سەیری دواخستنی جێبەجێکردنی بەندێکی تایبەت بکەن بە ئیمزای سەرۆکی سەرۆکی ئەنجوومەن و بەڕێوەبەری دارایی بۆ ماوەی چەند مانگێک (گفتوگۆ لە سەر ئەوە کرا کە ڕێکەوتی 15ـی یۆلیۆی ساڵی 2005 وەک وادەی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دیاری بکرێت). لە کۆتاییدا، لیژنەکە بیریان لە سوککردنی کۆتوبەندەکانی سەر کۆمپانیا ئەورووپییەکان کردەوە وا دەردەکەوێت ئێستا ملکەچی سیستەمی پێودانگی نێودەوڵەتی بن بۆ ڕاپۆرتە داراییەکان (سەیری بەشی شەشەم بکە). لە ڕۆژی یەکەمی مانگی مارسی ساڵی 2005دا، لیژنەی چاودێری و پشکنین ئەوەیان ڕاگەیاند، تەنها ساڵێک ماوە دەدرێت بە کۆمپانیا بیانییەکان، کە ئەم یاسا نوێیانە جێبەجێ بکرێت.

لێرەدا تێبینییەکی گرینگ هەیە، توێژینەوەکە [ئەم کتێبە] ئاماژە بەوە دەکات، زۆرینەی ئەو مەترسییانە ئەوەیە کە تاکەکەسێک پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیی کۆمپانیاکانی ئەورووپای هەیە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەمریکادا، لە هەمان کاتدا تێکڕایی دەرکردنی

بەڕێوەبەرەکان بەرز بووەوە ( ٤٢% لە ئەورووپادا، لە بەرانبەردا ٣٢% لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا). سەرەڕای ئەمە، ماوەی مانەوەی سەرۆکەکانی ئەنجوومەنی کارگێڕییە دوورخراوەکان لە ئەورووپادا دووساڵونیوە بە تێکڕا (لە بەرانبەردا 5،2 ساڵە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان). ئەمە ماوەیەکی زۆر کەمە و ڕێگە بە تاک نادات بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی بسەلمێنێت، ئەم تایبەتمەندییە ئەورووپییە بۆچی؟ بێگومان ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی گەشە لە کیشوەرە پیرەکەدا، دواتر قازانجی کۆمپانیاکان کەمترە، لێرەدا ئاڕاستەی خاوەن پشکەکان بەرەو دوورخستنەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنەکانی کارگێڕییە. بەم شێوەیە جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ ڕێژەی پانزە لە سەدای داواکراو.

هۆکارەکە لێرەدایە: سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی کۆمپانیاکان لە ڕێژەی گەورەی قەرزەکانیان ڕزگاریان بوو (قەرزی چل کۆمپانیاکەی بۆرسەی فەڕەنسا نزم بووەوە لە

240 ملیار یۆرۆ لە کۆتاییی ساڵی 2001دا بۆ 150 ملیار لە ساڵی 2005دا)، کۆمەڵە گەورەکان لە کۆتاییدا بارێکی شیاویان دۆزییەوە بۆ دەستبەرداربوون لە هەندێک پلانی گەشەسەندن و توێژینەوە، گوزارشتی لەوە دەکرد کە قازانجدارییان کەمترە لەو ڕێژەی کە خۆیان دەیانەوێت، ئێمە ئەگەر ئەوەمان جێبەجێ بکردایە، یان ڕەنگە کۆمپانیاکان ئاستی قازانجداری ماقوولێیان هەبوایە-گەر پاڵنەرەکانی گواستنەوەی ئەم بەشە لە بەرهەمهێنان ڕەچاو نەکەین، یان بۆ ئەو وڵاتانەی کە کەمترین تێچوونی هەیە، یان خراپتر بێت، بریتییە لە پارێزگاریکردن بە ڕەزامەندیی شرۆڤەکاران -خاوەن پشکەکان- کۆمپانیاکان هەندێک مەترسیی توێژینەوە لەسەرنەکراو وەردەگرن، دواتر دەرئەنجامەکانیشی زیانبەخشە.

ئەوە ئاشکرایە، ئامانجەکانی تێکڕای قازانجی دەرامەتە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی هەندێک هەڵسوکەوت کە زیان بە ئابووری و خودی کۆمپانیاکانیش لە داهاتووی

مامناوەندا بگەیەنێت (یان بە نیسبەت خاوەن پشکەکانیانەوە یان کرێکارەکانیان). لە کۆتاییدا، دەبێتە هۆی ڕاکردن بە دوای تێکڕای قازانجێکی ناسروشتی و تێکچوونی دابەشکردنی داهات لە دژی بەرژەوەندیی کرێکاران و نزمکردنەوەی دەرامەت سروشتییەکان بە هۆی زۆری لە دووبارە کڕینەوەی پشکەکانی کۆمپانیا و نزمکردنەوەی وەبەرهێنان و هەبوونی هەستیارییەکی زۆر لە دژی پڕۆژانەی کە ماوەدرێژن.

ئەوە دووبارە دەکەینەوە، کە پێشکەوتنی سەرمایەداری بە ئاڕاستەی (بەرهەم)دا بێت ئەوا قازانج و وەبەرهێنانی قازانجداری بە دی ناهێنێت، هەروەها کاریگەریی نابێت و بەکاربردن چالاک ناکات، ئەمە جێگای دوودڵییە. دروستە کە لە سەرەتای بەهاری ساڵی 2005دا، هەندێک لە گروپە گەورەکان وەک: برنۆ ڕیکار و، فرانس تیلیکۆم و، سان جۆبان و، سویس لە فەڕەنسادا، گەڕانەوە بۆ پڕۆسەی تێکەڵاوکردن/ دەستبەسەرداگرتنی

چالاکیی گەورە؛ لەبەر ئەوەی کە خاوەن پشکەکانیان داوای دروستکردنی (دەرچەی گەشە)یان دەکرد، بەڵام ڕەگەزی یەکلاکەرەوەی بەرهەمهێنان بۆ بەرهەم دەمێنێتەوە (پرۆسەی تێکەڵکردن/ دەستبەسەرداگرتن هیچی بە دەست نەهێنا جگە لە گواستنەوەی پارە لە کۆمپانیایەکەوە بۆ کۆمپانیایەکی تر نەبێت)، ئەم جۆرە لە وەبەرهێنان هێشتا بەس نییە بۆ مسۆگەرکردنی داهاتوو.

گواستنەوەیان بە ڕاستگۆیی: ئەوە کێیە کە گەمژەیە -لە ماوەدرێژدا وەهمە- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوە قازانجداریی سەرمایەکان لە ڕێگەی پێشبڕکێیەکی تاودراوەوە بە دوای (دەستکەوتی پشکەکان)دا. لەگەڵ ئەوەدا بەڕێوەبەر و سندووقەکانی وەبەرهێنان بە پەستانکردن لە کۆمپانیاکان تێر نابن، بەڵام ئەوانە بەردەوامن لە پەیڕەکردنی هەندێک لەو شێوازانەی کارگێڕی کە زیاتر مەترسیدارن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕکابەری پارێزراو. یەکێک لە نموونەکان تیشک خراوەتە سەری مانگ بە

مانگ، ئەوانی تر تیشکیان خستوەتە سەر ئەدای دەراوسێکانیان. ئەمە دەبێتە هۆی هێرشەکانیان -لە هەمان کاتدا- لە سەر (کاغەزە)کان خۆیان، ئەمە بە گشتی دەبێتە ئاژاوە لە کۆمپانیا و بازاڕ و ئابوورییەکاندا. ئەمە لادانی دوەمە کە هۆکاری زۆرێک لە زیانەکانە لە کاتێکدا کە جیهان دەناڵێنێت لە ژێر قورساییی شاخەکانی پارەدا کە بە دوای بەرهەمهێناندا دەگەڕێن.

# بەشی پێنجەم

# ڕاکردنێکی توند بە دوای دەستکەوتدا

گەر پارە لە سەرانسەری جیهاندا وەک ڕووبار بە بازاڕی داراییدا بڕوات، ئەوا ئەم شاخە پارە بێسوودانە هاندەری سەرەکین بۆ تاوانەکانی ئەو وەبەرهێنەرانەی هەرگیز لەو قازانجانە تێر نابن، ڕەنگە ئێمە نەتوانین کۆی ئەو مەترسییە ڕێکخراوانەی ئەم بارودۆخە ئاشکرا بکەین.

## ترادیشنالی عەقلانیی وەبەرهێنەران

لەگەڵ ئەوەداکە ئەمەشایستەی سەرسوڕمانە، بەڵام وا دەردەکەوێت وەبەرهێنەران بە تەواوی تێر نەبووبن لەوەی کە پێی دەڵێن (نیشانەکانی کورتبینیی ئیسمی). لە سەرەتای ئەو ماوەیەوە کە زۆر دوور نییە، تێکڕای هەڵئاوسان زۆر بەرز بوو بە پلەیەک پاڵی نا بە تێکڕای سوودی ئاشکرا (ئیسمی)یەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر: لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەددا، لە نێوان 12% بۆ 13% بوو لە ئیتاڵیا و لە ئیسپانیایشدا هاوشێوە بوو، بەڵام لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا ڕێژەی هەڵئاوسان زۆر دابەزیوە –هێشتا زۆرێک لە وەبەرهێنەران

بە بێ هۆشیاریی زیاتر بیر لە دەستکەوتی ئیسمی دەکەنەوە، نەک دەستکەوتی ڕاستەقینە (ئەمە بریتییە لە جیاوازیی نێوان تێکڕای سوودی ئیسمی و، تێکڕای هەڵئاوسان)، هێشتا لە هەوڵ دان بۆ گەڕان بە دوای ئاستی دەستکەوتی ئاشکرا لەم ڕۆژگارەدا.

سەرەڕای ئەمە، زۆرینەیەک هێشتا -ڕەنگە بە ناهۆشیاری بێت- لە ژێر کاریگەریی دیاردەی باڵۆنەکانی ئەنتەرنێتدا بن، ئاستی دەستکەوتی پشکەکان بە شێوەیەک بەرز بووەوە پێشتر ڕووی نەدابوو. لە نیوەی دووەمی ساڵانی نەوەددا، نەدەگونجا قازانجێک بە دەست بهێنرێت ڕێژەکەی لە ماوەی ساڵێکدا بگاتە 100%، ئەمە کارێکە زۆر دەگمەنە ڕوو بدات! ئاماژەکانی «نازداک»[29]، کە پشکی

29- نازداک (سیستەمی دیارکردنی نرخی ڕاستەقینەی پشکی کۆمپانیاکانە کە سەر بە دامەزراوەی نەتەوەییی ناوەندەکانی ئەوراقی داراییە)، نازداک بازاڕی داراییی ئەمریکییە لە ساڵی 1971دا دامەزراوە، بنکەی سەرەکیی لە شاری نیویۆرکە، گەورەترین بۆرسەیە کە لە سەر بنەمای شاشە ئەلیکترۆنییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لەگەڵ 3200 کۆمپانیادا کار دەکات.

کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیای نوێی ئەمریکا لە خۆ دەگرێت، لە نێوان ساڵی1998 بۆ مانگی مارسی ساڵی 2000 بەهای پشکەکانی چوار هێندە بەرز بووەوە، دوای ئەو ئاماژەکانی «یۆرۆستۆکس“ IT- کە پشکی کۆمپانیا ئەورووپییەکانی بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری لە خۆ دەگرێت، تا ڕادەیەک بە هەمان ڕێژەی ئەمریکا بەرز بووەوە. ئەمە وەک مادەی هۆشبەری (بەچێژە)، زۆرینەی وەبەرهێنەرەکان لە ئەمڕۆدا ناتوانن دەستبەرداری ببن.

لە کۆتاییدا، هەموو سندووقەکانی مووچە و سندووقەکانی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی ژیان، خەریکی کێبڕکێکردنن بۆ بەدەستهێنانی گەورەترین پانتایی بازاڕی دارایی. لەبەر ئەوەیە کە لادانی سێیەم تێبینی دەکەین (دوای تێکچوونی دابەشکردنی داهات، هەناسەبڕکێی ڕاکردن بە دوای قازانجدا)، ئەمە دەکرێت ناوی بنێین (ترادیشناڵی عەقڵانی) وەبەرهێنەران کە ئەمە هەرگیز مەترسییەکەی کەمتر نییە، تێبینی دەکرێت کە وەبەرهێنەرە

جیاوازەکان بڕیاری خۆیان دەدەن، لە هەمان کاتدا، ئەمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوە یاخود نزمبوونەوەی بەهای پشکەکانیان بە ڕێژەیەکی گەورە؛ لەبەر ئەوە وەبەرهێنەران بڕیاری کڕین و فرۆشتن لە یەک کاتدا دەدەن، ئەم دیاردەیە کاریگەریی ڕاکردن بە دوای قازانجدا چەند بارە دەکاتەوە. لەو واقیعەی ئێمە ئێستا تێیدا دەژین، سیستەم گەورە بەڕێوەبەرەکانی سندووقە دانپێدانراوەکان دیاری دەکات -ئەوانەن کە هەمیشە پەلەیانە لە دەرکردنی هەر بڕیارێکدا، کە پەیوەست بێت بە کڕین و فرۆشتنی پشکەکان پێکەوە- لە بارودۆخی بازاڕدا.

ئەفسانەی خاوەن پشکە بچوکەکان و پاڵەوانانی دیموکراتیی ئابووری، کە بەڕێز «ج کیس فنستون» سەرۆکی بۆرسەی نیویۆرک لە ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوودا دای هێنا، بوو بە مێژوو. بەڵام دەستتێوەردان لە دەزگاکانی کارگێڕیی پاشەکەوتدا ڕووی لە زیادبوون کردوە، ئەو دەستێوەردانانە شوێنپەنجەکانی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا لە بازاڕە

داراییەکاندا بە ئاشکرا دیارە، بە تەنها خاوەنداریێتیی ئسولّە داراییەکانی تاک (پشک و قەواڵە) بەهێواشی گۆڕانی بە سەردا هاتووە و، گواستراوەتە بۆ خاوەنداریەکی تر (لە ڕێگەی دەڵاڵەکانەوە) (سندووقەکانی وەبەرهێنان و سندووقەکانی مووچە و کۆمپانیاکانی دڵنیایی). توانا ئیدارییەکانی وەبەرهێنان توانیویەتی جێگای هێزە جیاوازەکانی خاوەنی کاغەزە داراییەکانی پێشوو بگرێتەوە. کە هەمیشە پەیوەستن بە کاروباری داراییەوە، ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ترۆپکی ئەم پێشکەوتنانەدا (یاخود شۆڕش)ەدا وەستاوە و لەوانەیە (خاوەن پشکە بچوکەکان) لەو وڵاتەدا، لە ماوەیەکی کورتدا لە بەر چاو نەمێنن. لە واقیعدا 40% هەبوە داراییەکانی خێزانە ئەمریکییەکان لە ڕێگەی سندووقەکانی مووچە و، سندووقەکانی هاوبەشی و دڵنیاییی ژیان وەبەر هێنراون، کە ڕێژەیان لە ساڵی1980دا نزم بوەوە.

ئاشکرایە، هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەرە دانپێدانراوەکان بە تەواوی جیاوازە لە

هەڵسوکەوتی ئەو تاکەکەسانەی کە خۆیان سامانەکانی خۆیان وەبەر دەهێنن. تاک بڕێکی دیاریکراوی هەیە وەبەرهێنانی پێوە بکات و دابەشی دەکات بە سەر جۆرە جیاوازەکانی هەبوەکاندا: پشک و، قەواڵە و، هەبوەکانی خانووبەرە، قەرز... بە گوێرەی ئەو پێشبینییانەی کە هەیەتی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت لە هەموو وەبەرهێنانەکاندا و تێکڕای ئەو سەرکەشییانەیش هەڵدەسەنگێنێت کە لە هەموو هەبوەکاندا هەیە، لە سەر ئاستی تاک ئامادەگیی بۆ مەترسییەکانیش هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی تاکەکان، ئەوانە بڕیاری جیاواز بۆ وەبەرهێنانی سامانە جیاوازەکانیان دەدەن، ئەم جیاوازییە لە هەڵبژاردندا کاریگەریی هەیە و بە سروشتی کار دەکاتە سەر سەقامگیری. لە کاتێکی دیاریکراودا هەندێک لە پاشەکەوتکارمان دۆزییەوە کە هەندێک جۆری دیاریکراوی هەبوەکانیان دەفرۆشت و لە هەمان کاتدا هەندێکی تر دەیانکڕی، ئەم کارە نرخی هاوسەنگیی هەبوەکانی جێگیر کرد.

لە بەرانبەردا بەڕێوەبەرە دانپێدانراوەکان، بەڕێوەبردنێکی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی سامانە دیاریکراوەکان پەیڕەو دەکەن، ئەوانە کار بۆ زیادکردنی پشکەکانیان لە بازاڕی گشتیی پاشەکەوتدا دەکەن (یاخود بەشێکیان وەک دڵنیاییی ژیان، یان سندووقەکانی وەبەرهێنانی پشک، یان سندووقەکانی مووچە...)، ئەم کارە بە تەواوی جیاوازە. لە هەمان کاتدا دەبێتە پاڵنەری هەندێک هەڵسوکەوت کە بە تەواوی جیاوازە، لە سەر بنەمای بەراوردکردن بە بەردەوامی ئەدای هەبوە جیاوازەکان دەوەستێت، ئەمە دەگونجێت لەگەڵ بونیادنانی (ئاماژەکانی ئەدا) ی پشکەکان، یاخود جانتا داراییەکان لە کاتێکی کرداریدا. ئەمە سەرەتای یەکەمە کە دەکەوێتە سەروو هەموو ئامانجەکانی ترەوە.

ئەم ململانێیە لە سەر دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی دیاریکراوی بازاڕە و کاریگەریی یەکلاکەرەوەی دەبێت لە سەر جووڵەی سیستەم، هەروەها ئەمە پاڵنەرە بۆ سزادانی ئەو بەڕێوەبەرانەی، دەستکەوتەکانیان کەمترە

لە تێکڕای ئەو دەستکەوتەی کە بەڕێوەبەر و پارێزگارەکانی تر بە دەستی دەهێنن، یان هەر دەستکەوتێک کەمتر بێت لەو تێکڕایەی بە شێوەیەکی گەورە دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی بەشێکی گەورە لە قەبارەی بازاڕ، لە هەندێک حاڵەتی تردا پێچەوانەی ئەمە ڕووی دا، لە کاتێکدا کە دەبێتە بنەڕەتی (بەرزترین ئەدا). لەم جیهانەدا بەڕێوەبەرە دانپێدانراوەکان بە هەر نرخێک بێت خۆیان لە مەترسییەکان دوور دەخەنەوە لەگەڵ هەر نزمبوونەوەیەک لە ئەداکاندا -هەتا ئەگەر زۆر کەمیش بێت- لە تێکڕای ئەدای ئەوانەیشدا کە لە بازاڕدا دانپێدانراو نین. ئەمە بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە شێوەپێدانی ڕێکخستنی پارێزگاریکردن لە هەبوەکان لە نێو هەموو بەڕێوەبەرەکاندا بۆ هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی وەبەرهێنان، بە شێوەیەک دوورکەوتنەوە لەم ڕێکخستنی تێکڕاییە، زیان بەوانە دەگەیەنێت کە زیاتر لێی دوور دەکەونەوە.

ئەمە هەرگیز جۆرێک نییە لە ترادیشناڵی گەمژانە، کە ئەو بەڕێوەبەرانە لاسایی

کەموکورتییەکانی یەکتری ناکەنەوە لە دەرککردندا یاخود لە ئایدیا نوێیەکاندا، ئەمە لاساییکردنەوەیەکی کورتبینی نییە کە بە هۆی کەمیی زانیارییەکانەوە بێت، بەڵکوو ئەمە بە پێچەوانەوەیە، زیرەکانەترین جۆری ترادیشناڵە (لەبەر ئەوە ئێمە پێی دەڵێن عەقڵانی)، لە جیهانێکدا کە بەڕێوەبەرەکان کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی بەشێکی بازاڕ لە ماوەیەکی کورتدا دەکەن، عەقڵانی بە تەواوی دەبێتە لاساییکردنەوەی کارەکانی دراوسێ، یاخود هەر کردەوەیەکی تر دەبێتە هۆی خۆکوژی. دەرئەنجامی ئەم شێوەیە لە ڕێکخستنی بازاڕ بە تەواوی ڕوونە، لەوێدا هاندەرێک هەیە بۆ هەموو ئەو پارێزگارانەی وەبەرهێنان کە هاوشێوەی هەموویەتی.

لەم ئاڕاستەیەدا زیاتر هەڵسوکەوتی شرۆڤەکارە داراییەکان هان دەدرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا کە یاسایەکی نوێ دەرچوو وەک (یاسای ساربان/ئاوکسلی) یاساکە وەها گریمانە دەکات، کە جیاکاری بکرێت لە نێوان توێژینەوە (یاخود شرۆڤەی کۆمپانیاکان) و، بانکەکانی

وەبەرهێنان (یاخود ئەو لایەنەی کە بەوە ناسراوە، هەڵدەستێت بە خستنەڕووی پشک و قەواڵەی کۆمپانیاکان و جێبەجێکاری پرۆسەی تێکەڵکردن/ دەستبەسەرداگرتن)، ئەوە تێبینی کراوە کە ڕێکەوتنێکی گشتی هەیە لە نێوان شرۆڤەکاراندا دەربارەی ئەو کۆمپانیایانەی توێژینەوەیان لە سەر دەکەن، ئەوانە بە شێوەیەکی گشتی خەریکی پێداهەڵدانی ئەو ئەدایانەن. لە واقیعدا وەبەرهێنەران ئەوە لە شرۆڤەکاران ڕا دەبینین کە بەیەکگەییشتن ڕێک بخرێت لە نێوان شرۆڤەکاران و بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیانەدا کە وەبەرهێنانی تێدا دەکەن، بە دڵنیاییەوە ئەوە ئاسان دەبێت کە شرۆڤەکاران هەڵسەنگاندنێکی هاندەرانە بۆ کۆمپانیایەکی دیاریکراو بکەن. ئەوە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە شرۆڤەکاران دەورێکی چاودێرییان بە شێوەیەکی ورد نییە، ئاماژە بەو ڕاپۆرتە دەکەین کە لە مانگی یۆلیۆی ساڵی 2005دا دەستەی سەرپەرشتیاری بازاڕە داراییەکانی فەڕەنسا بڵاوی کردەوە، لە ڕاستیدا ڕاپۆرتەکە بە زمانێکی ئێجگار سادەی سیاسی

دەدوێت،[30] بەڵام لە کۆتاییدا دەگاتە چەند دەرئەنجامێکی ڕوون: لە دەیەی نەوەدەکاندا کە جیا دەکرێتەوە بە باڵۆنە داراییەکاندا، شرۆڤەکارە داراییەکان لە لایەن وەبەرهێنەرەکانەوە تووشی گوشارێکی توند بووبوون، (ئەم پەستانە شرۆڤەکارانی دارایی ناچار دەکات کە پەیوەستن بە پێشبینییە باوەکانی بازاڕەوە و دواتر پشت بە تێڕوانینی ماوەکورت ببەستن). هاوکاریی پێشخستنی پرۆسەی (بەڕێوەبردنی ئاماژەکان) بکەن لە هەمان ماوەدا بۆ پشتگیریکردنی ئەم ئاڕاستەیە. ئەمڕۆ، ڕێژەی ئەو سندووقانەی کە ئاماژەکان لە ئەورووپادا دەسووڕێننەوە، بە ڕێژەی 20% [31] زیادی کردوە.

30- دەستەی چاودێریی بازاڕی دارایی فەڕەنسا، (لە پێناو بووژاندنەوەیەکی نوێی شیکاری دارایی سەربەخۆی بازاڕی فەڕەنسا)، گرووپێک بە سەرپەرشتیی جادی دیمالدولکس دیدون دەریان کرد، پاریس، یۆلیۆی ساڵی 2005.

31- یان ئەوانەی کە بە شێوەیەکی نێگەتیڤ-سەیری پێکهێنانی جانتاکانیان دەکەن، ئەدای ئاماژەکانی بۆرسە (CAC 40، FTSE 100، و یۆرۆستۆکس 50، و داو جۆنز، و نازداک، و هتد). بەم شێوەیە ئەو سندووقانەی کە ئاماژەی CAC 40 بۆ نموونە پێک دێت لە ئەو چل کۆمپانیایەی کە لە ناو ئەم ئاماژەیەدا هەن، هەروەها بە ڕێژەی ئەو هەڵسەنگاندنەیان. ئەو سندووقانەی کە ئاماژەیان هەیە بە شێوەیەکی گشتی و بەو تایبەتمەندییەی کە (کە دەکرێت بفرۆشرێن یاخود لە ماوەیەکی کورتدا بکڕرێن.

به شیکارکردنی قۆڵی ڕاسپاردەی شرۆڤەکاران لە سەر پشکی ئەو چل کۆمپانیا گەورەی کە لە ناو ئاماژەی بۆرسەی پاریسدا (CAC 40) —لە ماوەی نێوان مانگی یەنایەری ساڵی 2000، هەتا مانگی ئەپرێڵی ساڵی 2005– زۆر شت ئاشکرا بوو. بە شێوەیەکی گشتی –بە درێژاییی ئەو ماوەیە– شرۆڤەکاران لە سەر ڕاسپاردەکانی فرۆشتن ڕێکەوتن ئەویش لە سێیەکی کۆمپانیاکاندا (لە بەرانبەر ڕاسپاردەی (پارێزگاریکردن) لە حاڵەتی سێیەکی ئەو کۆمپانیانەی کە ماون)، بەڵکوو دەلالەتێکی زیاترە لەمەیش، لە کاتێکدا کە ئاماژەی بۆرسە لە بەرزترین ئاستدا بوو، ڕاسپاردەکان –نزیکەی سەرجەمی کۆمپانیاکان– ڕوویان کردبوە فرۆشتن (لە بارودۆخی 34 کۆمپانیا لە 38 کۆمپانیا کە توێژینەوەیان لە سەر کردبوو، لەگەڵ ڕاسپاردەی (پارێزگاریکردن) لە بارودۆخی ئەو چوار کۆمپانیایەی کە مابوون)، زۆر نیشانەی سستبوونی ناوخۆیی دەرکەوتن، ڕێکەوتنەکە هیچ جووڵەیەکی نەبوو تا دوای

ساڵێک لە تێپەڕبوونی بەهای ئاماژەکە. پاشان سەرنجەکە گەییشت بە دەرئەنجام: (شرۆڤەکە ڕەنگە بەشداری بکات لە گرفتەکانی بازاڕ لە کاتی قەیرانی باڵۆنەکانی ئەنتەرنێتدا، پاشان ژمارەکە کەم نەبوو لە حاڵەتی سروشتی پاڵنەری سووڕەکەدا (یان ئەوانە پاڵپشتی ئاڕاستەی بازاڕی دەکرد، جا لە بارودۆخی بەرزبوونەوەدا یاخود حاڵەتی نزمبوونەوەدا –تێبینیی نووسەرەکان)، جا گەر سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کۆی بازاڕ بێت، یاخود ئەو ڕاسپاردانەی کە پەیوەست بوون بە کاغەزە جۆراوجۆرەکانەوە بە شێوەیەکی جیا جیا). (تێبینیی ئەوەمان کرد کە ئەم دیاردەیە لە خودی ئەمریکادایە، هەر وەک ئەو توێژینەوەی کە کۆمپانیای «زاکس ئینفێستمنت»[32] کردی، تێبینیی ئەوەیان کردبوو کە لە ساڵی 2000دا –کاتێک کە باڵۆنەکانی ئەنتەرنێت تەقینەوە– بە ڕێژەی 95% لەو کاغەزە گەرەنتیکراوەکان

32- ئەم توێژینەوەیە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ لە 11ی ئەپریلی ساڵی 2005دا ئەنجامی دا.

له ئاماژەی ستاندارد ئاندبور500دا هیچ ڕاسپاردەیەکیان سەبارەت بە کڕین دەرنەکرد).

له سەر بنەمای ئەم تێبینییە «دەستەی کار» پێشبینیی گەڕانەوەی کرد بۆ (ڕۆح) شرۆڤەی دارایی سەربەخۆ، کارەکە وەها گریمانە دەکرێت -لە ناو هەندێک شتی تردا- (کە بگەڕێنەوە بۆ ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی ئەو هەبوانەی کە بەهای چەند بارەیان هەیە، نەک بە تەنها هەر بە بەڕێوەچوونێکی نێگەتیڤ لە پشت ئاماژەکانەوە، بەڵکوو ئەمە بە پلەی یەکەم پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی قووڵی کۆمپانیاکان دەکات)، یان بە گوزارشتێکی تر، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان شرۆڤەکاریی شیاویان دەست کەوت، یاخود بە پێچەوانەوە.

ئەمە هاوشێوەی ڕاسپاردەکانە -دواتریش بڕیارەکانی وەبەرهێنان- کە ڕەگەزی ناسەقامیگریی بازاڕ لەگەڵ بەرزکردنەوەی نرخە هاوسەنگەکاندا دەنوێنێت، بە پێچەوانەی نائامادەییی نموونەیی حاڵەتی پارێزگاریکردنی پاشەکەوتکاران لە هەبوە داراییەکانیان بە

شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژێر دەستی خۆیاندا. لە کاتێکدا کە هەموو بەڕێوەبەری پارێزگاکان خۆیان لە هەمان کاتدا هەبوەکان دەکڕنەوە، یاخود لەگەڵیدا دەیفرۆشتنەوە، ئەوا ناچاری دەبێت کە گۆڕانکاریی لە نرخی هاوسەنگیی ئەم کاغەزە گەورانەدا دروست ببێت. گەر تێبینیی ئەم شرۆڤەیە بکەین تا کۆتایی، دەگەین بە بارودۆخێک کە تەنها یەک وەبەرهێنەر لە بازاڕدا هەیە، گەر هەبوویەک بکڕن ئەوا بە بەهایەکانیان دەگاتە دوا ئاست، بەڵام گەر هەبوویەک بفرۆشن، ئەوا بەهاکانیان ڕوو دەکاتە سفر!

### دەرئەنجامە تێکدەرەکانی ترادیشناڵ

### حاڵەتی قەیرانی ئاسیا لە ساڵی 1998/1997دا

دەرئەنجامەکانی ئەم ترادیشناڵە، دوای قەیرانی ئابووریی دەوڵەتە تازە دەرکەوتوەکان لە ساڵی 1998/1997 دا ملکەچی توێژینەوەیەکی قووڵ بوون، ئەم قەیرانە شایستەی ئەوەیە لە سەری بوەستین؛ لەبەر ئەوەی قەبارەی ئەو

زیانانە دەرکەوتن کە دەرئەنجامی ئەم شێوازە لە ترادیشناڵە بوون لە لایەن وەبەرهێنەرانەوە و بەهای کاغەزە داراییەکانی تێپەڕاند و هەروەها تووشی تێکڕای ئاڵوگۆڕیی دراوەکان و جووڵەی سەرمایەکانیش بوو.

پاشان دوای ماوەیەک بە کەمبوونەوەی ئاشکرای ئەو مەترسییانەدا دەناسرایەوە، کە لە سەر وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتییەکان بوو، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتییش بەو جیاوازییە بچوکانەدا دەناسرایەوە کە لە نێوان کاغەزە داراییە گەرەنتیکراوەکانی هەندێک وڵاتی تازە دەرکەوتوودا هەبوو، بەراوردکردن بە هاوشێوەی ئەو کاغەزە داراییانە، لە ئەمریکادا، قەیرانەکە لە بەهاری ساڵی ١٩٩٧دا سەری هەڵدا، ئەویش بە هۆی ئەو هۆکارانەوە بوو کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئاشکران. تێکڕای ئاڵوگۆڕی دراوەکان ناواقیعی بوو، ئەوەیش دەرئەنجامی ئەو تێکڕا ڕاستەقینانەی ئاڵوگۆڕی دراوەکان بوو کە نەدەتوانرا بە هۆی کورتهێنان لە ئاڵوگۆڕدا پارێزگارییان لێ بکرێت؛ هەروەها

کارێکی سەختە، ئاڵوگۆڕە گەورەکان و سەرمایەی ماوەکورت لە خۆ بگرێت، کە دەبێتە هۆی کێشکردنی پێشبینییەکی قازانجداریی بەرز، بەڵام پارەدارکردن لە واقیعی وەبەرهێناندا دەبێتە هۆکاری زیادکردنی مەترسییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ؛ هەروەها کۆنترۆڵکردنی مەترسییەکانی سەر بانکەکان بە گوێرەی پێویست نییە بە تایبەتی لە بارودۆخی گەرەنتییەکی نەبینراودا (یان گریمانەییدا) لە لایەن دەستەڵاتی چاودێری و سەرپەریشتیکردنەوە.

گەورەترین گوشار کەوتە سەر تایلاند، کەموکورتییەکانی کەرتی دارایی ئەم وڵاتە چەند بارە بوەوە بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەستبوو بە گومانی جێگیرکردنی تێکڕای ئاڵوگۆڕی دراو و جێگیرکردنی بەهای دراوی ناوخۆیی (ئەلبات) ئەو وڵاتە.

سەرەتای مانگی مایۆی 1997 ئەلبات [دراوی ناوخۆیی تایلاندا] تووشی گوشارێکی زیاتر هات [ بوو بە هۆی نزمبوونەوەی بەهای ئەلبات] لە 2ی مانگی یۆلیۆدا، هێرشەکان بە

پلەیەک بوون کە دەسەڵاتی دارایی ئەو وڵاتەی ناچار کرد دەستبەرداری بەرگریکردن بێت لە بەهایەکی دیاریکراوی ئەلبات. بەخێرایی قەیرانەکە لە وڵاتانی ناوچەکەدا بڵاو بووەوە، بە تایبەتی لە ئەندۆنیسیا و مالیزیا و فلیپین. دواتر سندووقەکانی مووچە و سندووقەکانی تریش لە کڕینی هەر شتێکدا لەو بەشەی جیهاندا تووشی هەرەسهێنان بوون، ئەمە بە شێوەیەکی تەواو وەستابوو، هەتا لە ناو ئەو وڵاتانەیشدا کە هیچ تێکچوونێک لە تەرازوی ئابووریی هەمەکیدا دەرنەکەوتبوو. ئەم پرۆسەیە بوو بە هۆی خوێنبەربوونێکی مەترسیداری سەرمایە لە داهاتووی کورتدا، لەگەڵ نزمبوونەوەی بە پلەیەکی هاوشێوە لە بەهای دراو و نزمبوونەوەیەکی مەترسیداری بەهای هەبوە داراییەکان. بەخێرایی درمەکە کاریگەریی نەبوو لە سەر ئابووریی کۆریا و یابان و پاشان ڕووسیا، بە بێ لە بیرکردنی ئەمریکای لاتینی. کارەکە کاتێک گەییشت، کە قەیرانەکە گەییشتە ترۆپکی وەبەرهێنانی

چاوبرسیی قازانجداری بۆ کڕینی پشکی کۆمپانیا بەڕازیلییەکان کە ڕێگەی بە هیچ کەس نەدەدا، یاخود پێشکەشکردنی قەرز بە ناوچە ڕووسییەکان کە لە سەر نەخشەیش جێگاکانیان نەدەزانی. ئەمانە هەمووی لە سەر هێڵە بچڕاوەکان بوون کە بە بێ هۆشیاری بەرەو کەناری دۆزەخ دەڕۆیشتن.

جووڵە توندەکانی نرخی بۆرسە -یان تێکڕای ئاڵوگۆڕی دراوەکان- بێگومان بە توندی دەبێتە هۆی جووڵاندنەوەی سەقامگیری، بەڵام دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەم هەڵبەزودابەزە بە هیچ دەرئەنجامێکی تری ترادیشناڵەکە بەراورد ناکرێت (گوژمەی سەرمایە بیانییەکان بۆ وەبەرهێنانی لە وڵاتە دەرکەوتوەکاندا، پاشان زەرەرمەندبوونی هەموویان)، بەڵام زیانە لاوەکییەکانی ئەم (ڕاوەستانە کوتوپڕانە) بۆ پارەدارکردنی بیانی لە ماوەی قەیرانی ئاسیای ساڵی 1997/ 1998بە تەواوی ئاشکرا بوو.

ئەم کارە بە پلەی یەکەم پەیوەست بوو بە قەرزی ماوەکورت و قەرزی نێوان بانکەکانەوە.

پێش قەیران، داهاتی ئەم قەرزانە (کە قازانجی قەرزی ئەو وڵاتانەی بەرز کردەوە و تێکڕای ئاڵوگۆڕی دراوەکانی لەگەڵ دۆلاردا جێگیر کرد) بوو بە هۆی دەرکەوتنی زیادەی نەخت (پارە)، هەروەها هاندەر بوو بۆ فراوانکردنی بەرچاوی دڵنیایی؛ لەبەر ئەوەی کە داهاتی سەرمایە بوو بە هۆی بووژاندنەوەی نەخت لای بانکەکان، ئەمانە بوون بە پاڵنەرێک بۆ زیادکردنی خستنە ڕوو، بە بێ ئەوەی لایەنی قەرزدار ڕەگەزی مەترسی لە بەر چاو بگرێت، بۆ نموونە لە تایلاند دڵنیاییی ناوخۆیی بۆ دوو هێندە لە ماوەی پێنج ساڵدا بەرز بوەوە بە ڕێژەی 65% لە تێکڕای بەرهەمی نەتەوەیی بەرز بوەوە بۆ 130%. لە کاتێکدا متمانەی جێگیربوونی ئابووریی دەوڵەتە دەرکەوتوەکان بارگۆڕانیی بە سەردا هات، بە تایبەتی لە تواناییی گێڕانەوەی قەرزەکانیان و جێگیرکردنی تێکڕای ئاڵوگۆڕ -بە هۆی (ترادیشناڵی عەقڵانییەوە)- هەموو هێڵەکانی پارەدارکردنی ماوەکورت و هەموو هێڵە نێودەوڵەتییەکانی لەگەڵ بانکەکانی وڵاتە

دەرکەوتوەکانیشدا بچڕاند. قەیرانی تێکڕای ئاڵوگۆڕ بۆ قەیرانی نەختینەیی و قەیرانی بانکی گۆڕا، لەبەر ئەوەی قەرزی بانکەکان ماوەکەی درێژتر بوو لە سەرچاوەی پارەدارکردنەکە، بانکەکان تووشی کورتهێنان هاتن لە گۆڕینی هەبوەکانیان بۆ نەخت و دواتریش تووشی کورتهێنان هاتن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو خواستانەی لە سەریان کەڵەکە بووبوو (ئەمە لە سەر خۆماڵیکردنە کردارییەکەی بانکە کۆرییەکان ڕێک خرابوو، 70% بانکەکانی تایلاند یان ئەندۆنیسیایش دیار نەمان).

بە لەبەرچاوگرتنی دەرچوونی سەرمایە نێودەوڵەتەکان لەم وڵاتانەدا و بەهەداردانی یەدەکی نەختینەیی و سەپاندنی هاوسەنگیی تەرازووی پێدان و ڕوودانی کورتهێنانێکی گەورە لە هەژماری ڕۆیشتوودا (یاخود لە تەرازووی بازرگانیدا)، ئەوە پێی دەگوترێت (هەڵگەڕانەوەی لە تەرازووی ڕۆیشتوودا). جووڵێنەری ئەم هەڵگەڕانەوەیە –بە شێوەیەکی گشتی– بریتییە لە نزمبوونەوەیەکی زۆری

نرخی ئاڵوویری دراو، یاخود نزمبوونەوەیەکی توندی بەهای دراو. بەم شێوەیە لە ماوەی تەنها ساڵێکدا –لە هاوینی ساڵی 1997ـەوە تا هاوینی ساڵی 1998دا– بەهای دراوی تایلاند (ئەلبات) بە نزیکەی 50%ی بەهاکەی بەرانبەر دۆلار لە دەست دا و (ڕوپیێ)ی ئەندۆنیسیا بە ڕێژەی 70% بەهاکەی بەرانبەر دۆلار دابەزی. ئەمە بوو بە هۆی هەژارخستنێکی قورسی هاوڵاتییان، بەهای هاوردەکردن بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز بوەوە لەگەڵ دابەزینی بەهای دراوەکانیاندا (لە تایلاند، ئەمە بوو هۆی بەرزبوونەوەی نرخی هەندێک دەرمان بۆ چوار ئەوەندە) و توانایی کڕین دابەزی، زۆرینەی خێزانەکان ناچار بوون بە کەمکردنەوەی بەکاربردن، پاشان تەرازووی بازرگانی کەمێک باش بوو، بوو بە هۆی زەرووریەتی ڕوودانی زیادەیەک لە تەرازووی بازرگانیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پاشەکشەکردنی گشتیی سەرمایەی بیانی لەو وڵاتە تازە دەرکەوتوانەی کە زۆر هەژار بوون وەک (کۆریا و، تیلاند و، ڕووسیا)، بە لایەنی

کەمەوە، لە قۆناغی یەکەمدا. لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی شۆکەکە زۆر قورس بوو، لە کۆتاییی ساڵی 1998دا یەکێتیی سەندیکاکانی ئەندۆنیسیا ژمارەی بێکارانی بە نزیکەی 40 ملیۆن کەس هەڵسەنگاند، یان بە ڕێژەی 44%ی ژمارەی دانیشتوان لە تەمەنی کارکردندا.

وەها دەردەکەوێت کە ئەم قەیرانە سروشتێکی وردوخاشکەری (پاڵنەری سوورەکەی) هەبێت بۆ گوژمەی سەرمایە بیانییەکان لە ناو وڵاتە دەرکەوتوەکاندا، نەک سروشتێکی (لاوازی سوورەکەی) هەبێت. لە کاتێکدا کە ئابووریی وڵاتێک لە بارودۆخێکی تەواو تەندروستدا بێت، وەبەرهێنەرەکان گەشبینن بە بەدەستهێنانی قازانجێکی بەچێژ. ترادیشناڵەکە لە یەک کاتدا پاڵنەری هەموویان دەبێت بۆ وەبەرهێنان لەو جێگایەدا، لەوێدا گوژمەی سەرمایەکان، دەبێتە پاڵنەری زیادکردنی دڵنیایی و گەشە، بەڵام لە کاتێکدا پێشبینییەکان ئاوەژوو دەبنەوە، هەموو وەبەرهێنەرەکان قەرزەکانیان و وەبەرهێنانەکانیان پێکەوە پاشەکشە دەکەن، ئەمانە بە هۆی قەیرانی

بانکی و قەیرانی نەختینەیییەوە بوو، پاشان بوو بە هۆی بەرتەسکردنەوەی دڵنیایی و چەند جارەبوونەوەی قووڵی قەیرانەکان. لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە ڕووی دا لە کۆتایی ساڵانی نەوەددا، قەیرانی وڵاتە تازە دەرکەوتوەکاندا، دەرئەنجامەکانی شایستەی ئەوەن کە توێژینەوەی لە سەر بکرێت. ئێستا ئەوە بەوردی دەزانین، لە کۆیدا دەرئەنجامەکانی ترادیشناڵی عەقڵانی دەردەکەوێت، کە بە دوای قازانجی ماوەکورتەوەن: ئەمە دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەقامگیریی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەشێکی زۆری وڵاتەکان.

### هەژارکەوتنی بانکە ناوەندییەکان لە هەستی بەرپرسیاریدا

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بە دوو خاڵی تەواوکاری بکەین: لە لایەنە میکانیکییەکانەوە، ئەم ڕووداوانە یەک لە دوای یەک بوون، ناتوانرێت ئاماژەیان پێ بکرێت بە بێ (پیلانگێڕی) بانکە ناوەندییەکان، لە ڕوویەکی

ترەوە وەک هەمیشە بە کارەساتێکی ئابووری و دارایی کۆتایی دێت وەک ئەوەی کە لە بارودۆخی یاباندا دەرکەوت.

دروستکردنی (باڵۆنەکانی) جامبازی- جا گەر بە نیسبەت نرخەکانی بۆرسە بێت (لە نیوەی دوەمی ساڵانی نەوەددا)، یاخود بە نیسبەت نرخەکانی خانووبەرە بێت (لە زۆرینەی وڵاتەکاندا لەم ماوەی دواییدا)، یان بە نیسبەت بەرزبوونەوەیەکی گەورەی دڵنیایی بێت (وەک ئەوەی کە لە یاباندا ڕووی دا لە کۆتاییی ساڵەکانی هەشتادا)-بێگومان دەرئەنجامی ئەو ترادیشناڵە بوو لە نێو پۆلی وەبەرهێنەران و لە پشت تاکە پاشەکەوتکەرەکانەوە دەگوزەرا. ئەمە لە دەرئەنجامی هەڵسوکەوتی بانکە ناوەندییەکانەوە بوو کە باڵۆنەکانی هەڵئاوسانیان پشتگوێ خست بە بێ هیچ دەستتێوەردانێک و دەستبەرداربوون لە تێکڕای قەرزەکان بۆ کڕینی هەبوە دیاریکراوەکان کە نرخەکەیان بەرز دەبێتەوە بە بێ ئەوەی ئامادەکاری بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکەیان بکرێت.

بە بێ هیچ (پلانگێڕی)یەکی بانکی ناوەندی و (ئاسانکارییەکانیان)ترادیشتنالی عەقڵانی وەبەرهێنەرەکان ناتوانێت بەهای هەبوەکان بەرز بکاتەوە، تا بگاتە ئاستێک، هەر وەک بینیمان، ئەم پێشکەوتنانە دەبێتە هۆی کارەسات. لە بارودۆخی یاباندا، بانکی ناوەندیی تێکڕای سوودی لە سەرەتاکانی نەوەدەکاندا بەرز کردەوە –سەرباری هەندێک هەڵئاوسان لەم ماوەیەدا– دارمانی نرخی هەبوەکان (تەقینەوەی باڵۆنەکان) ڕووی دا، نزیکەی بۆ ماوەی پانزە ساڵ گەشە لاواز بوو و کرێ نزم بوەوە و قەرزی کۆمپانیاکان دابەزی. بەم شێوەیە دەرئەنجامە خراپەکانی نەشارەزایی بانکە ناوەندییەکان چەند جارە بوەوە ئەمانە دەرئەنجامی هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەری پارێزگارە دانپێدانراوەکان بوو.

بەڵام قەیرانی وڵاتە تازە دەرکەوتوەکان لە کۆتاییی ساڵانی نەوەددا گەورەترین ئاگادارکردنەوە بوو بۆ یەکەم جار، هەروەها ئەو وێرانکردانەیش ئاشکرا بوو لەگەڵ

هەموو ئەوانەدا کە ئەگەری ڕوودانیان هەبوو لە ترادیشناڵی وەبەرهێنەراندا و نەبوونی هەڵسەنگاندنی بانکە ناوەندییەکان لەو بەرپرسیارێتییەدا. لەگەڵ ئەوەیشدا لە نموونەی زۆرتردا، ئێمە دەبینین ئەم (گوژمەی) هەموو وەبەرهێنەران بە ئاڕاستەی هەبوویەکی دیاریکراودا شرۆڤە دەکات، لەگەڵ ئەوەدا کە نرخیان زۆر بەرزە، ئەمەیان ڕەت کردەوە لە هەندێک بارودۆخدا کە تایبەت بوو بە کڕینی هەبووی تر، سەرەڕای نزمبوونەوەی نرخەکانیان زیاتر لە بەها ڕاستەقینەکانیان.

لە نێوان جۆرەکانی یەکەمدا، ئاماژە بە نموونەی پشکی کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیای مۆدێرین دەکەین لە ماوەی دوەمی ساڵانی نەوەددا؛ یاخود هەڵسەنگاندنێکی بەرزی دراوی وڵاتەکانی ئەورووپای ناوەڕاست لە ساڵی2004 دا؛ بەرزبوونەوەیەکی گەورە لە ساڵی 2003 و، 2004 لە بۆرسەی وڵاتە تازە دەرکەوتوەکاندا. جۆری دوەم ئاماژە بە پشکی کۆمپانیا ئەورووپییەکانی دەکات لە ئەمڕۆدا، کە وەبەرهێنەرەکان سوورن لە

سەر فەرامۆشکردنی- تەنانەت لەوێدا جووڵەیەکی بچوک هەبوو بۆ پرۆسەی گەییشتنەوە لە سەرەتاکانی ساڵی 2005دا- سەرەڕای نزمبوونەوەی تێکڕای بەهاکانیان بە توندی (چەند جارەی قازانجداری پشکەکان تێپەڕی نەکرد لە 13 پشکی یۆرۆ ستۆک 500، لە بەرانبەردا چەندجارەی قازانجی گەییشتە 18 پشک لە ستاندارد ئاندبۆر500)[33]، نموونەیەکی تر لە سەر پارێزگاریکردن بە ترادیشناڵەکەوە، بریتییە لە گواستنەوەی چڕی وەبەرهێنەرەکان لە دەستەکانی وەبەرهێنانی پشکەکانەوە بۆ قەواڵەکان، لە ماوەی نێوان ساڵانی 2000 بۆ 2004، جا لە ناوچەی یۆرۆدا بێت یان ویلایەتە یەکگرتوەکان، یان یابان، ئەم هەناسەبڕکێیە لە هەموو بارودۆخەکاندا هیی ڕاکردنە بە دوای دەستکەوتێکی بەرزەوە.

---

33- چەند جارەی قازانجداری پشکەکان (بە تیۆری) ڕێگە دەدات بە هەڵسەنگاندنی قازانجی کۆمپانیایەک کە لە چالاکییەکانیەوە بە دەستی هێناوە. بە نیسبەت کۆمپانیاکانەوە، ئەوانەی کە پەیوەستن بە بۆرسەوە، ڕێژەیەک وەردەگرن لە نرخی پشکەکان لە بۆرسەدا و پاشان دوای لێدەرکردنی باج بە سەر تاکە پشکێکدا لە قازانجی کۆمپانیاکەدا دابەشی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەدا پێویستە لێرەدا ڕەگەزێکی نوێ ڕەچاو بکەین، ئەویش ئابووریی نێودەوڵەتییە کە چوەتە ناو گریمانەیەکەوە –و لە ماوەیەکی داهاتوویەکی درێژدا– لە قۆناغی قازانجداری لاوازی هەبوە داراییییەکان کە دەکرێت بە (نۆرماڵ) وەسفی بکەین. لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەدا کە نرخی پەترۆڵ بەرز بوەوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی دەرامەتە خاوەکانی تر (نرخی بەرمیلێک پەترۆڵ چەند جارە بوەوە لە یەنایەری ساڵی 2004 و ئۆگستی ساڵی 2005) [نرخی پەترۆڵ لە مانگی مایۆی ساڵی 2008دا دووبارە بەرز بوەوە، جامبازەکان باسی ئەوەیان دەکرد، بەربەستەکەیان تێپەڕاند کە 150 دۆلار بوو بۆ هەر بەرمیلێک_وەرگێڕی عەرەبی] تێکڕای هەڵئاوسانی نێودەوڵەتی بە ناوەندی مایەوە بە هۆی پەستانی ڕکابەرییەوە (ناوخۆیییەکان لە تەنیشت وڵاتە تازە دەرکەوتوەکانەوە) و نرخی وڵاتە پێشکەوتوەکان. لە کاتێکدا کە نرخی بەکاربردن لەو وڵاتە پێشکەوتوەکاندا بە تێکڕای

3.5% لە ماوەی نێوان 1987 و 1996دا بەرز بوەوە، هەروەها تێکڕایی بەرزبوونەوەی نرخی بەکاربردن لە نێوان ساڵانی 1997و 2006دا هاتە خوارەوە، ئەم نزمبوونەوەیەیش بە ڕێژەی 1.8% بوو لە ساڵێکدا. هیچ گومانی تێدا نییە، پێشتر ئێمە بە کارمان هێناوە.

لەگەڵ ئەم هەڵئاوسانە ئاساییەدا، سیاسەتی نەختینەی نێودەوڵەتی بەهێزە و بە ئاڕاستەی چالاکییە ئابوورییەکان بەرەو فراوانبوون دەچوو (گەشەی هێواشی ناوچەی یۆرۆ و یابان) و پارێزگاریکردن لە تێکڕای ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵ دۆلاردا، لە ڕێگەی دەستتێوەردانی بانکە ناوەندییەکانەوە لە نرخی ئاڵوگۆڕدا، ئەم دەستتێوەردانە پشکدار دەبێت لە دروستکردنی نەختیی جیهانیدا. لە سەرەتای ساڵی 2003دا، (یاسای نەختینەی)[34] زیادی

34- بڕی دراوی بەردەست، دراوی شل (ئەو دراوانەی کە بە خێرایی بە دراوی تر ئاڵووێر دەکرێن) کە بانکە مەرکەزییەکان دەری دەکەن، سەرباری ئەو یەدەکانەی لای بانکی مەرکەزی هەن، یاخود تێکڕای نەختینەی جیهان.

کرد لە جیهاندا بە تێکڕای 15% بۆ 20% لە هەر ساڵێکدا. ئەم ئاڕاستەیە ناتوانرێت لە ماوەی درێژدا پارێزگاریی لێ بکرێت، لە کاتێکدا کە تێکڕای گەشەی سەرجەمی بەرهەمی ناوخۆیی لە ساڵێکدا بۆ سێیەکی تێکڕاکەی نزم دەبێتەوە، بەڵام پێشبینیکردن بە پێچەوانەی ئەم ئاڕاستەیەدا قورسە. کەی ئەمە ڕووی دا، دەستکەوتی قەواڵەکانی حکوومەت لە هەندێک کاتدا بە نزمی دەمێننەوە (لە 1.25% لە یابان. و4.5% لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و شانشینی یەکگرتوو)، هەروەها دەستکەوتەکانی بۆرسەیش بە هەمان شیوە دەمێنێتەوە -لەگەڵ هەبوونی مەترسییەکی هەمیشەیی زیادەی پشکەکاندا- لە نێوان 5% و 6% لە ساڵێکدا. چۆن دەکرێت لەم بارودۆخەدا کە گەڕان بە دوای دەستکەوتی سالانەی سەرمایە دەگاتە ڕێژەی 15% یان 20%، بەڵکوو زیاتر لەمەیش؟

**مەترسیی دەرکەوتنی میکانیزمە نوێیەکانی دارایی**

گەڕانەوەی وەبەرهێنەرەکان بۆ هەندێک خووی خراپ، لێهاتوویی داراییيان نیشان دەدات لە دروستکردنی هەندێک میکانیزمی دارایی ئاڵۆزدا کە ڕێگە دەدات بە وەبەرهێنەرەکان بۆ دەستکەوتێکی (بە لایەنی کەمەوە گەر بە تەنها بە دیاردەیش بێت) بەرز کە بەرزتر بێت لە دەستکەوتی ئەو هەبوانەی کە ناومان لێ نان (ترادیشناڵ). بەم شێوەیە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کۆتاییدا ژمارەیەک لە میکانیزمی (کاغەزی) دارایی دەرکەوتن و بنیاتنانی وەبەرهێنانی ئاڵۆز بە شێوەیەک کە پێشتر هیچ هاوشێوەیەکی نەبوە. نموونەکە لە ناو (نووسراوی ناو لاکێشەکە)دایە، (سندووقەکانی خۆپارێزی)، بەرهەمە ئاوێتەکان، ئەوانەی تریش (سندووقی قەرزی دەستەبەرکراو)، بە بێ لە بیرکردنی ئەوانەی کە پێیان دەگوترێت (هەبوە ناشلەکان)-یان هەر هەبوویەک کە ناتوانرێت بفرۆشێت مەگەر لە داهاتوویەکی درێژدا نەبێت، یان دەکرێت لە داهاتوویەکی کورتدا بفرۆشرێت بەڵام بەهاکەی نزم بێت.

میکانیزمەکانی (کاغەزە) داراییە ئاوێتەکان (سندووقەکانی خۆپارێزی)[35] هەروەها پێی دەگوترێت (سندووقەکانی کارگێڕیی شارەوانی)، بریتیین لەو سندووقی وەبەرهێنانی سەرمایەکان کە ئامانجی بەدەستهێنانی قازانجە (وەبەرهێنەران تێیدا) لە ڕێگەی فرۆشتنی هەبوە داراییەکانەوەی: پشک و قەواڵە و دراوەکانی هەندێک وەبەرهێنەر لەبەر دروستی پێشبینیی کارامەی ئەدای کارگێڕیی کۆمپانیایەکەوە، یان پێشخستنی هەندێک لە گۆڕاوەکان لە سەر ئاستی ئابووریی هەمەکی، یان هەندێک لە شێوازەکانەوە (نائاسایی لە بازاڕدا). مانای (نائاسایی) بریتییە لەوەی کە هەندێک لە هەبوە داراییەکان نرخەکانیان کەم دەکات لە بازاڕدا بە شێوەیەکی نائاسایی لە بەرانبەردا هەبوە بینراوەکاندا بە هۆی جۆراوجۆریی

35- سندووقەکانی خۆپارێزی، بریتییە لە جۆرێک لە جۆرەکانی سندووقەکانی وەبەرهێنان، ئەم سندووقە هەڵدەستێت بە وەبەرهێنانی کۆمەڵێکی هەمەجۆری هەبوەکان، جگە لەوەی کە هەمیشە ئاڵوگۆڕ دەکات بە کاغەزە داراییە شلەکان لە بازاڕی گشتیدا، بەهای پوختی هەندێک لە سندووقەکانی خۆپارێزی دەگاتە چەندین ملیار دۆلار.

هۆکارەکانەوە، بۆ نموونە تێکڕای سوودی ئەو پشکانەی کە ماوەیەکی دیاریکراوی هەیە، یان زۆر بەرزە یان زۆر نزمە، یان هەبووی کۆمپانیا هاوشێوە نیشتەجێکانەوە کە بە شێوەیەکی هەڵە، یان هەڵسەنگاندێکی نزم بە شێوەیەکی گران، بێ هیچ بیانوویەکی ئەو کۆمپانیایەی کە بە تەنگانەدا تێدەپەڕێت. خاڵی هاوبەشی نێوان (سندووقەکانی خۆپارێزی) ئەوانەی کە (میکانیزمی قەرزپێدان) بە کار دەهێنرێن، ئەوەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا قەرز دەدەن بە مەبەستی چەندبارەبوونەوە دەستکەوتەکانی ئەو ستراتیژییانەی دەخرێنە سەر خزمەتگوزاریی وەبەرهێنەران، ئەوانەی کە متمانەی پێیان هەیە، بەڵام لە لایەنە تیۆرییەکەیەوە، ئەم میکانیزمانە بە سەربەخۆی لە ئەدای بازاڕدا دەمێننەوە (یان هەر نرخێکی بۆڕسە و، تێکڕاکانی سوود)، بەڵام ئەمە زۆر دوورە لەوەی کە لە واقیعدا ڕوو بدات. (قەواڵەکانی قەرزی گەرەنتیکراو) بریتییە لەو پارانەی وەبەرهێنراون لەو قەواڵانەی کە

کۆمپانیاکان دەری دەکەن (یان لە حاڵەتی قەواڵەی قەرزە گەرەنتیکراوەکان – دروستکراوەکان- دا کە وەبەرهێنراون لە کاغەزە داتاشراوەکاندا -ئاڵوگۆڕی ڕەسید- کە پەیوەستە بە قەواڵەی کۆمپانیاکانەوە). ئامانجی ئەم جۆرە لە کاغەزە داراییەکان بریتییە لە فەراهەمکردنی ئاستە جیاوازەکانی مەترسی: توێژی AAA(یان توێژی باڵا) وەک هەمیشە هیچ مەترسییەک لە ئەستۆ ناگرێت (یان بەهاکانیان ناگۆڕێت هەتا ئەگەر هەندێک لەو کۆمپانیایانەیش کە سندوقەکانی قەواڵەیان دەکڕییەوە بوەستن لە پێدانی ئەو پارەیە) بەڵام ئەو توێژانەی پێیان دەگوترێت چینی (ناوەندی) ئەوا مەترسیی ناوەندی دەنوێنن، کە نزیکترە لە نزمبوونەوە؛ بەڵام توێژی (ئاسایی) بەخێراییی ئەم وەستانە کاریگەریی لە سەریان دەبێت، ئەگەر هەر کۆمپانیایەک لە پێدان بوەستێت. بەم شێوەیە وەبەرهێنەر دەتوانێت ئاستی مەترسییە جیاوازەکان هەڵببژێرن، لەگەڵ تێبینیکردنی ئاستی (باڵا) (گریمانە دەکرێت کە مەترسی

نەبێت) دەستکەوتێکی بەرز پێشکەش دەکەن لە کاغەزە ئاساییەکاندا بە بێ هیچ مەترسییەک (وەک قەرزی دەوڵەت). بەڵام بەرهەمی (کاغەزە) داراییە ئاوێتەکان لە شێوەدا هەمەجۆرن، لە سەر ئایدیایەک وەستاون، وەبەرهێنەر دەستکەوتێک دەبەخشێت ئەویش بە تەنها لە کاتی ڕوودانی چەند ڕووداوێکی دیاریکراودا، لێرەدا وەبەرهێنەر گرەو لە سەر ڕوونەدانی ئەم ڕووداوانە دەکات. بانکەکانی وەبەرهێنان دەتوانن ئەم دەستکەوتە بەرزە بدەن؛ لەبەر ئەوەی ئەم دڵنیاییە (خواییشتە) دەفرۆشن دژی ڕوودانی کارەساتێکی گریمانەکراو کە دەبێتە ڕێگر لە پێدانی ئەو دەستکەوتە بەرزەی وەبەرهێنەر، بۆ نموونە بەرهەمی ئاوێتە هەیە کە دەستکەوتێکی بەرز دەدات و ئەم جیاوازییە لە دەستکەوتی سوودا لە سەروو هێڵێکی دیاریکراوەوە دەمێنێتەوە، یاخود هەتا تێکڕای ئاڵوگۆڕی دراوێکی دیاریکراو وەک خۆی دەمێنێتەوە، یان نرخی کاغەزێکی دیاریکراو لە بۆرسەدا لە ژێر

ئاستێکی دیاریکراودا دەمێنێتەوە، یاخود دەکەوێتە سەروو ئەو ئاستەوە. بەڵام هەبوە ناشلەکان بریتییە لەو هەبوانەی تەنها لە ماوەیەکی درێژدا نەبێت ناتوانرێت بفرۆشێن، یان دەکرێت لە ماوەیەکی کورتدا بفرۆشرێن، بەڵام دەبێت بەهاکەیان نزم بکرێنەوە، یان بەمانایەکی دیکە، وەبەرهێنەر بە شێوەیەکی سروشتی دەستکەوتێک وەردەگرێت کە بەرزترە لە دەستکەوتی ئاسایی لە بەرانبەر ئەو قەرزانەدا کە ماوەکورتن، ئەویش بەرانبەر بەو ماوەیەی کە قەرزوەرگر لە دانەوەی قەرزەکە دوا کەوتوە، نموونەی ئەم جۆرە لە وەبەرهێنان (ئەو سەرمایەیە کە مەترسییان لە سەرە)، ئەمە ئەو جۆرە سەرمایەیەی وەبەرهێنراوانە لە هەندێک کۆمپانیای بچوکدا، ئەمە دەرئەنجامی ئەوەیە کە زیاتر و زیاتر کۆمپانیا گەورەکان لە بازاڕی بۆرسە دێنە دەرەوە، یاخود لە ناو ئەو وەبەرهێنانەی خانووبەرەدا کە پەیوەستنین بە بۆرسەوە (وەبەرهێنەری یەکەی نیشتەجێبوون، یان بازرگانی، یان پیشەسازی). ڕاکردن بە

دوای قازانجی بەرزدا لە واقیعدا دەبێتە هۆی زیادبوونی گەورەی میکانیزمەکانی ئەم جۆرە لە وەبەرهێنان، قەبارەکەی دەگاتە نزیکەی 1000ملیار دۆلار، قەبارەی مامەڵەکردن دەگاتە نزیکەی سێیەکونیوی قەبارەی مامەڵەکردنی ڕۆژانــە لـە هـەر دوو بـۆرسـەی نیویۆرک و لەندەن، بۆ نموونە (سندووقەکانی خۆپارێزی) کە سەرچاوەیەکی گـەورەی نەختیی بـازاڕە داراییەکانن، بـەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی کاریگەرییەکن کە هیچ گرینگییەکییان لە سەر بازاڕ و تەندروستیی ئەو بانکانەی کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، نییە، بۆ نموونە (قەواڵەی قەزری گەرەنتیکراو) بڵاو کرایەوە [لە ناویاندا ئەو کاغەزە داراییانەی کە بانکە ئەمریکییەکان دەری دەکەن بە گەرەنتیی ڕەهنکردنی هەزاران خانوو کە تاکەکان کڕیبوویان، هەر چەندە لە توانا داراییەکانیشیان تێپەڕی کردبوو، دواتر بـوو بـە هـۆی دواکـەوتـنـیـان لـە پـێدانـەوەی قەرزەکانیان، دەرئەنجام بـوو بە هـۆی ئەو قـەیرانـە مـەتـرسـیـدارەی ئەمریکا لـە ساڵی

2008دا، که به هۆیەوە دوو بانکی ئەمریکی نزیکەی 100 ملیار دۆلار لە بودجەی ساڵی 2007دا زەرەریان کرد، هەروەها بە هۆیەوە کۆمەڵێک لە قەرزەکانی خانووبەرە لە مانگی یۆنیۆی ساڵی 2008دا زیانیان بەرکەوت، سەرۆک بۆش بڕیاری دا بە پشتیوانیکردنیان بە پارەی دەوڵەت، ئەوەیش لەبەر ئەو ترسە بوو لە ئابووریی ئەمریکا-وەرگێڕی عەرەبی] کە بە شێوەیەکی تایبەت لە ماوەیەکی نزیکدا دەرکران، بە پلەیەک کە لە ساڵی 2004دا بەهاکەی بە بڕی 265ملیار دۆلار بەرز بوەوە. لە کۆتاییدا (سەرمایەی مەترسیدار) بە شێوەیەکی گەورە ڕزگاری بوو، کە بەهاکەی لە ساڵی2004دا گەییشتە نزیکەی 100ملیار دۆلار لە بازاڕەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەورووپادا، بەڵام دەرکەوتنی ئەم میکانیزمە ئاوێتانە هیچ کات دەستبەرداری مەترسییەکان نابن، کە لە سەر سیستەمە بەکارهێنراوە جیاوازەکان وەستاون. لە بارودۆخی بەکارهێنانی (نائاسایی بازاڕ)دا هیچ

مەترسییەک بوونی نییە کە دەرئەنجامی سروشتی سیستەمەکە بێت، یان کارەساتێکی گریمانەکراو بێت، بە پێچەوانەوە، ئەو پارانە سوودمەند دەبن لەم بارودۆخە نائاساییە کە لێهاتوویی بازاڕ بەرزتر دەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم مەترسییە گەورەدا، گەر سەرمایەیەکی زۆر بە کار بهێنرایە لە باری نائاسایی بازاڕدا لەم کاتەدا بۆ شاردنەوەی ئەم بارە نائاساییە، لەگەڵیشیدا دەستکەوتەکان دیار نەدەمان. بە گوێرەی ڕایەکی دیاریکراو، دەتوانرێت شرۆڤەی ئاراستەی نزمبوونەوەی دەستکەوتی (سندووقەکانی خۆپارێزی) بکرێت بۆ ئەو گەشە خێرایەی کە بە دەستیان هێناوە (قەبارەکەی لە 210 ملیار لە ساڵی 1995دا تێ نەپەڕی). دواتر دەستکەوتێکیان لە ماوەی نێوان ساڵانی 1995و 1999دا بە دەست هێنا کە ڕێژەکەی 20%یان تێپەڕاند، (بە جیا لە ساڵی 1998)، ئەم دەستکەوتە لە سێ ساڵی سەرەتای ئەم سەدەیەدا بە ڕێژەی 5% نزم بووەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ بارودۆخێکی باش لە ساڵی

2003دا کە ڕێژەکە 15.4%، بە پلەیەکی کەمتر لە ساڵی 2004 دا (9.6%)، پاشان نزمبوونەوە لە ساڵی 2005دا. پاشان دەستکەوتی (سندووقەکانی خۆپارێزی) نزم بوەوە لەبەر هەندێک هۆکار کە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی بازاڕ و لە کۆتاییشدا هۆکاری ژێرخانی ئابووری بوو. لە بارودۆخی بەرەنگاربوونەوەی زیادبوونی پارەدا، بێگومان بوو بە هۆی پاشەکشەی دەستکەوت و تەنها سندووقەکان کۆنترۆڵیان لە دەست دا، هەر وەک دەڵێن، بەڵام ئەم ترسە پاڵی بە کارگێڕیی سندووقەکانەوە نا بۆ ئەوەی بڕیاری مەترسیدارتر بدەن. لەو بارودۆخەی کە دەستکەوت تێیدا بەرزە، دەرئەنجامی بڕیاردانێکی مەترسیدارە لە بارەی پێشکەوتنی گۆڕاوی ئابوورییەکی هەمەکی، یاخود دەربارەی پێشکەوتنی بازاڕێکی دارایی دیاریکراو، یان بارودۆخی دارایی کۆمپانیایەک بە هۆشیاری (ئەم بارودۆخە هەمیشەییە وەک بارودۆخی بەرهەمە ئاوێتەکانە)، یان بە ناهۆشیاری، لە بارودۆخی وەبەرهێنەری

کۆتاییدا[36]، گرفتەکە لێرەدا بەدەستهێنانی مەترسییەکەیە بە شێوەیەکی کرداری. لەم بوارەدا هەموان تیشکیان خستە سەر مایەپووچبوونی سندووقی LTCM (کارگێڕیی ماوەدرێژی سەرمایە) لە ساڵی 1998دا، پاشان مایەپووچبوونی ئەم سندووقە بە هۆی قەیرانی وڵاتە تازە دەرکەوتوەکان و ڕوسیاوە بوو (وەستاندن بەنیسبەتی قەواڵەکانی گەنجینەی ڕووسیا)، ئەمە بوو بە هۆی بەرزبوونەوەیەکی گەورە لە (دووریی دەستکەوتەکان)[37]، یان بە

36- دەکرێت ئەم کارە بکرێت ئەویش لە ڕێگەی ئەو مەترسییانەوە کە لە ناو سندووقەکانی خۆپارێزیدان، یان لە ناو جۆرێک لە ئابووریی هەمەکی، کە بە (هەمەکیی جیهانی) ناو دەبرێت، یاخود پێکهێنانی جانتایەک بۆ دامەزراندنی (قەواڵەی قەرزی گەرەنتیکراو) ی کۆمپانیایەکی دیاریکراو ئەویش بە گریمانەی بارودۆخە داراییە ئاساییەکەی لە کاتێکدا، کە هەرگیز نابێت بەم نمرەیە ئاسایی بێت.

37- دووریی دەستکەوتەکان، بە مانای گۆڕانی تێکڕای سوود دێت. دەکرێت کە بە مانای ئەو جیاوازییە بێت کە لە نێوان تێکڕای سوودی قەرزارە هاوتاکاندا هەیە و جیاوازن لە ماوەی گەڕانەوەی دانەوەی قەرزەکەدا (جیاوازیی دەستکەوت)، یاخود بە مانای جیاوازیی نێوان دوو قەرزە هاوتاکە دێت لە سوود و ماوەدا، بەڵام بۆ دوو وڵاتی جیاواز (جیاوازیی وڵاتەکان)، یان جیاوازیی نێوان ئەو قەرزەی کە یەکێک لە بانکەکان دەری دەکات و قەرزی یەکسان کە حکوومەت دەری دەکات: جیاوازیی واژۆکردن.

گوزارشتێکی تر بەرزبوونەوەی تێچوونی پارە، بۆ داپۆشینی زیانەکانی قەرزی ڕووسیا، سندووقی LTCM ناچار بوو کە ڕێککاری وەبەرهێنانەکانی تری بکات، بە شێوەیەکی کتوپڕ ئەمەیش پاڵی بە بازاڕەکانەوە نا بۆ نزمبوونەوە. ترسان لە کاریگەرییە خراپەکانی بارودۆخی ئەم سندووقانە لە سەر بارودۆخی دارایی جیهانی، سندووقی یەدەکی فیدراڵی ئەمریکا ناچار بوو کە دەستتێوەردان بکات بۆ ڕزگارکردنی سندووقەکان و ئەوەی بە سەر بانکەکاندا سەپاند، کە چەندین ملیار دۆلار پێشکەش بکەن بۆ پێکهێنانی پشتبەستن بەم ئەمانجە. هەلی ڕوودانی نموونەی ئەم سیناریۆیە چییە؟ ئەم گرفتە بە کرداری لە بەهاری ساڵی 2005دا چارەسەر کرا —بە وردی ڕۆژی 5ی مایۆ– لە کاتێکدا ئەو قەواڵانە پۆلێن کرابوون، کە هەر دوو بانکی فۆرد و جنێراڵ مۆتۆرز دەریان کردبوو (قەرزی گشتی 211 ملیار دۆلار بوو) لە (وەبەرهێنانی

جـامـبـازی)[38]دا لـه لایـەن ئاژانسـەکـانی هەڵسەنگاندنەوە (کە بە بەردەوامی چاودێریی توانایی گێڕانەوەی قەرزەکانی کۆمپانیاکان دەکـەن)، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی پێشبینییە داهاتووییە ئاشکراکان بۆ کارگەکانی ئۆتۆمبێل. دەرئـەنـجـامـی ڕاسـتـەوخـۆ بـریـتـی بـوو لە تەقینەوەی تێکڕای (دووریی دەستکەوتەکان)[39] (یان جیاوازیی نێوان تێکڕای سـوود)، لە کاتێکدا هەر دوو گەورە کۆمپانیای دەرکەری قەواڵەی کەرتی تایبەت و قەواڵەکانیان بەشێکی کاریگەر بوون لەو هەبوانە زۆرانەی پارێزگاکان (قەواڵەی قەرزە گەرەنتیکراوەکان). بەخێرایی

38- ئەم وەسفە بۆ ئەو قەوالانەی کە مەترسییەکی زۆر و دەستکەوتێکی بەرزیان هەیە بە کار دێت (بە شێوەیەکی گشتی بە بڕی 3% بۆ 4% زیاد دەکات بە بەراورد بە قەواڵە هاوشێوەکانی.

39- دووریی سوودی کۆمپانیانی فۆرد بەرز بوو –لە نێوان مانگی یەنایەری ساڵی 2004 و مانگی ئەپڕێلی ساڵی 2005– بە بڕی 700 خاڵ، و بە نیسبەت کۆمپانیای جێنڕاڵ مۆتۆرزەوە زیاتر بوو لە 500 خاڵ، «دووریی سوود» بریتیە لە جیاوازیی نێوان دەستکەوتی ئەو قەوالانەی کە قەرزدەر دەری دەکات لە کەرتی تایبەتدا و لە نێوان دەستکەوتی قەواڵەکانی حکوومەتدا کە قەرزی دەکات لەبەر ئەوەی هیچ مەترسییەکی نییە لە دانەوەی قەرزەکەدا. ئەوە پێودانگی مەترسیی سوودە کە پەیوەستە بە مەترسیی وەستانی دانەوەی قەرزەکەوە، یان بە گوزارشتێکی تر، مایەپووچبوونی هەمەکی یاخود هەندەکی ئەو کۆمپانیایەی کە قەواڵەکان دەردەکات.

بڵاو بووەوە کە یەکێک لە (سندووقەکانی خۆپارێزی) کارگێڕییەکەی پەنای بردە بەر جامبازی و گەیشتوەتە بارودۆخی مایەپووچبوون، زۆرینەی هەڵسەنگاندنەکان بۆ ئەو سندووقانەی کە هەڵسەنگێنراوە، فەرمانگەکانی کار پێشبینیی ئەوەیان کرد، سندووقەکان ناچار بن هەبوەکانیان بۆ داپۆشینی زیانەکانیان بە نرخێکی کارەساتاوی بفرۆشن، ئەمە بوو بە هۆی دابەزینی نرخی کاغەزە داراییەکان. بەخێرایی زنجیرەی دۆزەخی دەستی پێ کرد، ئەمە بوو بە پاڵنەری پرۆسەی ڕزگاربوون لە هەبوەکانیان لە سەر ئاستێکی فراوان، لە یەک کاتدا، لە لایەن بەڕێوەبەری سندووقەکانەوە ئەوانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تووشی ئەو ئاماژانەی هەڵسەنگاندن دەبوونەوە، کە بە سەریاندا دەسەپێنرا بۆ ئەوەی کە هیچ کات نزم نەبنەوە لەو سنورەی کە بۆیان دیاریکراوە و متمانەیش لە دەست نەدەن. پرۆسەی فۆرد/ جینراڵ مۆتۆرز وەک تیشکێکی سووری بچوک

پێویست لێی دەدا. مەترسیی ڕاستەقینە بۆ وەبەرهێنەرەکان دەرکەوت کاتێک کە (سندووقەکانی خۆپارێزی) گۆڕا بۆ (سندووقی ڕەش) کە پێکهاتەکانی پارێزگاکەی نازانرێت، لە دەرگای یەکەمییەوە بەوردی هەڵدەسەنگێنرا. بە تایبەتی ئەو سندووقانەی کە کار دەکەن بە جامبازی وەبەرهێنان بە شێوەیەکی گەورە بەو هەبوانەوە کە بە سروشتە ئاڵۆزەکەی خۆی زیاد دەکات، بۆ نموونە (داتاشراوەی قەرزەکان)[(40)]. ئەمە بریتی بوو لە (دۆزینەوەیەکی) گەورە لە کۆتاییی ساڵانی نەوەددا. تێبینیی ئەوە دەکرێت کە ئەم پۆلە هاوشێوە نین و، سندووقەکانی ئاڵوویر بەوپەڕی وردییەوە لە خۆ دەگرێت، ئەوانی تر بە ڕێگەیەکی هەڕەمەکی سووڕ دەخۆن. لە کاتێکدا گرفتەکە بە نیسبەت وەبەرهێنەرانەوە وەک (جیاکردنەوەی گەنم و

40- داتاشراوەی سوود، بریتییە لەو بەرهەمە داراییەی کە ڕێگە دەدات بە کڕیار بۆ ئەوەی کە قەرەبوو بێت لە حاڵەتی وەستانی سەرچاوەی قەواڵە، یاخود دارمانی هەڵسەنگاندنە پێشبینیکراوەکانی (لە حاڵەتی قەرزاردا لە کەرتی تایبەت، یان وڵاتە تازە دەرکەوتوەکان).

پۆڵکەیە)[41] ئەگەر سندووقەکانی خۆپارێزی لەناوچوونیان نەوێت لەبەر ئەوەیە وا دەردەکەوێت کە توانایی بەرزیان لە شەفافیەتدا هەیە، مەگەر بە گەڕانەوە بۆ قەبارەی نەختی نەبێت کە گەورەتر بێت لەوەی بە کرداری بە دەستی دەهێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا، بە لەبەرچاوگرتنی نائامادەیی شەفافیەتی بەرجەستە، هیچ شتێک نابێتە ڕێگر لە تیشکخستنەسەر مەترسییەکانی سەر ئەو وەبەرهێنەرانەی کە خۆیان ڕەهن دەکەن، ئەمە گریمانەیەکی زۆر نزیکە لە واقیعەوە لە جیهانی داراییدا، ترادیشناڵی عەقڵانی شتێکی باوە لە زۆرینەی دەزگاکانی فێرکردندا، کارەکە هێشتا جێگای دوودڵییە، بە تایبەتی لای سندووقەکانی جامبازی، ئەوانەی کە زیاتر و زیاتر پەنایان بۆ قەرزکردن بردوە -دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە- لەگەڵیدا بانکەکانیش خەریکی ڕاکردنن بە دوای (تێکڕای دەستکەوتدا) و

---

41- لێرەدا چوێنراوەکە وەرگیراوە لە نموونەی لێدانەکەی پێغەمبەر عیسای مەسیح لە ئینجیلی پیرۆزدا هاتوە -وەرگێڕی عەرەبی.

سەرکەیشی دەکەن، لە کاتێکدا وەبەرهێنەران بەڵێن بە دەستەکان دەدەن (سندووقەکانی مووچە و، کۆمپانیاکانی دڵنیایی) کە بڕی وەبەرهێنانەکانیان زیاتر بکەن.ئەم بابەتە ئێستا گرینگییەکی زۆری لە دەزگا داراییەکاندا پێ دەدرێت، لێپرسینەوەیەکی زۆر کرا لە کاتێکدا کە بازاڕە داراییەکان ڕەگەزی جێگیرکردنی سیستەمی داراییان نەنواند، ئەوانە گوزارشتیان لە بۆمبێکی دانراو دەکرد، بۆ ئاڵۆزکردن و لەناوبردنی شەفافیەت. لەم بوارەدا بەڵگە هەیە، کە کۆمەڵێک لە بانکەکانی وەبەرهێنان CRMPG - ئەوانەی کە ‹جیرالد کوریگان› بەڕێوەبەری گشتیی بانکی گۆڵدمان ساکس بەڕێوەی دەبردن، کە دوو نوێنەری گەورەی دامەزراوە داراییە تایبەتییەکانی جیهانی لە خۆ دەگرت- لە مانگی ئۆگستی ساڵی 2005دا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە داوای بەرەنگاربوونەوەی گرفتی (پێویستییە زەروورییەکانی) داتاشراوە داراییەکانی دەکرد، هەروەها لەگەڵ میکانیزمە داراییە

ئاوێتەکانی تریشدا. کۆمەڵە 47 ڕاسپاردەیان پێشکەش کرد، لە نێوانیاندا زیادکردنی باشترین چاودێریی ڕۆڵی (سندووقەکانی خۆپارێزی) هەبوو. وا دەردەکەوت، گەورە پیاوانی بانک خۆیان هەستیان بە مەترسییەکانیان کرد بێت.

**ئەو مەترسییانەی پەیوەستن بە سیاسەتی قەرزەوە**

لە کۆتاییدا، کاتێک سندووقەکان میکانیزمی قەرز بە کار دەهێنن (قەرزی ماوە کورت)، یان هەبوەکانیان لە جانتاکانیاندا بلۆک دەکەن (یان پارێزگاری بە هەندێک لە هەبوە ماوە درێژەکانەوە لە جانتاکاندا دەکەن پاشان لە کاتێکی گونجاودا دەیفرۆشن) بۆ باشکردنی دەستکەوت، بەڵام لە کاتی قەیرانی نەختدا مەترسییان لە سەر دروست بوو. قەیرانی نەخت ئەو ڕۆڵەی لە هەرەسهێنانی سندووقی LTCM گێڕا، بوو بە هۆکاری بەفیرۆچوونی ئەو هەبوانەی، بانکەکە پارێزگاریی پێوە کردبوو بۆ کورتهێنان لە پێدانەوەی قەرزە ماوە کورتەکاندا کە لە بانکەکانی ترەوە بە دەستی هێنابوو، ئەم کارە بوو بە مەترسی بۆ ڕوودانی

قەیرانێکی نەختی گشتی. لەبەر ئەم هۆکارە بانکی یەدەکی فیدڕاڵیی ئەمریکا ناچار بوو کە دەستتێوەردان بکات لە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی دووبارە پارەدارکردنەوەی سندووقەکاندا، بەڵام ئەمە هەڕەشەکانی لە نەختی گشتیی سیستەمی داراییدا زیاتر کرد، هەر وەک ئەوەی کە بە کرداری دەردەکەوێت لە پێشکەوتنی یاسای نەختینەییدا (بریتییە لەو نەختەی کە بانکی ناوەندی دروستی کرد) لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، لەو ماوەیەدا. لە واقیعدا، بانکەکان لە ئەمڕۆدا زیاتر ئاگادارییان پێوە دیارە بە تایبەتی لەو سیاسەتانەیاندا کە پەیوەستن بە چاودێریکردنی بەهای ئەو سندووقانەی ڕۆژ بە ڕۆژ هێڵی دڵنیاییان پێ دەبەخشن.

ئەم پێشکەوتنانە لە کەرتە دەرکەوتوەکاندا (LBO) (بۆ فرۆشتن لە ڕێگەی قەرزەوە)[42] بڵاو نەبوەوە بە قازانجێکی زیاتر. زیادبوونی نەخت

---

42- فرۆشتن لە ڕێگەی قەرزکردنەوە، واتا فرۆشتنی پشکی کۆمپانیایەک بە هاوکارییەک تا ڕادەیەکی زۆر بە قەرزکردن لە بانکەکان، هەروەها لە واقیعی پڕاکتیکیدا، کۆمەڵەیەکی قەرزار هەڵدەستن بە کڕین لە کۆمپانیایەکی دیاریکراو و سوودەکانی قەرزەکە بە قیست دەدەنەوە لە قازانجی پشکی کۆمپانیا کڕیارەکە.

دەبێتە هۆی زیادبوونی قەرز (ئەمە بریتییە لە میکانیزمی ئەم پرۆسەیە) لە واقیعدا –هەر وەک نرخەکان– بەرز دەبنەوە، دراو وەک ڕووبار بەم کەرتەدا دەڕوات؛ پاشان دروستکردنی سندووقەکان زۆر دەبن، بەڵکوو ئاڕاستەیەک دەنوێنن کە مەیلێکی زۆر لای سەرۆکی سندووقەکان هەبێت. لە بەهاری ساڵی2005دا «سێرگ فاینبرگ» سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی (بینو –برنتان– ڕیدوت) لە ماوەی چەند مانگێکدا سەرکەوتنی بە دەست هێنا کە تێکڕاکەی 380 ملیۆن یۆرۆ بوو بۆ سندووقی فاینرگ کاپیتاڵ بارتنرز. ئەوە ئاشکرایە کە کارەکە زۆر لەم کەرتە تایبەتییەدا سەرکەوتوو بوو، خەریکی کۆکۆدنەوەی پارەیەکی زۆر بوون، لەگەڵ پێکهێنانی پرۆسەیەکی پارەدارکردنی زۆر ئاڵۆزدا، وەک هەمیشە لە جۆری (قەواڵەکانی قەرزی گەرەنتیراو) و بەرزبوونەوەی ڕێژەیی قەرز و دووبارە بووژاندنەوەی خێراییی سەرمایە (دوای پرۆسەی «کڕین لە ڕێگەی قەرزەوە» جارێکی تر قەرز وەک میکانیزمێک

بە کار هێنرا)، دواتر نرخەکان لە بازاڕی کێبڕکێدا تەقینەوە.

لە ماوەی هاوینی ساڵی 2005دا، هەر دوو کۆمپانیای وەبەرهێنانی «یورازیو و کارلایل» کارگەی پرۆسلین و خشتی تریالی کۆمپانیای (سان جۆبان)یان کڕی، بە بڕی 470 ملیۆن یۆرۆ و فرۆشتییانەوە بە وەبەرهێنەری سێیەم LBO France (فەڕەنسا بۆ کڕین لە ڕێگەی قەرزەوە) بە بڕی 860 ملیۆن یۆرۆ، بە مەرجی کەمکردنەوەی بڕی ئەو پارەی کە پێویستە پێشەکیی بدرێت. لێرەدا دەبنین کە پارە زۆر بە ئاسانی بە لێشاو دەست سەرۆکەکان دەکەوێت، بەڕێوەبەر و ئەم سندووقانەی کڕین لەوە ناترسن، کە پارەی زیاتر لە پڕۆسەکانیاندا بە دەست بهێنن.

زۆرینەی جار ئەم گوژمانەی بە ئاراستەی ئەو میکانیزمە داراییيە ئاڵۆزانەدا دووبارە دەبنەوە، یاخود بە ئاراستەی ئەو پڕۆسە داراییيانەدا کە میکانیزمی قەرز بە شێوەیەکی لێشاو بە کار دەهێنن، لەگەڵ کۆنترۆڵ نەکردنی

نرخەکاندا، بە پلەی یەکەم ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نزمبوونەوەی تێکڕای سوود بە بەردەوامی و ئەم نزمکردنەوەیە ناگونجێت لەگەڵ ئارەزووکردنی زیادەی ئەو وەبەرهێنانەی کە تێکڕای دەستکەوتێکی بەرزیان هەیە، ئاشکراکردنی ئەم مەترسییە ڕێکخراوانە لە بارودۆخی ئێستادا پێویستییان بە زیرەکییەکی زۆر نییە، بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخەکانی سوود کە بانکی یەدەکی ئەمریکی[43] سەپاندی بوو بە هۆی بەرزکردنەوەیەکی زۆری تێچوونی (میکانیزمی) قەرزکردن کە زۆرینەی سندووقەکان بە کاری دەهێنن و دواتر قازانجداری ئەم میکانیزمانەی کەم کردەوە، پاشان وەبەرهێنەرەکانی ناچار کرد

43- لە مانگی ئۆگستی ساڵی 2005دا بانکی یەدەکی فیدڕاڵی نرخی سوودی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بەرز کردەوە بۆ جاری دەیەم بە بڕی 3.5%، سەیر بکە ئەم ڕێژەیە کەمتر بوو لە 4% لە کۆتاییی ساڵی 2005دا (ئەم ڕێژەیە تێپەڕی کرد لە ساڵی 2006دا بۆ 5%. و پاشانیش لە ساڵی 2007دا بۆ 3% دابەزی بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی نەختینەیی بوو کە بە دوای قەیرانی ڕەهنی خانووبەرەدا هات لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و زیانی بە دوو بانک گەیاند بە بڕی زیاتر لە سەد ملیار دۆلار و پاشان تێکڕای سوودی ئەمریکی دابەزییەوە بۆ 2% لە مانگی مایۆی ساڵی 2008دا– وەرگێڕی عەرەبی).

بۆ ئەوەی کە هەبوەکانیان بفرۆشن، بەڵام لە کاتێکدا هەندێک لە هەبوەکانی (سندووقەکانی خۆپارێزی)، وەک هەبوە (ئاساییەکان)، یاخود ئەو سندووقانەی موڵکەکانی خانووبەرە کە پەیوەست نییە بە بۆرسەوە و ناشلن، ئەمە بوو بە پاڵنەری پڕۆسەی فرۆشتنی ناچاریی پێشوەخت لە کاتی هەبوە ماوە درێژەکاندا، کارەکە بوو بە هۆکاری داڕمانی نرخەکان. دوای ئەوە مەترسیی بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی باڵا گۆڕا بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی نێگەتیڤیی گەورە!

هەموو ئەم بارودۆخانە ڕێنماییکەر بوون بۆ سیناریۆیەکی کارەساتاوی: توندکردنەوەی گشتیی سیاسەتەکانی نەختینەی- ئەم کارە لە ڕۆژێکدا ڕووی دا کە یاسای نەختینەیی جیهانی زۆر زەبەلاح بوو- تێچوونی دەرامەتە شلەکانی بەرز کردەوە (یاخود قەرزە ماوە کورتەکان) و دەستکەوتی هەموو وەبەرهێنانەکانی کەم کردەوە کە بە کار دەهێنرێت وەک میکانیزمی قەرزکردن و پاڵنەری وەبەرهێنەرەکان بوو

بۆ کڕین لە بارودۆخی (ترس)دا. ئەمە دەبێتە هۆی زەروورییەتی دارمانی نرخی هەبوەکان. لە هەمان کاتدا، لە هەندێک بارودۆخدا بوو بە هۆی (وەستاندن لە پێدانەوە) کە پێشبینی کرابوو بۆ هەندێک لە گەورە کۆمپانیاکان و زیانمەندبوونی هەندێک توێژی وەبەرهێن بۆ نموونە (قەواڵەکانی قەرزی گەرەنتیکراو) کە دانپێدانراوی گەرەنتیکراو بوو هەتا ئەو ساتەیش، بوو بە پاڵنەر بۆ (سندووقەکانی خۆپارێزی) و وەبەرهێنەرە کۆتاییەکان بۆ ئەوەی کە بە خێرایی بیکڕن، لە هەمان کاتدا پاڵنەر بوو بۆ دارمانی نرخی قەواڵەکانی کەرتی تایبەت.

دەرئەنجام: پەنابردنە بەر هەندێک لە جۆری هەبوە ئاوێتەکان کارێکی زۆر باشە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە کارەکە پەیوەست بێت بە چەوساندنەوەیەکی نائاساییی بازاڕەکانەوە، یاخود لە حاڵەتی نائامادەییی فرۆشتنە درێژخایەنەکاندا لەگەڵ ئەو پرۆسەی کڕینانەی لە بازاڕی داراییدا هەن، یان لە کاتێکدا کە

وەبەرهێنەرەکان بڕیارێک دەدەن بەو پەڕی هۆشیارییەوە، هەر چەندە ئەو بڕیارانەیش مەترسییان تێدایە، ئەمە لە پێناو بەرزبوونەوەی دەستکەوتی هەبووی ناو جانتا داراییەکاندایە. لە بەرانبەردا، پەنابردن بۆ بڕێک قەرز لەو کاتانەی کە نرخی سوود دادەبەزێت، یاخود بڕیاردان لە سەر ئەو مەترسییانەی کە ماوە درێژترن و تەحەکومی پێوە دەکەن، یان دەکرێت ببێتە هۆکاری مەترسییەکی جەستەیی. کێ دەتوانێت پێشبینیی بارودۆخی ئەم کۆمپانیایە یان ئەوانی تر بکات، یان تێکڕای نرخەکانی سوود، یان تێکڕای دەستاودەستکردنی دراوەکان دوای دە ساڵ یان بیست ساڵ؟ لەگەڵ ئەمەدا، هەندێک لە وەبەرهێنەکان ئامادەییان هەیە بۆ مەترسیی دواخراو، بەڵام بە کرداری ناکرێت کە تەحەکومیان پێوە بکرێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی باڵا لە داهاتوویەکی کورتدا.

گەر بکرێت، تێکڕای پاشەکەوتی جیهانی بخرێتە بەرهەمهێنانەوە (ئەوەی ساڵی 2005 سندووقی نەختی نێودەوڵەتی قەبارەکەی

به بڕی 11 هەزار ملیار دۆلار خەملاند) بە شێوەیەکی زۆر باش، دەکرێت بگوترێت، ئابووریی جیهان لە سەرەتای سەدەیەکی نوێدا بۆ خولقاندنی سامان گۆڕا، بەڵام ئەو نیشانانە زیادیان کردوە کە بەڵگەن لە سەر پاشەکەوتکردنی پارەی شل و هاندەری کۆمەڵە ڕەفتارێکن، کە وا دەردەکەوێت زیان بە ئابووریی نێودەوڵەتی بگەیەنێت. لە کاتێکدا ئەو ئارەزوانەی کە تاودەرن بۆ بەدەستهێنانی قازانجێکی ترادیشناڵیی کورتبینی چەندجارە بوەتەوە لە لایەن ئەوانەی کە خواستی شاخی چەندین ملیار دۆلاریان دەوێت؛ مافی ئێمەیە لە بنەڕەتدا دوودڵ بووبین لە پاشەڕۆژی سەرمایەداری، بە تایبەتی ئەگەر ئەم هەڵسوکەوتانە قەبووڵ نەکرایە نەک ئەوەی کە ڕێگەی پێ بدرێت لە لایەنی سیستەمی ئێستاوە لە چاودێریکردنی بازاڕەکاندا، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت بە پشتیوانییان.

# بەشی شەشەم

# ئەو یاسایانەی کە بۆ کارگێڕیی بازاڕە داراییەکان دانراون

هاندانی لادانە ئیدارییەکان لە ماوەی کورتدا

سەرپەرشتیارانی بازاڕی دارایی لە زۆرینەی وڵاتاندا هاندەری سیاسەتی ماوەکورتن، ئەمە لە کاتێکدایە نە کارگێڕییان بە دەستەوەیە و نە هیچ ئازایەتییەکیان هەیە بۆ جیاکردنەوەی پێودانگ و یاساکان لە سەر بنەمای ماوەی سروشتیی خۆیان. ئەو دەستانەی کە یاساکان دیاری دەکەن، پێویستیشە لە سەر وەبەرهێنەر و بەڕێوەبەر و بانکەکان ملکەچی بن، یاخود ملکەچی یاساکانی ژمێریاری بن (بۆ نموونە پێودانگە نێودەوڵەتییەکانی ڕێگەپێدانی دارایی و پێودانگە نیودەوڵەتییەکانی ژمێریاری)، لە واقیعدا ئەمانە دەستبەرداری جیاوازیی نێوان وەبەرهێنەران و دەڵاڵە داراییەکان بوون، لە سەر بنەمای سروشتی ماوەی زەمەنیی هەر دووکیان، هەروەها یاسایان دانا –و بەردەوامیشن لە سەر دانانی– یاسای ورياکردنەوە، یاخود ئەو پێودانگانەی کە جێبەجێ دەکرێت بە بێ هیچ جیاکارییەک بە سەر کۆی کڕێکاران لە بازاڕدا.

## ئەو یاسا داراییيانەی کە زیان
## بە وەبەرهێنانی ماوەدرێژ دەگەیەنن

لەگەڵ ئەوەیشدا، وەبەرهێنەرەکان ئەو کارە مەترسیدارانە لە ماوەی زەمەنیی جیاوازدا دەکەن، پاشان سندووقەکانی خۆپارێزی و سندووقەکانی وەبەرهێنان (بۆ نموونە ئەو سندووقانەی سەرمایەیەکی گۆڕاویان هەیە، یاخود سندووقەکانی زەماله ئەوانەی، لە هەر کاتێکدا بێت ڕووبەڕووی پڕۆسەی کێشانەوە دەبنەوە، پێویستە ئەمانە خاوەنی توانایەکی نەختینەی هەمیشەیی بن) و لە ماوەی کورتدا کار بکەن؛ کۆمپانیاکانی دڵنیایی لە ماوەیەکی مامناوەندا کار دەکەن، بەڵام سندووقەکانی مووچە لە ماوەیەکی درێژدا، ماوەکەی زیاتر درێژە (بیست یان سی یان چل ساڵە)؛ لە بەر ئەوە سروشتییە، یاساکە یاخود پێودانگەکە، چالاکییەکانی ئەو سندووقە ڕێک بخات، هەروەها پێویستە ڕەچاوی ئەو یاسایانە بکرێت لە پێکهاتەی بودجەکانیاندا، یاخود ئەو مەترسییانەی، تووشی هەبوە پوختەکانیان

(یاخود دەرامەتە تایبەتییەکانیان) دەبنەوە، بۆ نموونە، پێویستە یاساکان لە ماوەی سروشتی وەبەرهێنەراندا ڕەچاو بکرێن، بە تایبەتی لە ئەدای کارەکەیاندا، وەبەرهێن لە ماوەی کورتدا پێویستی بە نەختێکی بەردەوام هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە جانتا داراییەکانی، پێویستی بەو هەبوانە هەیە کە زوو دەفرۆشرێن، یاخود هەر هەبوویەکی تر کە بەهای سەرمایەکەی تووشی مەترسی نابێت، لە هەمان کاتیشدا بەخێرایی دەفرۆشرێن، بەڵام وەبەرهێنەری ماوە مامناوەند (حەوت بۆ دە ساڵ) دەتوانێت ڕێژەی پشک بۆ جانتاکەی زیاد بکات، لەگەڵ ئەوەدا پێویستە پارێزگاری بە ڕێژەیەکی شایستەی ئەو هەبوانەوە بکات کە کاتێکی شایستەی گونجاویان هەیە، بەڵام وەبەرهێنەری ماوەدرێژ، دەتوانێت پارێزگاری بە زۆرێک لە پشکەکانیانەوە لە جانتاکانیاندا بکەن. پشکەکان لە ماوەی کورتدا تووشی زۆرێک لە گۆڕانکاری دەبنەوە، بەڵام وەبەرهێنەرانی کورتمەودا بە ڕێژەیەک تووشی بارودۆخێکی نالەبار

دەبنەوە بە تایبەتی لە توانایی دیاریکردنی کاتێکی شیاو بۆ فرۆشتنی ئەو پشکانەی، لە جانتاکانیاندا پارێزگارییان پێوە کردوە، بەم شێوە لە سەرمایەکانیاندا تووشی زیان دەبن (ئەمە ڕووی دا کاتێک لە مانگی ئەپریڵی ساڵی 2000 ناچار بوون بە فرۆشتنی پشکەکانیان، ڕۆژێک دوای تەقینەوەی قەیرانی باڵۆنەکانی ئەنتەرنێت). لە بەرانبەردا، سندووقەکانی مووچە بە نەرمییەکی زۆرەوە توانییانم، لەبەر درێژیی ماوەی مامەڵەکەی کاتی فرۆشتنی هەندێک لە پشکەکانیان دیاری بکەن. بەم شێوەیە ئەو ڕەگەزی مەترسییانەی کە هەیانە لاوازە، بە شێوەیەک ڕێگەیان پێ دەدات لە بۆرسەدا وەبەرهێنان بکەن، بۆ ئەوەی دەستکەوتی ئەو هەبوانە بەرز بکەنەوە کە هەیانە.

لەگەڵ ئەمەیشدا، ئاڕاستەکە مامەڵەکردنە لەگەڵ هەموو وەبەرهێنەراندا بە هەمان ڕێگەدا، جا ئەگەر ماوەی وەبەرهێنانەکەی سێ ڕۆژ بێت یان سی ساڵ، بەڵام ئەم (ڕێگەیە) بەرانبەر بە سێ ڕۆژ وەک سی ساڵ زیاتر هەستیارە.

بەم شێوەیە دەستەکانی لەگەڵ سندووقەکانی مووچەدا چاودێریی مامەڵە دەکەن وەک ئەو وەبەرهێنەرانەی، وەبەرهێنانی ماوەکورت دەکەن، هەروەها شارەزا نین لە پاراستنی ئەو پشکانەدا کە مەترسییەکی گەورەیان نییە.

وەک نموونەیەک بۆ ئەم بابەتە، تەنها ئەوە بەسە کە چاوێک بخشێنین بە یاساکانی سەرپەرشتیاریدا، وەک ئەو یاسایەی کە لە هۆڵەندا لەساڵی 2005دا بە سانایی گفتوگۆی لە سەر کرا، وەبەرهێنەران ڕوویان کردە ئەم یاسایە، چونکە ئەوەی دەسەپاند کە بەهای بۆرسەی هەبووی سندووقەکان زیاتر دەبێت لە بەهای داشکاندنی دواکراو لە سندووقەکان (یان ئەو مووچانەی کە پێویستە بیدەن)، بەم شێوەیە هەتا لە بارودۆخی نزمکردنەوەی نرخەکانی بۆرسەدا بە شێوەیەکی گەورە، ئەمە پاڵ بە سندووقەکانی مووچەوە دەنێت بۆ پارێزگاریکردن لەو قەوالانەی کە مێژووی شیاوی درێژیان هەیە و هیچ مەترسییەکیشیان نییە.

وەهای دەبینین، پێشکەوتنی یاساکانی ڕێکخستن گونجاو نییە و بە کەمترین هەڵسەنگاندن دەبێتە دەرئەنجامێکی پێچەوانە، لەبەر ئەوەی نابێتە هاندەر بۆ پارێزگاریکردن لە هەبوە ماوە درێژەکان، یان لە ئەستۆگرتنی بڕێک لەو مەترسییانە لە لایەن وەبەرهێنەرەکانەوە [ئەو وەبەرهێنانەی کە وەبەرهێنان دەکەن لە داهاتووی دووردا]، ئەمە لەکارخستنی پارەدارکردنی ماوە درێژی کۆمپانیاکانە، لە هەمان کاتیشدا کەمکردنەوەی دەستکەوتەکانی پاشەکەوت و کەمکردنەوەی دەرامەتەکانی سندووقەکانی مووچە و کەمکردنەوەی دواتریشی لە داهاتی خاوەن مووچەکانە.

ئەمە یەکەم جار نەبوو کە یاسا نوێیەکان گۆڕانکارییان لە پێکهاتەی پارێزگاریی دارایی کرد لە بەرژەوەندیی ئەو هەبوانەی کە کەمترین مەترسییان هەیە و هەروەها کورترین ماوەیشیان هەیە. ئەم جووڵەیە لە کۆتاییی ساڵانی نەوەد لە ویلایەتە یەکگرتوەکان دەرکەوت، لە ماوەی چەند ساڵێکدا بوو بە هۆی

گۆڕانکارییەکی گەورە لە پێکهاتەی پارێزگای داراییدا. ئەمڕۆ ڕێژەی پشک لە جانتای کۆمپانیاکانی دڵنیایی و سندووقەکانی مووچە لە ڕێژەی 60% بۆ 40% کەم کردوە. ئەمە بە تەواوی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە هەژماری قەواڵەی قەرزی کەرتی تایبەتدا و دواتر لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەورووپا و دواتریش بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد فراوان بوو.

ئەم هەوڵانە لە لایەن ئامێرەکانی چاودێرییەوە گرینگ بوون بۆ ڕێگریکردن لە پارێزگاریکردنی ئەو هەبوانەی سندووقەکانی مووچە و لە ئەستۆگرتنی لێپرسینەوە لەوەی کە کێ مەترسییە داراییە ماوە درێژەکان لە ئەستۆ دەگرێت. ئەو یاسایەی کە هەموو وەبەرهێنەرەکان مامەڵەی پێوە دەکەن، ئەوانە بە تەنها ئەو کارانە دەکەن کە ماوەیان کورتە و ئەوەیشیان بە سەردا دەسەپێنرێت، کە دەستبەرداری توێژینەوە و شیکاری پڕۆژەی وەبەرهێنانی ماوەدرێژ بن. دەرئەنجام پێچەوانەی ئامانجەکە دەبێت، بۆ دوورکەوتنەوە لەو مەترسییە گریمانەکراوانەی کە

بەرجەستەن -پەیوەستن بە خاوەندارییی پشکە ماوەدرێژەکانەوە- پاڵنەرە بۆ پارێزگاریکردن بەو هەبوانەی کە مەترسییەکی گەورەیان هەیە.

لە کاتێکدا پێویستە لە سەر وەبەرهێنەرە دوورمەوداکان کۆمپانیاکان دوور بخەنەوە لە بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی بەرزی دەرامەتە تایبەتییەکانیان لە ماوەی کورتدا، ئەمەیش بە مانای ئەوەیە -هەر وەک بینیمان- شاردنەوەی ئەو مەترسییانەی (کارەسات) کە دواتر ڕوو دەدەن، بەڵام ئەگەر ئەو وەبەرهێنەرانە بە خەبەر بێنەوە لە وەبەرنەهێنانی هەبوە درێژ مەوداکاندا (پشکەکان) و هاندەری هەڵبژاردنی ئەو هەبوانە بن کە کورتترین مەودایان هەیە (ئەوە لە کۆتاییی کارەکەدا مەترسیی شاراوە لە ئەستۆ دەگرن)، ئەمەیش بە سادەیی واتە دوورکەوتنەوە لە زەرووریەتی چاودێریکردنی مەترسییەکانی کۆمپانیا لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کە مانای ئەم زیانانە دەگەیەنن.

لە وڵاتە ئەورووپییە کیشوەرییەکاندا (هۆڵەندا و سوید و فینلەندا...) سندووقەکانی

مووچە گەشەیان کردوە، ئەم سندووقانە بە شێوەیەکی گشتیی سیستەمی (مووچە دیارکراوەکان) پەیڕەو دەکەن، یاخود بەڵێن دەدەن بە پێدانی ئەو پارەیە لە کاتێکدا لەو تەمەنەدا کە لە سەری ڕێکەوتوون بۆ مووچە بە شێوەیەکی پێشەکی. لەم بارەدا، سندووقەکانی وەبەرهێنان هەموو مەترسییە داراییەکان لە ئەستۆ دەگرن، ئەمە ئاڕاستەی دەستەکانی چاودێرییە بۆ بەئاگاهاتنەوەی سندووقەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە پارێزگاریکردن بە هەر هەبوویەکەوە کە مەترسی هەڵدەگرێت. بە تایبەتی دوای ئەو گرفتە گەورانەی کە سندووقەکانی مووچەی چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکی دیاریکراو دەیناڵاند بە دەستییەوە: ئەمە دوای تەقینەوەی باڵۆنەکان بوو.

دوای نزمبوونەوەی نرخەکان کە دەرئەنجامی تەقینەوەی باڵۆنەکانی ئەنتەرنێت بوو (نرخی پشکەکان نزم بوونەوە لە کاتێکدا کە باڵۆنەکان لە ترۆپکدا بوون لە مانگی مارسی ساڵی2000 و مانگی فێبرایەری ساڵی 2003 دا

نرخی پشکەکان بە ڕێژەی 40% نزم بوونەوە) بەهای سەرمایەی ئەم سندووقانە بە ڕێژەیەکی گەورە دابەزی، بە تایبەتی لە هەندێک لەو کەرتانەدا کە ڕووبەڕووی کێشە بووبوونەوە، وەک پیشەسازیی ئۆتۆمبێل و گواستنەوەی ئاسمانی، بە پلەیەک کە یەکێک لە دادگاکانی شیکاگۆ لە ڕێکەوتی 10ی مانگی مایۆیی ساڵی 2005 بڕیارێکی دەرکرد، ئەویش ڕێگەدان بوو بە کۆمپانیای یونایتد ئێرلاین کە پێدانی مووچەی کارمەندەکانی پێشووتری ڕابوەستێنێت، کە ژمارەیان 120 هەزار کەس بوو. ئەمە گەورەترین حاڵەتی وەستانی سندووقی مووچە بوو لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا. لە کاتێکدا هاوشێوەی ئەم وەستانانە لە سندووقەکانی مووچەدا لە ویلایەتە یەکگرتوەکان ڕوو دەدەن و ئامێری گەرەنتیی مووچە هەڵدەستێت بە لە ئەستۆگرتنی مووچە -ئەو ئامێرەیە کە پاشکەوتەی کەرتی گشتییە و لە ساڵی1974دا دەمەزرا- بۆ چارەسەرکردنی جێگاگرتنەوەی کۆمپانیاکان

له کاتی مایەپووچبووندا. بەم شێوەیە لەساڵی 2004دا ئەم ئامێرە جێگای 192 سندووقی مووچەی گرتەوە، مووچەی شایستەی زیاتر لە یەک ملیۆن کەسی گرتە ئەستۆ و دابەشی کرد، لە نێوانیاندا فەرمانبەرانی پێشووی کۆمپانیای فڕۆکەوانی PANAMA و TWA و یۆنایتد ئێرلاینر و ئێسترن ئێر لاینز و کۆمپانیای بیسلهم بۆ تەنی ڕەق. ئەمەیش مانای وایە، ئەم وەستانانەی مووچە تێچوونەکانی سەرشانی حکوومەتی فیدڕاڵی زیاد دەکەن، بەڵام ئەو کۆمپانیانە کە نەگەییشتبوونە بارودۆخی یۆنایتد ئێر لاینز، پێویست بوو لە سەریان ئەم کەموکورتییانەیان پڕ بکەنەوە بەو سەرمایە داراییانەی سندووقەکانی مووچە کە تایبەتن بە کرێکارەکانیان، دوای چەند ساڵێک لە دواکەوتنی زیادکردنی وەبەرهێنانی نوێ[44]. فەراهەمکردنی ئەم ڕێژانە کاریگەرییان لە سەر دەرئەنجامە ئابوورییەکانی ئەو کۆمپانیایانە

44 - کورتهێنانی پارەدارکردنی سندووقەکانی مووچە لە ویلایەتەیەکگرتوەکان بە بڕی 450 ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.

هەبوو، دواتر تواناکانیانی لە پارەدارکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێناندا کەم کردەوە.

